# ئەفسانەی رەنگستان
# یان
# رەنگستانی ئەفسانە؟

**رۆمان**

عەبدوڵڵا سەڕاج

فنلاند 2008

**وەزارەتی ڕۆشنبیری  ولاوان**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە**

**بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر**

ناوی کتێب: ئەفسانەی رەنگستان یان رەنگستانی ئەفسانە؟

نووسەر: عەبدوڵڵا سەڕاج

نەخشەسازی بەرگ: بەرزین قاسم

پیتچنین و نەخشەسازی ناوەرۆك: سامی عەلی بندیان

چاپ: چاپخانەی رۆشنبیری

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ ژمارەی سپاردنی (2328) ساڵی (2009)ی پێدراوە.

*** مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و خاوەنی کتێبەکە**

*** ئەم کتێبەو کتێبەکانی وەزارەتی رۆشنبیری لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە**

**www. Kurdchap. com**

سوبح پێناکەنێ تا بێ نەوایێ شەو بەدڵ نەگری
گوڵێ ناپشکوێ تا بولبولی سوبحێ بەکوڵ نەگری
بەری نابێ درەختی باغی عالەم تا هەموو وەك یەك
بەیەك سۆز و بەیەك شۆر بەیەك دەم چڵ بەچڵ نەگری

**حەمدی**

**پێشکەشە بە:**

ڕەوانی شەهیدانی "28" ی شوباتی شارە دێرینەکەم

بە: دایکە ڕەشپۆشان و منداڵە پەرکەم بووەکان

بە: باوکە کۆست کەوتووە پەژموردەکان

بە: ئاڵا خوێناوییەکەی ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی کەرکووک

_ 0 _

(خۆرەتاو، تیشکە — زوڵفەکانی پەخشکرد. شەبەق، چاوی پشکووت، تەمەکە تاراو، مەودای دیتن گوشاد بوو).

دەمتوانی بە رستەیەکی ئاوها دەستپێکی ئەم دەقەت بۆ دارِێژم، یانی بەحەزرەتی (نالی) دەستپێبکەم:

هـــەناسەم زولفـــەکەی لاداو، مەیلێکـــی نـەکرد چـــاوی
نەسیم ئەنگووت و، شەو رابردو، نەرگس هەر لەخـەودایە

دەبـا لـەبریی ئـەو جووتـە بەراییـەدا، لەپرسـیارێکی عومـەری کـورِی عەبدولعەزیزەوە هەنگاو بۆ کاکڵەی ئەم دەقەمان بنێین، کە پرسیی (کـێ بەختەوەرترین کەسە؟).

حەشـیەمەتی دەربـاری خەلیفـە، بـە مەراییـیـەوە گوتیـان(جـەنابت). وەڵامی دانەوە (نا). گوتیان (کەوابوو، زانایانی ئاین)هەمدیس گوتی (نـا). گوتیانـەوە (شـاعیران و هونـەرکاران) وەڵامـی تونـدی دانـەوە(نـا). بۆیـە سەرسـام، دەمـی پرسـیاریان لەخەلیفـەی دادوەرکـرد (شـکۆدار. کەواتـە بێبەشمان مەکە لەدانایی خۆت ئەو دەمە پێیگوتن: (بەختەوەرترین کەس ئەوانەن، کە نەکاربەدەستان دەناسن و، نەئەوانیش دەیانناسن).

ئەو سێ جۆرە دەستپێکەم نەکردۆتـە شمشـێری (دیمـوکلیس)، بـۆت هەیە خوێنـەری هێـژام.. هەڵبـژێریت، چـونکە ئـەز بـاس لـەو پەڵـە خۆڵـە

مێشـیيەی نێـوان رەش و سـپی ناکـەم، بـەڵکو رۆوگـەم لەپانتایيـەکی رەنگینە، کە مرۆڤ کەرتنەکاتە سـەر ئایـدیاو رەگـەزو رەنـگ و ئـاین. ئـەو زیندەوەرێکی پیرۆزەو هیچی تر.

پـترم لـێ مەپرسـەو، زۆریـش بـەدوای گوزەرانمـدا مەچـۆ. دەمـەوێ بزانیت، پێشتر خوێندکاری بەشی فەلسەفە بووم. بەهۆکاری سیاسی تـرۆ کرام. پاشان بێ رابەرو مامۆستا رێچکەی وێژەو هونەرم گرت، بۆیە ئەگەر کەسێکم دەستنەکەوێ دەگەڵ خۆمدا ئالوودەی لێکدانەوەی هـزری دەبم، لەوانـەش، چـوار رەگـەزە مێژینـەکانی: ئـاو – بـا– گـڵ – ئـاگر، بۆچـی مەردمگـەلی پێشـین ئـاگر (روونـاکی)یـان پەرسـتووە ! ؟ جـودا لـە سـێ رەگەزەکەی دی ! ! گەرهاتوو لە تـۆی خوێنـەری دەلالم پرسـی: ئەوچـوار رەگەزەم بۆ راڤە بکە ؟ بەرسـڤم دەدەیـت: ئـاو پێکهاتـەی دوو گەردیلـەی هیدرۆجین و یەك گەردیلەی ئۆکسجینە. با، لـە چـەند گازێك پێکهـاتووە، هـــەروەها گڵــیش، بـــەگوێرەی کـــات و شـــوێنەکان، تێکەڵـــەی چـــەند ماددەیەکە. باوەجوو، مرۆی ئەو سەروبەندانە بەم زانیارییانـەی جـەنابتی نـــەزانیوە. ئـــەوە. بـــۆ... وەســـتای ! ؟ئـــەدی ئـــاگر چـــییە ؟ لـــە چـــی پێکهاتووە ؟ ! سەرت رادەوەشێنی ! ! چاکە گەیشـتمە ئاکامێك گـەر ئـەو سـێ رەگـەزەی زۆر بـەکورتی لێکتدانـەوە (پێکهاتـە)بـن، ئـەوا رەگـەزی چوارەم بە (فەنا)بردنی بـاو گـڵ و ئاوەکـە دەژمێـرم. دەبپرسـە: چـۆن ؟ ئـــا.. بەواتایـــەکی رۆشـــنتر. نەهێشـــتن و مەرگیانـــە لـــەهامێزی خۆیـــدا دەیانسووتێنێ، یان هەڵدەچن و هەڵدەوەشێنەوە. بێینەوە لای مرۆی ئەو گەدوونانـــە (زەمـــان): خـــاکی دەکـــێڵا، ئـــاوی دەدا، ئـــەویش خـــۆراکی

پێدەبەخشی. بە (با)ش لە (ئاو)دا کەڵەك و بەلەمی دەئاژووت، کۆچی دەکرد و، بەرهەمی دەگوازتەوە بۆ کەناری رووبارو زێ و زەریاکان، کەچی ئاگرتاین، زۆرجاران توندو تیژیی لە نوای ئەو مرۆگەلە هەرە دێرینانە دەنواند. لێرەوارو بەرهەم و ئاژەڵانی دەکردنە زوخاڵ! کەوابوو، لایەنە نەرێکەی ئاگر بالاًتربووە لەلایەنە ئەرێکەی برژاندن و کوڵاندنی خۆراك. چەخماخەی هەورەتریشقە و پاکۆدانی جەنگەڵان ترسێکی کوشندەی ناخەکیی لەکن جێگیر کردووە. مرۆڤیش، خوێنەری هێژام، بە سروشتی خۆی کڕنووشی بۆ دیاردەیەك بردووە، کە لێی ترساوە. ئافەرین لە زرنگیت، منیش دەق ئەوەم نیاز بوو، کە ترسەکە پاشان بۆتە باوەڕو ئاین. دەق وایە. ترس لە ماری کۆبرا، مارپەستیی هێناو، ترس لەبروسکەو چەخماخەی هەوران، ئاگرپەرستی — خۆرپەرستیی خستەوە... تاد.

ئەوجا بۆخۆ پاراستن لەزیانەکانیان (تووڕە بوونیان) هەمیشە بردوویانە بۆ نشینگەی خۆیان چوون مرۆی ئەشکەوتان نیگاری دڕندەو ئاژەڵیان کێشابوو بۆ ئەوەی رامیان بکەن، ترسیان لێیان بشکێ و، بەسانایی لەڕاوکردنیان نەڕەوێنەوە، ئاوهاشی دەگەڵ ئاگرەکەدا کردووە. کردوویانەتە مەشخەڵ. گشت ئاینەکانی (ئاسمان)یش لە بنەڕەتی ئەو ترسەی مرۆڤەوە. لە ئەشکەنجەی ئاگری دۆزەخەوە، باوەڕەکانیان بۆ هەموار کردووە. پاداشتی پێچەوانەی سزای ئاگرەکە، بەهەشتی عەدەنی هەمیشە دڵارای بەهارو فێنکی بووە، کە لەوێندەرێ تەنیا سێ رەگەزی (گڵ + با + ئاو)هەن! ئاگرەکە بردراوەتە دۆزەخ. لەمەوە دەردەکەوێ،

ئەو چوار رەگەزە، هاوسان و هاوتای یەکدی نەبوونە، بـەڵکو دوو بـەرەی دژەکاری: پێکهێنەرو، شێوێنەر بوونە، ئەریێ و نەریێ بووگن، گڵ و باو ئاو بـەرەی یەکـەم. ئـاگریش (گوایـە ئیبلـیس زینـدەوەرێکی ئاگرینـە بۆیـە گەردنی بۆ ئادەمی گڵێن و ئاوین و بایین شۆڕ نەکرد) تەنیا خۆی و بـەس بـەرەی دووەمـەو، بـەزاڵتر لـەوان، لـە کۆهۆشـی پێشـینانمان پێگەیـەکی پـیرۆزی بـۆ شـکۆمەندیی خـۆی دابینکـردووە. دەمخـۆش. دیـارە ئـاگری نەورۆزی گەلانی خاوەرنشین پاشماوەی سرووتی ئەو ئاینە دێرینەیـە، کـە سەبارەت بە رەوتاری گەردوون مەبەستە بنچینەییەکەی کـاڵ بۆتـەوەو، بە هێماو سیمبولی نەتەوایەتی ماوەتەوە. راستە. وایـە. زۆرینـەی ئـاگری شەڕو پێکدادانەکانی مێژوو بەناوی ئاینەوە هەڵایسێندراون. راسـتییەکەی ئەو فەلسەفەیەی لەو سێ ساڵەی زانکۆم فێری بووم، نسکۆی لـەلام هێنـا بۆ تێگەیشتنی گێتی (کـەون) و نهێنییـەکانی نـاخ و رەوانـی (رۆح) مـرۆڤ. درۆشمم(مرۆڤ بەختەوەر بکەم) ئەگەر بە (وشە)ش بووبێت، یان بە خەون و زیندەخەون و فانتازیـا، کـە دەربـڕی ئارەزووەکانمـانن. ئـەویش راسـتە وەك دەفەرمووی (بۆ وەدیهێنانی ئەوەی نیمانە). هەنووکە، نـاوی خۆمـت پێدەڵێم.

باوکم ئایا بەچیای سەرکەشی (قەندیل)ەوە ناوی لێناوم، یان حەزی لە چای (قەند)ی دیشلەمە بووە. هەرکامێکیان بووبێت، ئاماژەن بۆ بڵندی و شیرینی. بەهـەر سـەبارەت، لـەکۆتای تەمەنمدا سـەردەنێمەوە بۆئـەوەی دەقەکە کۆسپی نەیەتە پێش، کە خوێندنەوەی جوداواز دەخاتەوە، بەڵام راڤەکردنی دەق، رەخنە نییە هەرگیز.

# ـ 1 ـ

مرۆڤ، لەلای من کەسێکە شت دەگێڕێتەوە، چ لەبارەی خوێندنەوەی ژیانی خۆی و کەسانی دی، چ لەخوێندنـەوەی خولگـەو سروشـت. ئەمـە، تایەکێیـــەتی، بیســـەرو خوێنـــەریش تایەکـــەی دیکەیـــەتی کـــە بـــۆی دەگێڕێتەوە، جا لەنێوان ئەو دوو تایە لێکدانەبڕاوەدا، پانتایی مەعریفەت و کێڵگـەی چـێژوەرگرتن شـین دەبێـت. تێوەرانـدن نـایخوات گـەر بـە کردارەکی نەماننواند لەم گێتییە چوار مەودایەماندا.

ئەمێستا. سروشت تـەنراوە، مـافووری نەوبـەهاری خـۆی راخسـتووە، چوون هەر شەبەقییەك رایەڵ زێڕی بکاتەوە. درەختان، باڵندان، تەنانـەت ماسییانی بوارە تەنکاوی زێ. رووبارانیش خەندەپڕێن دەکات.

فـەرموو.. دەی وەرە تـۆی خوێنـەریش لـەو ئەتمۆسـفیرە دڵڕفێنـەدا لەتەکمـدا. کـەڤاڵ بکێشـە، بـەڵکو تـۆش لـە رێنوێنییـەکانم بەهرەمەنـدو بەرهەمهێن بیت.

ئـەوا بڕگەیـەکی رووپـەلی ئاسمـانم لێـوە دیـارە. دەرفەتـە دەبـا بەشێنەیی فێری نیگارکێشانی مەل و ماسیت بکەم. ئا.. ماسی و.. مەل.. بـۆ؟ چـونکە لەگشـت زینـدەوەرێك پاکـژترن. ئـەوە قوتـووی رەنگـە ئاوییەکانە. بڕوانە ئاراستەی پەنجەم. باشە بیست و چوار رەنگـی پلـەی سارد و گەرمن. ئا. ئەوانەیشە چەندین پەڕەمووچن. دەی لـە هەڵبـژاردنی

پەیـژەی زەبەنـدی ڕەنگـان مەترسـە. بوێربـە. خـۆ هـیچ زەرەرناکـەی ! کاغەزیش زۆرو، ئەمیش دووسێ پاکەتی ڕەنگی دیکە. ها، ها، ها. قوربان ئاویش لەوانە زۆرو زەبەندتر. بەڵێ وایە، ئـەو تیوبـەش (Tube) سـپییە. وەك ئێژی هەروایە سپی دەچێتە کرۆکی گشت ڕەنگێکەوەو، پـتر کـارایی هەیە. ئەز بەمامانی ڕەنگەکانی دەزانم. لە نوواوە، هـەدادانت هـەبێ. ورد سەرنجی دەستم بـدە چـۆن پەڕەمووچـەکە لـە ڕەنـگ هەڵدەکێشـم پـاش ئەوەی لەم چاڵۆکەیەدا دوو ڕەنگ و پتر ئامێتە دەکەم. ئا، لەبارترە، کـە پێشتر ڕووی کاغەزە هێشکەکەت تەرکرد بێت. هەموو جـارێکیش تیسـکی پەڕەمووچـەکەت بشـۆ. نیگـای دەسـتم بکـە... ئـە ئاوهـا لـەناو ئـاوە خاوێنەکـەدا بیسـووڕێنەوە. پاشـان.. دەتەماشـا بکـە چـۆنەکی بەلـەز رایدەوەشـێنم. بـۆ؟ ئـا... بۆئـەوەی تیسـکەکانی بەتیژییەکەیـەوە دەق بگرن. وەکی دی، لەلاخسـتنی پەڕمووچـەکەدا بـۆ گـۆڕینی یـەکێکی تـری تیسـك پـان، یـان بـاریکتر، ئـەوا لەسـەر قەڵەمدارەکـەی قیـت و قـنج رایبوەستێنە. تێبینی بکە، نەك لەسەر تیسکەکانی، نەبادا دوایی بناشـتم لێ بگری لەمەڕ بێکـەڵك بوونیـان. ئـەوە بـە ئۆبـاڵی خۆتەوەیـە. ئـەوا لـە ڕەنگ و کاغـەزو پـەڕەمووچ بووینـەوە. نهۆ، نـاوەڕۆکێکم لـە ئاوەزدایـە. پێشەکی بە قەڵەمی ڕەشی یەك ملیمەتری زۆر کاڵ دەیکێشـم بـۆ ئـەوەی پاشـەکی هێڵـەکان بسـڕمەوە. گـەرڕەنگیان بەسـەردا هـات، ئەوسـاکە لابردنیان دژوارەو، هەم شوێنەوارو سێبەری نەویستراو جێدەهێڵن.

ئـەو بابەتـەی، کـە بیرمـی تـەنیوە، پێکهاتـەی جـووتێ زینـدەوەری پاکیزەیە: ماسی و. مەل، وەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد. ئەز تەنیا بایەخ و

گرنگـی بـه چـاوەکانیان دەدەم. شـێوەو قـەبارەی بایـەلۆژییان بەهەنـد وەرناگرم. ئا... ئا... هەرگیز پەڕو باڵـەکانیانم مەبەسـت نییـە. خـۆ تـۆی خوێنەری هێژام ئاگاداریت لەوەی، شێوەکاران، ئەو داماڵین و رووتانـدن و کەمکردنەوەی هێڵانە بە ئەبستراکت (ABSTRACT) ناودەبەن. گـەلۆ، دەشێ هێڵێکی لەرزۆك نمایشی ڕووبارێك، گەردەلوول و مارێك بکات. پـەڵە ڕەنگێکـی قـاوەیی زەردباو، یـان زەردێکـی مەیلـەو قـاوەیی ئامـاژە بـۆ پانتایی وشکانیی کەناری ئەو رووبارە، یان کەپکەی چیایەکی گەردنکەش بێنێتە بەرچاوت. نا. نەخێر، هۆردوو رەنگەکە. یەك نین. یەکەمیان بەلای ڕەنگی قاوەی برژاوو، ئەویتر بـەلای ڕەنگـی چـواله بادامـدا دەشـکێتەوە، ئەڵبەتە جیاوازییەکە لە تۆندا"TONE" نییە، بگرە لە ماکی خـودی دوو رەنگەکـە دایـە. روون بـووەوە؟ باشـم تێبگـە خوێنــەری وشـیار، خـۆ جــوداوازیی چــێژی فەریکــە بــاوی و قــاوەت درك پێکــردووە. چــاکە، دەهەنووکە لەبریی چێژگەی زمان و نـاودەم، بـاوێکڕا چـێژی بینینگـەمان لەسەر خاڵێکی پەمەییدا ڕابگرین. تکایە پیچێك درێژ بین ببەو، دیدگەمان داڕێژینــە ســەرخڕۆکەیەکی باینجـانی، کــە دەشــێ هێمـای چـرۆی تــازە پشکووتی بەهار بێت، یان گۆی قـوت و حـەزناکی مـەمکێکی هەڵامسـاوی سـفت و سـۆڵی بــە لەنجــەو خــەرامان ببەخشـێتە چـاوی تاسمەنـدی ئەڤینــدارێك. لێــرەدا، ئازیزەکــەم دان و... ســتاندنە چـرکە سـاتییەکە لەنێوان: رەوانی سرووشـاوی بینەرەکـەو... پـەرجۆی هـەڵخراوە والاکـەی ئەو بیندراوەدایە. هۆشت لەلام بێت.

کەڤاڵەکـەم کردۆتـە چـوار بەشـەوە، لـە هەربەشـێکدا، بـەجۆرێك و بەشـێوەیەك ئـاوێزانیی پێکـەوەی ئـەو زینـدەوەرە ئـاوی و وشـاکاییەم دەراندووە. ئا لەم سکێچەدا، لەپاش رەنج وتوێژینەوەیەکی زۆر گەیشتمە جـوانترین و گیـانیترین نزیکبوونـەوەیان. ئـامێزی سـەروژێرم پێکـردن: نزیکبوونـەوەی سـەرو لـەش، دەم و دەنـدووك، هەمـدیس لـە سکێچـە بەراییەکـە وردتـر بـەرەوە، دەبـینی مەلەکـە لـە زەردێکـی زێـڕین و، ماسـییەکەش لـە زەیتوونییـەکی ژەنگـاری هەڵدەکێشـم. جـەنابت، گوێیەکانت بۆ پەروەرندەی خۆت شل بکە. بەڵێ، پشتینەی هەریـەك لـەو چواربەشەی، کە... پشـووت هـەبێ و، داوی بێـژەوەریم مەقرتێنـە. وایـە، زاراوەی پشتینەم بەشیاوی"BACKGROUND"زانی.

بابگەڕێینـەوە لای چـوارینەی بابەتەکـەم. پشـتینەکانیان شـینێکی کوژەکـەیی و، دەزوولـەی مارپێچـی شـەپۆلەکانیش سـپییەکی فسـفۆری دەبن. هەریەك لەو چوارینانەش چێوەی لاکێشـەیی خـۆی دەبێـت، بـەڵام نەك بەنەوەت پلەی گۆشەتیژ، بەڵکو کەوانەیی دەبن. زۆرباشە. پشتینەی چواربەشەکە ئەرخەوانی دەکەم. نووکە وابزانم کەمۆکەیەك لـەگوفتاروبیرو بۆچوونەکەم بەڵەد بوویتە. ئا، دوو تشتی دیش مـاون، ئەڵبەتـە لـەکۆتای رەنگدانانەکانـدا ئـەنجامیان دەدەم و، بەچـاوانی خـۆت لەکەڤاڵەکـەدا دەیبیـنی. چـی؟! دەتهـەوێ! هەنووکـە!! بـە وشـە گوزارشـتی. لـێ بکـەم!!!! پەسـەندەو زۆریـش. ئـەز لـەلای خۆمـەوە ئەمـەم لـە تـۆی خوێنەری هێژا رەچـاو دەکـرد. قوڕنـەی پشـتینەی چوارلاکێشـەی مـەل و ماسییەکان رێك کەوانەیی دەبن، هەروەکو بازنگێکت چوارکوت کردبێـت و

هەر کوتێکت کردبێتە گۆشەی لاکێشەکان ئاوهایە، بەواتای: چوار بازنەت کردبێتە شازدە، چارەکە بازنە بۆ شازدە سیلەی چوار لاکێشەکان. وێجا. بەڕێزت هەست رابگرە کوو رستە پەلکێشی رەستە دەکات! چۆن وشەگەل لە بلوسکی زمان و تاڤگەی ناخمانەوە دەپژێت!!

ئەوجا، با بادەینەوە لای مەبەستی سەرەکیم و، هەم ویستی جەنابت، کە لەوپشتینە ئەرخەوانییە، دوو شتەکە چین بەکامی دڵ دەیانکێشم. بەلای منیشەوە پڕبایەخن.

یەکەمیان: بەشێوەیەکی ستوونی چوار گوریسی مۆرباوێکی تۆخ لەشێوەی قەڤ لوول و چەوێڵی کەزیی کیژە کرمانجێك دەکێشم.

دیسان پرسیارت هەیە ؟ باشە. دوای ئاماژەی دووەم، پرسیارگەلی پەنگاوەت، بێپەروا هەڵڕێژە..

دووەمیان: چوار سیمبەندی دڕکاوییە. جووتێکیان زەردی لیمۆیی، جووتەکەی تر کەسکی قەوزەیی، کە سەرانسەری کەڤاڵەکە دەبڕن، واتا:

چوار تابلۆی ماسی و مەلەکان و، چوارگوریسە مارئاساییەکان دەکەونە ئەودیوی سیمبەندە دڕکاوییەکانەوە. ئەوجا فەرموو پرسیار لە تۆی خوێنەرو، لە منیشەوە بەرسڤ بشنەوە. چاکە.. چاکە، پرسیارەکەت دوو لکییە، لەلایەکەوە بۆ چوارن؟. چوارتابلۆی دابەشبووی کەڤاڵەکەو، چوار گوریسە مۆرباوە مارپێچەکان و، چوار سیمبەندە دڕکاوییە قەوزەیی و لیمۆییەکان؟ وێڕای ئەوەش، پرسیارێکی سەرکێشت هەیە ئا بەسەرو ئەم دیدانەم. زۆر کەیفساز دەبم لەوەی پرسیارت لەلا بورووژێنم. دەسپێك وەرامی ئەو چوارانەم لێ ببیە. براله. چوارینەی مەل

و ماسییەکان هێماو سیمبولن، ئامازەی کەرتاندن و لێکدابڕینی زێدەکەمانن. چوار قەفە گوریسە ئەستوورەکانیش، کە بە کەزیی دوێتە لادێییەکم چواندن، ئەوا ئامازەن بۆ مەرزە سەپێندراوەکان. چوار سیمبەندە دڕکاوییەکانیش، بەربەستن لە پێش دەرنەبڕینی تا بۆ حەرامەکانی کۆمەڵگە لەسەروبەندی شەڕە درۆشم و ڕەنگە رامیارکراوەکاندا. دەمخۆش. ئەوەش پلاری خشکەیی و پەنامەکیمە. خۆ چاکم تێدەگەی و پێویستت بەشرۆڤەی پتر نییە، نەبادا خمەکە بشێوێ. نها. . . فەرموو پرسیارە هەرەگرنگەکەت بکە. تێتدەگەم، کە چیم نیازە لەهەڵبژاردنی ماسی و مەل بۆ ناواخنی کەڤاڵەکەم؟ ئەوجا گوێ بۆ ئافریدەدەری برای خۆت بتەکێنە. زۆر بەکورتی و بەپەیتی، باڵندە هێمای هەڵکشانە لە ڕەهەندانی سەرفرازدا، جا پەڕەسێلکە بوو، توتی و قوو بوو، یان هەرباڵندەو پەلەوەرێکی دی. هەروەها ماسی بەگشت جۆرەکانییەوە سیمبولی ڕۆچوونی قووڵایی زەریاو ئۆقیانووسەکانە، بۆیە چ لە ئاوداو، چ لە بادا کردوومن بەکەرەستەی سەرفرازی و کەوشەنبەزێن. بێگومان لەوە بەڵەدی، کە ئەو زیندەوەرانە دووڕەگەزی پاکژو پیرۆزی سروشتن. بەڵێ ڕاست فەرموو، کە مەلی ئاوی هەن و ماسیی ئەوتۆش هەنە فڕندەن.

ئەمێستا، بۆ ڕووانی هەر تۆم و رووەکێك، بۆ ڕەگداکوتانیان لە پزدانی زەمیندا، بۆ قووڵکردنی دوارۆژیمان لە کەڤاڵەکە وردبەرەوە. بڕوانە ریتمی پانتایی و قەوارەکان. بڕوانە ڕەزمی سێبەر و ڕەنگەکان، بڕوانە بزاوتی هێڵەکان. . . گشت بەڕیتمن و ڕەزمی خۆیان دەگێڕن.

دەی لەگەڵ مندا تۆش لەولاوە بەئارەزووی خۆت، بێدوودڵی هێڵکاری بکە. بێ دڕدۆنگی بڕەنگێنە. هەرچیت لەلا گرێ بوو، بۆتی شیدەکەمەوە. هەرەگرنگ لەکنم ئەوەیە دەستپێبکەی. بە خۆشویستی بەکردارەکی بنۆڕینە رووی کاغەزە بێلایەنەکە. بەپیرۆزیش دەگەڵ رەنگ و وەچەکانیاندا هەڵسوکەوت بکەین ئەوسای لە کارەکە بووینەوە، بڕی شتی دیکەت، لەئەزموون و تووشبووی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە.

- دەشێ بپرسم، ئایا نیگار وابەستەی جێیە. یان.؟

پرسیارەکەت فرەشیاو و بە جێ بوو. خۆ هەرچەندە لە هونەرە جێگەییەکان پۆلین کراوە، بەڵام، کە جووڵە و کردار تۆماردەکات هەنگاو بۆ پانتایی هونەرە زەمەنییەکان دەبات. کە بەمەودای چوارەمیش ناوبراوە، چونکە لەچەند گۆشەنیگاو جووڵەیەکەوە شتەکان دەبینێ، کەوا پەیوەندییان بەجووڵەی بیندراوەکانی دیکەوەش هەیە. ئەڵبەتە ئەمەش هەستی دەروون دەگرێتە خۆی وەك ئەوەی بەشداری لە کەڤاڵەکە بکات.

- سەرەڕای ئەوەی لە گێتییەکداینە، هەمیشە لە سووڕانەوەدایە و، جموجووڵی چاوی ئافریدەکاران راهاتوون!!

- زارخۆش، هەروەها دینامیکیی نیگار بەشێوەیەکی دیکە، لە حیورای رەنگە گەرم و رەنگە ساردەکانەوە دروست دەبێت، یان لەنێوان رەش و سپیدا. لەپەیکەریشدا لەنێوان تەن و بۆشاییی. لە نێوان رووناکی و سێبەرو... تاد. بۆ دوابەندی ئەم پارەمان گوتەیەکی راستگۆ دەکەمە پاشکۆی (گەر دەتەوێ لە سەردەمەکەت بگەیت، ئەو رۆمانانە بخوێنە، کە تیایدا نووسراون، چونکە خەڵکان لەودیوی رووپۆشەوە دەپەپڤن). وابزانم (ئارسەر هێلپز) ئەوەی فەرمووە.

## ـ 2 ـ

له شووشەبەندی پەنجەرەی ژوورەکەمەوە، تلۆفکی درەختە بەژن زراڤەکانم لێوە دیاربوون، هەرچەندەش گوایا بە ناو سەوز بوون، لێ رەوا نییە وا بە ساکاری و نەفامانە رەنگی سەوزی رەمەکی وا گورج بسەپێنمە سەر بالاپۆشی ئەو درەختانە! ئاخر سەوزەکانیان هەرگیز چوونیەك نەبوون. گەر وا بوایە، نەتۆو نەمن، لەلایەکەوە، دارەکانمان کوو لەیەکدی بۆ جودا دەکەرانەوە!؟ هەم ئەو رندی و قازاخی و سەرجەم جوانییەکەمان بەرنیگا ناکەوت. دەی دەبزانم دەزانی لەو دیمەنە ساکارەوە چیم بیر هاتەوە؟ یان دروستترە بووشم: چی هاتە ناو چێوەی یادەوەری و... بینابیمەوە؟ خۆ دەمێکە ئاگاداری و رامی هۆش و بیرکردنەوەمی، کەوا متۆی رەنگ و هێڵ و شێوازم، لە دریاچەی کەڤالاندا مەلەدەکەم. گەلۆ... ئاخر گەر بینەر لێوانلێو بە شکۆمەندی نواڕییە کەڤالێك، ئەوا دانەدانەی پێکهاتەکانی لە پەرژینی هەردوو چاوی لەش و چاوی رەوانی بەرجەستە دەکات، مەبەستم لەوەیە، پێکهاتەکان زیندوو دەبنەوە. توان و کاری خۆیان نمایش دەکەنەوە. ڕەوانی ئەو بینەرە هەستمەندە دەهەژێ، جاروباریش بڵێزە دەداو... هاکا، لێوانێك چێژ نۆش دەکات، مەست و خەندەران لە کەوێڵی جوانیی رەهادا. تۆ گوتەنی: دەبێتە کەناریی خۆشچڕ. دەمخۆش یارۆ، وایە. زۆربایانە بە جۆش و

خرۆش و خوستەوە، ڕەوانی باوەش لە جەستەی دەداو، دەکەونە سەما و جونبوش. زۆربا ! ! دەك ئافەرین. باشبوو ئەو کەسێتییە کاغەزینەی کازانتزاکیت هێنایەم کە لە ملیۆنان کەسی ڕاستەقینە زیندووترو بزوەترە. منیش خوێنەری ئاوهای وەکی تۆم گەرەکە، ئامالّ و وێکچووی وام بەرگوێ بدات. کە لە لێکچوواندنەکانی بەندەش تەزوو هێنتر بێت، تەنانەت بۆشت ڕەوایە، بەشداریم لەتەکدا بکەی. هاوزاکەم، من بەوە ئۆغژن و ئەهوەن دەبم. وێژنگ و وەنەوز دەدەم، کە هاوبەشم بیت. بەبێ یەکدی جووتێ کەلاوەین. لەچێوەی پەنجەرەکەدا، کەڤالّەکەی ڤانکوخ لە دیدمدا چاپ بوو، ئەوەی بۆ دار سەرووییەك كێشابووی. بیرتە خوێنەری هێژام جارێك پێمگوتی: ئەوبەهەرەدارە بلیمەتە لەکلینکی دەروونگەیەکدا بووە، ئالەوێوە لەتوێی بلووری پەنجەرەیەکەوە، ئەڤیندارانە نواڕیویەتە درەختانی دەرەوە. لەهۆشیدا، سێبەرو ڕەنگ و هێڵەهەڵچووەکانی بۆ کاتی چوونە دەرەوەی هەڵگرتبوو نەك تەنیا ئەو سۆفییە دێوانەیە، بگرە گۆگانی داماویش، لەلانەوازی و ژاوەژاوی پاریسەوە ڕەدووی نسارانی دورگەیەکی ئۆقیانووسی هێمن کەوت. کردییە ئارامگەی هەتاهەتای خۆی. لە سەوزگەی ئەو بەهەشتە كێوی و ڕەمەکییەدا، ڕەوانی ئۆقرەمەند بوو. ئەمیش لەتەك ڤانکوخ و چەندانی تر، پشکنەرو هەڵوەدای پەیژە گەرمەوەکانی ڕەنگی هەتاوی کەمەرەی زەمین بوو. ئەڤینداری ڕەنگی ڕەمەکی، لەلاسکە باریکەڵەی ناسکە قەرسیلێکەوە بۆ گەڵایەکی پڕ ڕەنگ و مانگۆیەکی گەییو، لە زەردەی خۆرنشینەوە بۆ دامێنی خوێنینی هەورەکان، لە پێستی برژاوی، لە چاوی گەشی

هاوژینگەییەکانییـــەوە، لـــە گڵـــی ژەنگـــاریی دورگەکـــەوە کـــەڤاڵی پێغەمبەرانـەی پێدەڕەنگانـدن، وەکـو هـۆردووك لـە رازو پـەنهانی دونیـا بگـەڕێن ئاوهـا بـوون. منـیش، لـەو دیمەنـە دڵنـەوازەی نـووای چـاومەوە، چاوەڕوانی نادیارێك بـووم، کـە لـە ئـاژاوەو بشـێویی ئـارەزووە نەوسـن و چڵێسەکانی دەوروبەرم، نامۆیی رەوانمـی پـێ بڕەوێنەمـەوە. لـە ماسـکی چەندڕووی ماستاوکەران. لە چاوچنۆکێی و منمنۆکێی کارمەنـدانی بێنـاوو ناوکان لە. لە. . . بۆیـە ئـەوەتانێ یەکنـەوایی ژیـانم کردۆتـە پرۆژەیـەکی وەشاندن، هێڵانـدن و رەنگانـدن. کـاوەخۆ، خشـت بەخشـت هەرسـێکیان بڵند دەکەمەوە. لەبنەڕەتـدا، رێـزێ بەردەروشـەی پـاراوی رەنگـاوڕەنگی گرانێتی توند توند جێگیر دەکەم. ئینجا دەپەڕژێمە دانانی هێڵی بەورشە. لەســەرووی ئــەویش ریــزێ رەنگــی شەوچــراخی. بــەڵێ بەوجۆرەیــە. هەڵبەستنی شانەشینەکەم، ئەو دیمەنـەی ناوچوارچـێوەی پەرنجەرەکـەم هێـدی هێـدی کـاڵ و کـاڵتر دەبـووەوە. بمبـوورە، تـارای خۆڵەمێشـینی ئێوارەکەی بەسەردا هات. چرکە لەدوای چرکە ئەوە تارا خۆڵەکەوەیییەی ئێوارەکە، ئەژدیهایەکی ئەفسـانەیی بـوو، سـەوزایی دەرختـان و شـینایی ئاسمانــە ســاماڵەکەی هەڵدەمــژی! ! رەوانــەی تــوونی نووتــەکی خــۆی دەکـردن. پاسـاریی هەڵنیشـتووی سـەر چـڵ و تەلـەکان وردەوردە بوونـە تەزبیحی دەسـتی رەشـی شـەوگارەکە. دەوەرە گشـت ئـەم پەیوەنـدی و ئاڵوگۆڕی رەنگ و هێڵی تاکە پەنجەرەیەك بمهاوێتە حاڵ و دۆخی رامان و بەخۆداچوونەوە! ! ئـەدی چـۆن رەهەنـدی کـراوەی زێـدم گـۆمی مەنـدی ناخم نەشڵەقێنێ! ! ! سوور دەزانم کردوویانەتـە بەهەشـتی عـەدەنی بـەر

بەتاکی، بێ نیگابان و دارۆغەی سەپان! ! وای لەم ماڵوێرانییە ! وای لەم پاشاگەردانییە ! ! کێ کردی و، کێ لرفاندی کاکی خوێنەری بەسەزمان ! دروێنەی ئەزیش لەڕووانگەی پەنجەرەکەوە، ئەم خۆخواردنەوەیە بوو.

هەردەبێ تۆو من ئازار و ئەشکەنجەکانمان بجوین! ! کاوێژی بەختیاریی کەسانی ئازادیخواز بکەینەو ؟! هەتاکەی، رۆمانە بگۆڕەکان بخوێنیەوەو... هیچمان نەگۆڕیبێت. ها؟! گوێ بتەکێنە. لەم دونیایەدا شتێك نییە قابیلی گۆڕڕین و، هەم بیرکردنەوە نەبێت. راستییەکانیان، لە چەمکە پیرۆزەکانیان پووچاندووە! رەدووی چێژی کاتین و، چش لەوانی تر!

ئەز، سوورم و تۆش دڵنیابە لەوەی پاش بولێل و کازیوەکان، بێچووەخۆرێکی نوێ لەهەمان ئەوپەنجەرەیەوە هەڵدێ کە نیگارێکی پەلەییم بۆ کێشای، هەڵدێ و گزنگ دەدات. خانەوادەی رەنگەکانی سروشت رەشبەڵەکی لەناودا دەگێڕن. ئەو نیگارەم بۆ کێشای بۆئەوە نەبوو رەشبین و دڵتەنگت بکەم واتێنەگەی. ویستم لەدیدی خۆتەوە پانورامەیەك بدینی و، پێداگریش بیت لەهەنگاونان بەرەو خەرمانەی تیشکی پڕاوی رووناکی. ئایا تۆیەکی لەدڵداجێگیرم زانیوتە، کە سەرجەمی. هەستمەندییەکانم، بەشەشەمیشەوە، لەپشکۆی وشەو.. لەپەڵەی رەنگ و.. لەهێڵە سرك و نەسرەوتەکانمدا کۆم کردوونەتەوە! تەنانەت بۆشایی نێوانیشیان هەمدیس کاریگەرن و، ئاراستەی خۆیان دەپێکن ! پوختم تێبگە. لە تۆی دڵسۆز بەولاوە، کەسی خەمخۆرم نییە، لەپاش مەرگم یادی رەنج و ئەمەکم بکاتەوە. تۆی خوێنەر من بوویتەو

ئـاواتم. منـیش تـۆ بوومـەو هیـوات. ئـەوەتانێ لەڕوخسـارتەوە نیشـانەی پرسیارێك دەخوێنمەوە، تۆو پرسیار! بـەڵێ، راسـت بـۆی چـووی. لەبـەر رەوتی خێـرای رۆژگـارە پـەنام بردۆتـە بـەر رەنگـی ئـاوی. ئـەدی نـابینی زۆربەی رۆماننووسانیش دکارن شیلەی ئاوەزیان بترنجێننە سەر کـەمترین رووپەل و، خوێنەرانیان جاڕس و بێزار نەکەن. نەخێر، تەنیا کـەڤاڵی ئـەو مـەل و ماسـییە بـەڕەنگی ئـەکریلك دەکـەم. ئـەم رەنگـە نوێبـاوە زوو بەهاناوە دێت. بەڵێ، دەق وایە. دەتوانی بووشیت:. پەلەیی رەنگی ئاویی هەیەو، تەمەنی خۆراگرتنی لەڕووی رۆژگاردا وەکی رەنگی رۆنییە.

کەسـەکەم، ئـەمنیش تـۆی خوێنـەر ئاسـایی تۆپەڵـە پرسـیار لەژوورەوەمـدا خولدەخواتـەوە... دەپەنگێتـەوە. جـنگڵ دەداو هاکـا. تەقییەوەو عاردوبانی قڵەشاند، دەزگاو تاراجی راتەکاندو...

دەزانی کەڤاڵی ئایندەم چییە؟ دیارە نـازانی و، لـەلاتم نەدرکانـدووە. دەسپێك، وشە بەوشە ژێرخانەکەیم بە پرسـیارێکەوە بەنـد کـردووە. کـێ دڵشادی و فـەرحناکیمانی دزی و، سـێبەرمانی سـڕییەوە؟ دیـارە نووکـە، تـەنیا وشەسـازییە، پاشـان ئاڵشـتی دەکەمـە زمـانی شـێوەکاری. ئـەدی چۆن! لەوکارە بەپێزەدا تۆشـم لەگـەڵ دەبیـت و، ئومێـدەوارم دەسـت و قامکەکانت ئاشنای پـەڕەمووچ بـووبن و، نهێنیـی ئـەم هونـەرە قازاخـەت قۆزتبێتەوە. ئەوسا. بەبێ رێنمایی مـن، بۆخـۆت ببیتـە خـودانی رێچـکەو رەنگ و دەنگی خۆت. هەتاکو ئێـرە و بەسـە. جـەنابت..! دەخـوازی لـە بارەی منەوە بپەیڤی؟ تۆی پەروەردەی ئەم پەنجانـەم دکـاری لـە بەنـدە بدوێی؟ ئۆخەی، ئەمە ئەوڕۆژەیە، چاوەنواڕو تاسمەندی بـووم. وەی بـەم

دیدانەم ئەوە گەزو ئەوەش جاو.. ها. ها. ها. ئەوە ئیدییەمی (IDIOM) کۆنــە ! ! دەی باشــە، فــەرموو: ئــەوە دەرفــەت و ئــەوەش رووپــەل و پێنووس، لەمنیشەوە گوێگرتن. تێکسـتی نـۆژەن ئاوهاالانـە دادەڕێـژدرێ. وایـە. بـەتۆو بـە مـن، بیکەینـە نـەریت و ڕێسـا، بـەنۆرە جلّـەوی پـەیڤین رابوەشێنین. ها، ها، ها، دیسانەوە راست بۆی چوویت، سەردەمی نێـزەو زەرگ و شیر بەسەرچوون. ئەوانە دیاردەی کالّفامیی هۆزگەری و نەبوونی هۆشگەری بوون، دەبوایە بێژم: پەیڤینمان بکەینە گرێچنی ئینتەرنێت.

## ـ 3 ـ

مامۆستا قەندیل:

هەستم، نەستم، ڕەوانم پێمدەڵێن، کە تۆی خوڵقێنـەری مـن بـەنیازی نووسینێکی، دەقەکانی پێشووت جێبهێڵـیٚ. بـەزاراوەی جـەنابت نـۆڤلێتی ئیسـتێتیکی (AESTHETIC) بئـافرێنی تـژیی جوانـنووسـی. ببـوورە وشەیەکی دیکە نابینمـەوە بـۆ ڕنـدو قەشـەنگکردنی دەربڕینەکـەت، بۆیـە کەمتر بزاوت و جووڵەو ڕووداوی تێدا دەبـیٚ. ڕاسـت دەفـەرمووی جـەنابی پەروەرندەم: ئەوە جووڵەیەکی ناوەکی و ڕابوونێکی ڕۆحی دەخاتە ئاراوە و، نـاخی مـەی خوێنـەرانی شـەیدای پێـدەورووژێنی. دەبـابزانیین کـوو دەکەوێتەوە، بێگومان ورە بەرنادەی، ئەی چۆن. دەستەواییت دەکەم و، لێکتەکینـەوەمان مەحاڵـە. مـەگین جـەنابت ئـەو ڕەوایـی و ڕۆڵـەت پێنەبەخشـیوم. دیـارە ئارەزوومەنـدیت، عەترپـژێنی ڕەنگمـان بکـەی! خوێنـەرانت بکەیتـە ڕەنگاڵـە!! خوازیاریـت بەپـەڕو بـاڵی وشـەکانت هەڵمانفڕێنیت بەرەو پەیڤستانە دلاڕاکەت! دەتهەویٚ بمانگەیەنێتە پایـەی مزگینی و پلەی جاویدانی و بگرە نێرڤانـا!! وای. وای خۆشـنوودیمان!! زۆر پەسـەندە ئـەوەی. خولیاتـە بەهـەردووکمان بیئـافرێنین. مـن، تـۆ دەنووسمەوە. ئەتۆش، مـن بنووسـەوە، ئـیتر چ حەوجـەی کەسـی دیـن!

بڕوامەکـە کەسـت لـێ قـەڵس ببێـت. ؟. نـەخێر ئەمـە قەتیسـبوون نییـە، چونکی لە نموونەی خۆمانەوە، ئەوانیش فەرامۆش ناکەین.

لەبەرایییــدا، دەڕوانمــە ســەربهوردی پۆلــەکانی ســەرەتاییت، کــە نەوجــەوانێکی زیتەڵــە و ســرك بــووی. هــۆگری پەیکــەرۆکان. مــۆدیلی ترومبیلی ئەو چاخەت لە (مەلا خەنە) دەتاشی. تۆو هاوالآنت لە ئاودڕێکی پشت کۆلآنەکەتانەوە دەرتاندەهێنا لەو ئەشکەفتەی نـاوی کونەکـەمتیار بـوو. ژێـر ئۆتۆمبیلـەکانت دەکـۆڵی. جێگـەی پەنجـەرەکانت دەسمـین و لاکێشـەیەکی ڕێکـت بـۆ ژێـرەوەی دادەمەزرانـد. بـەقوڕی مەلاخەنــەش درزەکانیت دەشاردنەوە. ئەوەی دیتبـای سـەری سووڕدەما چۆن ژوورو پەنجــەرەکانت وا بــە جــوانی هــەڵکۆڵیوە ! !. ئیــدی ئــەوکارە بــووە گیانلاوێنــت. لــە قــوولآیی ئەشــکەفتەکەدا، بــەکێردی گــەورە قــاڵبی مەلاخەنـەت دەردەهێنـا. وابـوو، ڕەنگـی کـاڵی خەنـەی وشـکی هـەبوو. هانــدانی مامۆســتاکانت بڕســتی دەدایــتێ بــۆ پەرەپێــدانی بــەهرە خۆڕسکییەکەت. وچانت نەداو، بەوەش نەگیرسـایتەوە. بـیرت لـەکۆزەری مەلا خەنەکە کردەوە. بەساپی پانکۆڵە، لەسەر زەویـنی ڕەقانـدا هاڕیـت. بـەڵێ، منـیش ڕێگـەی وتوبێـژت لێنـاگرم. وابـوو ئەوسـاپانەت لـە خـڕی (خاسە) وە هەڵدەچنین. بەردۆکـەی خاڵخـاکی هەمـەڕەنگی دیکەشـت بـۆ دروسـتکردنی هەڵماتـە بـەرد دەخسـتە گیرفانتـەوە. هێـدی هێـدی خـڕو لووست دەکردن. وابوو.

بــەڵێ، پاشــان هەڵماتــەکانت لــەگیا دەپێچـاو، لەچـاڵۆکەی قنجـی تاوێرێکـدا، بەدەمـە سـووالەی دەفـری گڵـین دەتسـووڕاندنەوە. منـدالآنی

گـەڕەك، هەریەکـەو چـاڵی تایبـەتی خـۆی هـەبوو. دەتسـووڕاندەوە. دەتسـووڕاندەوە هـەتاکو لووسـترو ڕەونەقـدارتر نـەخش و خاڵـە ڕەنگینـەکانیان درەوشـاوەتر دەبـوون. ئـا. لـەپاش هـاڕینی خاشـاکی مەلاخەنەکـە، بەمسـتێ ئـاو، یـان پـڕ گوپـەکانت دەتشـێلا. لـەو قـوڕە پەیکەرۆکـەی مـەل و بووکۆکـە و گوڵـدان و ماسـی و زۆرتشـتت دروسـت دەکرد. بەڵێ، گوێم لێتـە و مەچـرپێنە. ئـەدی چـۆن ! ئـەز سەرگوزشـتە شیرینەکانت یاد دەکەمەوە. جەنابیشت گوژاڵکی ڕۆژگاری درێوی ئەوڕۆت بۆ قووتناچێت. ڕاستت فەرموو، کـە ئـاو قـاتبوو، بـەژو وشـکانی بێـوەژن دەبن. دەبێتە بوور و بێروون، گـڕو ڕەشـەبا زگـوزای تێـدا دەکـەن. چـاك دەزانم وا لـە حەژبـەتان خەریکـە گڕبگـری و هەنـدە نـەماوە سـییەکانت دوکەڵ بدەرێنن! ئەز هاوبەشی ئێشە دەروونییەکانتم.

لەسەرەتادا، بەر لە چل ساڵ بەنیوەی شـارە دێـرینی (ئاراپخـا) قایـل نـەبووین، لۆیـە شـاربەدەرو ڕەهەنـدی کـەژان کـراین، کەچـی ئەمێسـتا لەبنەتاوە، بۆ سێیەك و کـەمتر سـەر دانـەوێنین! ! ئـیتر بـۆو لـەپای چـی سرەوت بگرین؟! ئا... ئەمەیە: خلۆربوونەوەی ناو خەرەندی سیاسـەت! ئەی چۆن! منی خوێنەریشت هەست بەو ئازارگەی دۆژە ناجۆرە دەکـەم. ئەوە بۆ سێسووچکەی شارەکەمان ڕێسایەکی ناڕەوایە. ئافریدەکارەکەم، بۆ هەڵبژاردن سەنگی مەحەك نەبێت!؟. رووپۆشی لەهەرکام ڕەنـگ بێـت هەرگیز کەڵبەی بۆ ناشاردرێتەوە. ئەرێ کەنگین لە وانـەکانی ڕابردوومـان کەڵکمەنـد دەبـین؟! بـەڕێزت، لـە کـەڤاڵی مـەل و ماسـییەوە دەسـپێکت دامەزراند. وامنیش، لە تەونە جاڵجاڵۆکەی پۆلەتیکاوە ئاماژە بۆ پاشـقول

و پیلان و نسکۆیان دەکەم. دەوەرە ماف و خاکی خۆت لەبێـژنگی مێمـڵ و نـەیارانت بـدەی! ! ئەمـە کـەی بـووە یەکسـانی و سۆسـیال ! ! ئەمـە لـۆژیکی (LOGIC) کورسـی و تەشـقەڵەبازییە، نەشـیاوە و نـەبووە ! ! برینەکانمان دەکولێنێتەوە. برینەکانمان.

جەنابی بنووسـی پـەروەرنـدەم، لـەخۆتم ژنـەفتووە: بـۆ ناوبـڕیی ئـەو حوشـترەوان و دامرکاندنـەوەی شـەڕی نەپسـاوەی خێڵانـی خـوارین، لـەو دەڤەرەیان داناون. لەزێی گچکەوەش جۆباریان بۆ راکێشاون.

باوکت ئەوانەی بەقەواڵە و بەڵگەوە لۆت گێڕابـووەوە. نـەوەی ئاشـور پانیباڵیش، دەگەڵ. یەکـەم بـیری چـاڵە نەوتییـەکانی( بـاوە گـوڕ گـوڕ)دا ئاغـای چاوشـینی زەری پێسـت لەگـەڵ خۆیـدا پەلکێشـی کـردن. تـەنیا کلدانییـەکان نـەوەی رەسـەنی قـەڵاتی دانیـال پێغەمبـەرن، پێکـەوە ژیوەریمـان کـردووە. چـاکە، لێـرەدا دۆزەکـە دادەخـەم. وابـوو، لـەپاش پەیکەرتاشـینە منداڵانییەکـەت، وابەسـتەو ئـەڵهای رەسمکـردن بوویـت. لەڕاستیدا، بەوشەکانت نیگاری چیرۆکینت دەکێشا.. بەڕەنگ و هێڵەکانت هەڵوێسـت و ڕووداوگـەلت دەدەرانـد، ئەڵبەتـە هـەردووکیان جمـك و تەواوکەری یەکدی بوون لەلات.

لەو وشە داڕژتنەدا پشووت دەدا بۆ هێڵاندن و رەنگانـدن. لـە ئـامێزی ئەو ئەزموونەوە، خۆت بۆ رستەی بگۆڕ و ناخگۆییەکان تەیار دەکرد. بە پەڕەمووچ دەتنووسی و، بەخامە دەتنیگاراند. لە خودی خۆت رادەمایت. لەدەوروبەرو گێتی، لە فەلسەفەو ئاین، لە سوورگەی کـەون و بوونایـەتی، لـەخواو پـەری و فریشـتەکانی، لـە شـەیتانیش رادەمـای. مـەراقت بـوو

بەڕەنگ بدوێیت، یانی بەوشـە لـە فەنتازیایەکدا بەرجەسـتەو بـەرگیانیان بکەیت. بە گوتەی (میلان کۆندیرا)ی چیکی، پەیڤینەکـەم تـەواو دەکـەم، گوتوویەتی: (هەرتێکستێك، هەر رۆمان و شیعرێك لەراستیدا ئـەزموونێکی هزرییە).

من و تـۆش، دەگـەڵ ئـەو گوتەیەیـدا تـەباین، نهـۆ، دەوەسـتم و لـەو پارەی دێت، بەرۆکت بەرنادەم. بەیەکسانی و بەهاوشانی بەشـداریی تێـدا دەکەین. تۆ، لە وشەکانمەوە روخساری نوێت هەڵێنا.

## ـ 4 ـ

وایە، پەسند وابوو بووشم: تۆی خوێنەرو ئەزی نووسەر پێکەوە تۆماری بکەین. دیسانەوە ئافەرین لە زرنگیت، خۆبەگۆترەو ناڕەوایی نەگوتراوە خوێنەری هۆشیار کۆڵەکەی سێهەمە لەپاڵ ئافریدەر و رەخنەگری دەقدا. رەنگە رەخنەش لەم دەکیۆمێنتکارییەمان بهەڵوێستیٚ، گوایا لە سنووری دەربڕین و گێڕانەوەی ئاسایی و باوی دەیان ساڵە بێپەروا تێمانپەڕاندووە! ژمارە و ناوو شتی دیمان بەکاربردووە! بۆ. نا، لە پێناوی داهێنان و گۆڕانکاری!! ئاخر. رەخنە، شیاوترە بووشم: تیۆری رەخنە بیٚ نیشتمانە لەلایەك و، مولْکی گشت مرۆڤایەتییە، ژانرێکیشە بۆ تێگەیشتنی رەهەندەکانی دەق لەلایەکەی ترەوە. چاکە، چی؟

- رەوتی مێژوو لە ئەزموونکاران سوودمەند نابێت، ئەگەر پێیبەندی رێبازەکاری ئەدەبی و رەخنەی وشکە تیۆری بن و بەس!؟

لەسەتاسەت وایە. مجرۆمان دەکات. گەڕامەوە سەر پەیڤینی خۆم.

- دەق لەدایك دەبیٚ ئەوسا رەخنە دێتە ناو کایەکەوە، کتومت، ئەویش وایە. ئەز چەند پاتم کردۆتەوە، کە دژەباو، رەخنەی کارامە دەڕوێنیٚ. مەبەستیشم لە دژەباو، دەقێکە ملی جێگیری ساڵەهای ساڵی تابۆکان بابدات، ئەمە بەیەکەم دابنیٚ. دووەم: شێوازی گێڕانەوەی دەقگرتووی

ئاسایی جێبهێڵێ و پاشان ئەوە بدەرێنێ و بەتەکنیکێك بێترس لە دادگەی رەخنە و تیۆربەندیی دۆگمای وشك. گوتمێ:

- زارخۆش. ئـەوە کـارو کاردانـەوەی گیـانی بـەگیانیی نێـوان: واقیـع و سەرووی واقیع و نێوان شـیعر و پەخشـانە. هەروەسـا، لـەنێوان خـودی و بابەتی. هەم چێژگەی جوانی و هونەرییـە بـۆ تـۆی خوێنـەرو، بـۆ ئیگـۆی منانی هەڵگری خامە و پەڕەمووچ و ئامێری موزیك و. و. تاد. لەوە گـەڕێ و، با روو بکەینەوە لای (ئاراپخا)ی دۆز و خەمی بنەچەییمان.

جاروبار. لاپەڕەکان دیرۆك بەخاوی، بەکەمتەرخـەمی، یـان بـە تونـدی لەلایەن رەشەگەردەلوولی رەوشی سەختەوە هەڵدەدرێنەوە وەك ئـەوەی بـەقامکی چـڵکن و بـۆر، لـەناکاو، لەپشـت پـەردەوە، بـۆ شـێواندنی راسـتینەکان، بـۆ ئـاوەژوکردنی گەواهـە ڕۆشـن و بەڵگـە بەرچـاوییەکان، دەشێوێندرێن! !

- ئـا لـەو کاتـە ناسـك و چارەنووسسـازانەدا، مرۆڤـان گـەر خـەمخۆرو دەروەستی دۆزە رەواکەیان نەبن، ئەوا تووشی گازندەو بەرەنگاری توانج و تەنزی نەوەی پاش خۆیان دەبن.

بەڵکو، لەهەمبەر ئەو تراژیدیایەدا رووبەڕووی لەحنەت و نەفرین دەبن. بـەڵێ، منـیش لەگـەڵ تـۆدام و دەپرسـم: ئـەو بێبـاك و خەواڵووانـە چ وەڵامیـان، چ بەرسـڤیان، چ پاسـاویان دەبێـت بـۆ کۆزیلکـەی نـەوە چاوگەشەکانیان؟!. بەلاچاوێك دامبێژتی و...

– دەشێ بێژن: مێـژوو یاریـدەدەرمان نـەبوو! یـان بووشـن: بەرگـەی گەردەلوولمان نەگرت! !

تۆدەزانی دەسەلاتی بێباکە  لە رۆشنهزر و قەڵەمەکانیان..
– بەمەترسیشی نازانیّ ! !

ئەم و ئەو پەنجەیان تێوەرداو خمەکەیان لیّ بزرکاندین. دەووشن: دەرودراوسیّ بەڕە شرِە پوواوەکەیان لە ژێر پێمانەوە دەرکێشا ! ! بەسەر هۆردووکمان پێمخۆشە تۆی خوێنەری هاودەنگم رەخنە لە لێکچوواندن و ئیدییەمەکانم بگری. نا... دلتەنگی چی و زیزبوونی چی! بەلکو ئەم کارو هەلوێستەت ئەمەکدارییە بۆ دەقەکەمان و بۆ منیش بەتایبەتی. ئەوجا وشەی دووپیتی(( خم)) تەداعیم پێدەکات. برالەی شیرینم، ئەوخمەی لەشوێنانی دیدا بە هەش و بە مەهەژ ناوی دەبەن، لەبنەچەدا بەری گیایەکە، خامی سپی و بەن و هەودای لە خوری و مووی رێسراوی پیّ شین دەکران. راستیت دەویّ، کالە شینێك بوو لەشێوەی ئاوی نیل، هەربۆیە (نیلە) شیان پێدەگوت.

- وا دەگێرِنەوە، خانەوادەی هەژارە کەمدرامەتەکان، بەرِەنج و کوێرەوەری دەیانپەرژا جلك و سیپالّ بۆ خۆیان و بۆ زارۆکانیان دابین بکەن. ئەو جلوبەرگانەی پێشوو لە جاوی سپی بوونە. ژنان بەداوو دەرزی درووویانە. مێردان  بردوویانەتە خمخانە، لەوێندەریّ خمگر لە حەوزی خماوەکەی هەلکێشاون و رەنگرِێژی کردوون.

- ژنە کوردیش لە پرسەو کۆستکەوتنەکاندا هەژ بەسەری خۆیدا دەکات.

راستت فەرموو. وشە... وشە. رادەکێشیّ. هاوسەری خێزانە هەبووەکان لە ماڵەوە جامەدانیی شووەکانیان لە ( چویت) هەلدەکێشا بۆ

ئەوەی تەختە سپییەکەی رەنگی ئاسمانی بگریّ. ئەو چویتەش جۆرێکی دیکەی خم بوو لەناو پاکەتی کاغەزینی شەشپاڵوودا دەفرۆشرا.

- چاکە، بۆ جامەدانییان لە شیناوی چویت وەرداوە؟ بۆ فیزوخۆنواندن و گەنجینە.

- بەپێچەوانەی هەژ بەسەرکردنەکە! ! سوپاس بۆ... سوپاسبژێریم ناگەرەکە. ئەیە ئەرکی گەردنمە، کە هەرچی سەبارەت بە وشەگەلەوە بزانم، تۆی خوێنەری لیّ سوومەند بکەم. ئا. دەشیّ و رەنگە وشەی خومار لە ڕەچەڵەکەوە لەو خمەوە چەکەرەی کردبێت، چونکو لەپاش زێدە مەینۆشین، نۆشیارەکە ئالوودەی ژانەسەر دەبێت، ( خومارین) یش بەپۆلوویەك دەگوترێ هاکا خەریکی کزبوون و کوژانەوەیە.

- کەواتا... ئەگەر لە زمان بپەیڤین و... ئەگەر لە گۆشت و کەلەرم و... گرانی، سەروچاوەی بۆ پۆلەتێك دەگەڕێتەوە... گفت و پەیمان بێت، کە هاریکارت بم و، لە کۆمەکیت دانەبڕێم.

خۆ هەرچەندە ئەم کارەو بەدواچوونیدا، تۆی خوێنەرو ئەزی بنووس لە خوێندنەوە دەکات، وەلیّ ئەرکێکە، دەی زووکە با خۆمانی بۆ بڕەخسێنین.

- نابێت لە سووسەیدا ساردبینەوە. دەنا، لە دادگەی هونەری. دەربڕین و گێڕانەوەلۆژیدا وەکو سازشکارانی سیاسەتمان بەسەر دێت.

- دەبا لە خودی خومان و پەرتووکان دانەبڕێین. لەژیان و پڕۆژەی دی دوورمان نەخاتەوە.

- ئەدی خودی کارەکە پڕۆژەی پیرۆزی ئەمێستاییمان نییە! ! تۆو من، کە جێناوی دووەم و یەکەم، لەو پێناوەدا نەبووینەتە بەرەیەکی تۆکمە! !

- ئەگینا بەپێچەوانەش، چ دژوارە نەبانیمان لەم ئاخەدا!! قەڵەشتێك دەخاتە لەشمانەوە. قەڵەشت دەخاتە لەش و کونێکیش لە ڕەوانی جوانکاریمان. نا... نابینە تاوێرێك، کە دڵۆپەکان لەناخەوە دەرزیژەن و بنکۆڵی بکەن.

- کەوابوو.

باگێڕانەوەی دیرۆك و ئەژمار و بەڵگەنامەکان لەنێوانماندا دابەش بکەین، یان بەجۆرێکی دی بیر دەکەیتەوە؟ تۆی وردەکار دەقی بەڵگەکان بخەرە ڕوو. منیش تۆماری مێژوویین. ڕەنگە ئەم هاوبەشییەت بەدڵ بێت. ئەوەنییە چرۆی شادمانی لەگلێنەی چاوە کلڕەنگەکانتەوە دەپشکوێن!

- لەم چرکەیەدا، بێچووە پەڕەسێلکەیەك بەسەر چڵی ناوەوەمدا دەجریوێنیٚ! ئەی جەنابت؟. جوانە! دەشیعرێنی!! منیش، وردە ماسییەکی فسفۆریی دیودەر لە ئەستێرکی ژوورەوەمدا کەوتۆتە سەماو بالیٚ"BALLET"

- کەڤاڵەکەنم دێتە نووای بینینی ڕەوانمەوە. لەدەومدا هەست بەچێژی هەنگوین دەکەم. هەروەها، هەنووکە تەنیا تۆی خوێنەرو، ئەزو، زمان هەین چی لە ئۆدیب و ماجەللان و فرۆیدو ئەوانی دی بکەم.

- لە قاموسی ئەعلامی چاپی ئەستەمبوڵدا، گەشتیار و بنووسی عوسمانی، شەمسەددینی سامی وا دەڵیٚ (ژمارەی سەرجەمی کەرکووك، سی هەزار کەسێك دەبن. سیٚ بەشیان کوردن. چارەکەکەی تری، تورکمان و عارەب و کلدان و جوون).

ئاماژەی بۆ ئاسووری و ئەرمن نەکردووە. بۆ؟ چونکە لە سەدەی نۆزدەمدا نەڕژابوونە دڵی شارەکەمانەوە. ئەوەی خوێندتەوە، ڕاستینامەیە. ئەوجا گوێ لە دژوێننامەکەی عەلی کیمیاوی بگرە، کە چەندە تەنگەتاوبووگە(چی لەم بزنانە بکەم!؟ ئەم تێکدەرانە چۆن لەنێوبەرم!؟ بە بلدۆزەر دەیانخەمە ژێرگڵەوە.. ئەمانە بوون ئێوە لێیان دەترسان! کێ هەیە شتێ بڵێ؟ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی!! دەیانگێم. ئەوانەش دەگێم، کە گوێیان لێدەگرن. پازدە ڕۆژ بەکیمیاوی لێیاندەدەم نەك یەك ڕۆژ..)

- کێهە جنێوی بێپەردە هەیە، ئەو دڕندە کاڵفام و گەمژەیە لە نەوارێکدایە دەستی ڕاپەڕیوانی ساڵی نەوەت و یەك کەوتووە.

لەو نەواردە ئێژێ: (ئاوڕووی ژنەکانیان دەتکێنم. ئەتك و ڕیسوایان بکەن. سەریان پان بکەنەوە. ئەم سەگانە، سەریان دەهاڕم.. قەت پیاوێکی باشم تێیاندا نەدی!!).

دەی، ڕەنگە کرۆکی کەرکووك لە (کرکێنی) یەوە هاتبێ ئەوسای لەچاخی گریك و سلوقییەکاندا پێتەختی (کرك) بووە، کەچی لە تۆماری ئاینی. ئارامییاندا بە(کەرخ سلوخ) یان ( کرخێنێ) ناونووس کریاگە، هەتا سەردەمی (یاقووتی حەمەوی ) ش هەمان ناوی هەبووە. قەڵایەکەشی لە نێوان (داقوقا ) و(اربل)دا هەڵکەوتووە.

- وەك بزانم، ئەوە لە سەتەی حەوتەمی کۆچیدا بووە. لە نووسینە مێخییەکاندا (ئاراپخا) لە( ئارپائیللۆ) دێرینترە. لە قەڵەمڕەویی (سەرگۆنی ئەکەدی)، لە دووهەزارو پێنج سەت ساڵی پێش هاتنی

مەسیح، ناوی شارەکەمان هەیە. شەش هـەزار سـاڵە ئـەم شـارو دەڤـەرە زاگەی تۆرەمەو ڕەچەڵەکی هۆزگەلی میدیایی، ساسانی و کورد بووە.

- بەداخەوە، لە کۆی سەت و پەنجا ئاواییی قەزای ناوەندی، بەگوێرەی سـەرژمێری (1957)، نهـا... تاکـە دێیـەکی نـەماوەو، لـە نەخشـەی (1977) دا بە تەواوی سڕاونەتەوە!!

براله... چەپکی وشەگەلێك هـەن، ورشـەدارو رنـدن. روو بـە خەنـدەن چوون مانگی تابان و گوڵە خاشخاش.

- بێسـوو برێکـی دیـش هەنـە نوتـەك و قێـزەون و کریـت چـوون دڵـی بکوژان.

ورشـەدارەکان تاڤگـەن، گیـانی بـێ سـێبەرن. تاریکـەکانیش چـزووی دوپشکن، گوژاڵکن، سێبەریان قەترانییە.

- کەچـی هــەردووکیانیش وشــەن!! بــەڵام وێکناچـن. وێکدەچـن؟!

هەرگیز... نا. هاوێرکردنیـان لـەجۆری سـتران و جنێـوە. لـەگوێنی شـیعر هەرزەگۆیییە، لە شێوەی هەردی بژوێن و دەشتی قاقڕەو.

سەرپاکی دژە واتاکان! زۆر لەیەکدی جودان زۆر. مەلیچکەیەکی تەریو بوو نیگـا، لـە نێوانمانـدا پـەرەوازەی دەکـرد. سـەرت لـەم لێکچـوواندنەم نەسووڕمێت.

## ــ 5 ــ

نه بەئەفسانەو، نه بەئەفسوون و جادووی بزانـه، کـه مـن گیـان بخەمـه بەر کەسێتی و پەیکەرو ئەوجێکاتانەی ئەوانیان لە هـامێز گرتبـوو، لەبـەر هۆیـەکی سـاکارو زۆریـش گـرنگ. مـرۆڤ لـە هــەر کوێیەکـدا لـەدایکبوو، لەوێشـدا، هاوکـات ئەفسـانەش لـەدایك دەبێـت. مرۆڤـان بـێ ئەفسـانەی خۆکردیان هەڵیانکردووە، هەڵیشناکەن. دەچاك گوێ رادێـرە. ئـەوە نییـە مرۆڤایەتیی ئەوڕۆش، بۆ راڤەکردنی چۆنایەتیی ئەم کەونەمان، ئەفسـانە/ تیۆری بگبانگی(BIGBANG) بەپاڵاوتەی هۆشی، بۆ خۆی داناوە.

خۆری ئاسمانە سـاوەکە بـەزوڵفی زێڕینـەوە سـەرەتاتکیی ژوورەکـەمی کردبـوو، ئەوسـای مـن دووچـاری لیکدانـەوەی جـۆرو نـاجۆری بـژوێنی هەستیاری و چرگەی هۆشمەندیم بووم. لەبینینگەی راستەوخۆی دیاردەو رووداوەکانەوە، بەناخی هۆکارەکانـدا دادەگـەرام، بـەڵکو ئەمەیـە تـازووە بگەمە دەرەنجامێکی گیانلاوێن. بۆئەوەش هۆمـەنم بـۆ رامـانێکی بـودایی بردبوو، بەبێ ئەوەی جاڕس ببم، یان نکۆڵی لەدەرەنجام بکەم.

رەنگــی ئاسمــانی و زەریاکــان شــینن.. چــویتین.. کوژەکــەیین.. خۆڵەمێشین. مۆربـاون و دەیـان لـەو تۆنـە( TONE)رەنگیانـە. زەویـش، زەردباوە.. خاکییە.. هەنگوینییە.. خەنەییە.. قاوەییە و، دیسان دەیان لەو تۆنە رەنگانە لەپاش چەند پاژێك، لەپڕ تۆنەکانیان، بەلێزمەی بـاران،

بەزریانە گەرداوێك هەڵدەبزڕکێن، یان بە لەنگیزەی وەرزێك لە وەرزەکان، توێژاڵی ئەو رەنگانـە دەئـاڵۆزێن. خـاك و خۆڵەکـە تـارای لۆکـەیی. سـەوز نارنجی و ئەرخەوانی دەپۆشیت. ئاسمان دەبێتە ئاوێنەیەکی لاجـوەردی. زەریاش مافووری ئـاورشمینی رەنگینشـەپۆلی مـرواری و یەشـب و ئـاقیق دەشەکێنێتەوە. دەتۆ تەنیا بۆ تاقیکردنەوە و تێشـووە ئـەزموونی خـۆت هێژاکـەم، ئێسـتا تێکپـژاوەکان لەئاسـت یەکدیـدا رابگـرە: شـین و زەرد، چویتی و هەنگوینی، کوژەکەیی و خـاکی، خۆڵەمێشـی و خەنـەیی، مـۆر و قــاوەیی. بەپەرەمووچــەکەتیش. بیانخــەرە زەماوەنــدو رەشــبەڵەك و گوڵمەزێکەوە، ئەوسا بەچاوی خۆت دەبینی چ ئەفسوونێك دەگێڕن! خـۆ لەو تابلۆیەی ئەنجامی دەدەی، هیچ نـاوەرۆك و گـرێ و گۆلێـك لـە ئـارادا نییە، کەچی ڤینۆسی جوانی، لە کەفچڕی. گەردشـی پەڕەمووچـەکەتەوە لـەدایك دەبێـت، رەزاسـووك سـەرهەڵدێنێ ! ئـا. ئەمەیـە شێوەسـازی و دەربـڕینی هونـەری. ئەمەیـە پـاکیزەیی و گەوهــەری بێهاوتــای رووت!! ئەمەیە بێخەوشی و بێگەردی. کێ ئەو پیرۆزمەندییە رادەخات؟! لـەپای چی ؟ بۆ کێ؟

نیگابانیی ئەو تریفـە رەنگانـە دەکـەم. هەڵیاندەسـەنگێنم. لەناخمـدا ، لەژێـدەرو چـاوگی شــادەوەری دەپشــکنم و ئــەوجا بــە دیـاردەی نـاو کۆمەڵــەوە گرێبەنـدیان دەکــەم. تــۆ، راســت دەفــەرمووی، لــە شــەوە رووناکەکاندا، کەپکەی کەژو کێـوان کـڵاوی بەفرچـنی پوولەکـەدار لەسـەر دەنێن. رێچکەی ئاوان دەبنـە جۆبـاری شـیری مـەڕ! پێدەشـت خـۆی لـە گەچاو وەردەداو، مـانگیش دەبێتـە کەشـەڤ زیـوینی دەسـتی رەژوواویـی

کابـان! !. پەڵـەی مشـکی دەگـرێ. هەمـدیس ئافـەرین و ئافـەرین لـەم هەماهەنگییەت. بەدیار میرووستانەوە دادنەوێم و رادەمێنم. سوسەی چڵە رووناوێك دەکەم خەریکە لەهـەناوی زەوییـەوە سـەرەدیقانێ دەکات و... رامدەگرێ! ! لە چریکەی باڵندەیەك بیرم، رەوانم دەگەشێنەوە! ئایا.. چ نامەیـەکم پێرادەگەیـەنن ! ؟ هەڵەبەتـە وام لێدەکـەن خـۆم لـە ئـارەزووە چلێسـەکانی هـەردوو لـەش و نەفسـە نەسـنەکەم بتـەکێنم. تریسـکانەو.. درەوشانەوەو خوڕڕەی قەڵبەزی سەر زەوینی شاوان و بـەردەلان، گـات و درووی بەختەوەریم بۆ دەچڕن. ئەوانە و فرەی دیکـەش دەبنـە ئازاڵـە و هەوێنی دەربڕین و بڕشتەکانم. لە ڕنـگ و، وشـەو، زەنگیانـەوە، گیـانێکی نوێم تێدادەگـەڕێ. بـەدەر لەوانـە، رۆژگـارم چـۆن و، بـە چ لێـژایی دۆڵ و خەرەنـدی نـاجۆردا، بێـڕەنگ و بـۆ دادەگـەڕێ ! ! بێنـرخ و بێسـەنگ دادەخزێ! !

تێتدەگەم گیانەکەم، تـۆی خوێنـەریش دیمەنگـەلی رێ و بانـان چـۆکت زوو پێدادەنـەوێنێ و هـانی بیرکردنـەوەت دەدەن، لەوانـە: خەنەتیفکـەی جەنگـەڵی نسـێ، کـە بەقـەدو بـاڵای دەرختانـدا تەشـەنە دەکـات، یـانی قـەوزەی وشـکبووی کـەناری رێـڕەوی ئـاوان چ رەنگێکـی کـاڵ و سـەیری هەیە! راسـتدەکەی، وایـە، کـە دەسـتێ پێدابخشـێنی، موچـڕکی خۆشـت پێدەبەخشێ. ئا... ئا... دەشێ ئەو مـەلا خەنەکانـەی، کـە لـە جەنگـەی مێردمنداڵیمدا پەیکەرۆکەم لێ دەتاشین (چاك بوو هێناتـەوەبیرم) رەنگـە کەسـکە کاڵەکــەی لــەو خەنەتیفکانــەوە وەرگرتبێــت. بۆچــوونەکەت لەڕاستییەوە نزیکە، چونکی لە هەردوو وشـەکەدا (خەنـە) هەیـە. کتومـت

مەلا خەنەی دەماری ئەشکەفتان و، خەنەتیفکەی کرێژی دارو، قەوزەی هیشك، بەهارڕاوەی خەنە دەچن، وایە، کە ژنان خەنە بۆ تیتکە سەرو بۆ ناو لەپ و پێ و پلیان دەگرنەوە، ڕەنگی خەنە خوساوەکە دەگۆڕێ. لەناو دەفرەکەدا زەیتونییەکی پڕڕەنگ دەنوێنێ. بەڵێ، ئەوەش راستە، وادیارە ورد سەرنجی پێ و پل و قژی کیژانت دابێت ها، ها، ها. لەپاش شۆردنی خەنە وشکبووی پرچ و نەخش و نیگاری ناو لەپ و پاژنە و پەنجەکانیان دەبێتە نارنجییەکی لیمۆیی. خەنەتیلکەش ئەو ڕووەکە هەرە وردەیە، کە لە قەدی درەختانی نساران دەنیشێت، لێ ئەوەی من سەرم لێ دەرناچێت، بۆ بەم کانزا نەرم و خەنە رەنگە ئێژن (مەلاخەنە) ! ؟ خۆ لەپاڵ ئەومەلاخەنەیەی گەمەی کوڕاندا، خەنەبەندانی بەزمی کچانیش هەیە، وایە، بیهێنە بەزەینت. ژیان پڕە لە بەزم و گەمان، تەژیشە لە وێرانە و دڕندەیی و، چاوی نمناکی هەتیو بارانی رەشپۆش. خانەدان ئەوکەسەیە، ئەوچورتمە سەختانە پاکۆی نەدەن. لە کەسەریدا نەبەزێ و دڕ بەستەم و ناهەمواری بدات. گوێت لێمە. دڕ بە تەگەرەکان بدەی. بەڵێ، پشتی لە زەوی بدەی، ئەگەر شل و شاویت کرد، ئەو خۆی هەڵدەداتە قەڵاندۆشکانت چوون مێردەزمەی ناو حەکایەتان جووتە گونی بە دوولای ئەستۆتدا شۆڕ دەکاتەوە. بەڵێ... بەڵێ، لەو سەردەمانەدا خێوە دەعجانەکان رۆژگارمانیان تەنیبوو، لەگەڵ دەیانی وەك: شەولەبان، شەوەوفریشتە، مۆتەکە، قایشباڵ و یەکەڵە چاو دەمانگوزەراند. دەپرسی :چییان لێهات؟ ئەوانە لە ئەشکەفتی خورافەو بێسەوادی و جەهالەتەوە سەریان هەڵدابوو، لەگەڵ گزنگی هۆشواڵایی و

زانستدا چوونە ئەو توون و ئەشکەفت و ڕەهۆڵ و قەڵشتانەی لێوەی دزەیان کردبوو. دەق وابوو، دایکانمان بە لەچکەی رەش چاوبەستیان دەکردین نەبادا لە ئێمە چاکتر و ئەوانگەلی غەیبی بەرنیگامان بگرن! بۆیە نهۆش هەندێ کەس لە تاریکی، لە بەرزایی، لە تەنیایی، لە جاڵجاڵۆکە و پشیلەی رەش دەتۆقن، زیرەدەکەن و زراویان دەڕژێ !! چوون گێرفانمەندان و لادەرانی سیاسەت لە راستوێژیی خامە دەترسن! لە دیمانەیەکدا دەگەڵ دووسێ. بنووسدا بەرێکەوت مەتەڵێکیان لێپرسیم. (ئەوەچییە بەدەست دەیکێڵی، بەچاو دەیچێنی و، بەزاریش دەیدوریتەوە؟) پێکەنیم و بە شێنەیی وەرامم دانەوە. (ئەوە پێنووسە) پرسییانەوە(لۆمانی شیدەکەیتەوە؟ بەسانایی پەرسقم دانەوە. (بۆ..نا.. یەکەم: بەنووکە گاسنی پێنووس کێڵگە/ رووبەری کاغەزەکە دەکێڵی، ئەوسای هەوجاڕ بەدێڕەکاندا دەگێڕی. دووەم : بەچاو تۆوی وشەکان بەوبەیارە کێڵدراوەدا دەوەشێنیت. سێیەم: بەزار، ئەو هێڵ و شەقڵ و هێمایانە، لە دیمەنی وێنەوە دەگۆڕیتە زمانی دەنگ، واتا لە چاوەوە بۆ گوێ.(سەرنج بدەنە زۆرینەی هەستمەندییەکان کوو بەشداریی پرۆسەی نووسینەکە دەکەن، بەدەستلێدان، بەبینین و بەبیستن) بە خەنەدەوە پرسیانەوە(ئەدی دوو هەستمەندییەکەی دیکە؟!) پێمگوتن: ( ئەڵبەتە هەڵدڕینی ورگی زەویی بوور بەرێژنەو رەهێڵەی بارانی رووانەن، تۆمە/ وشەکان شیریان تێگەڕێ ئەو گەییی بەروبوومە، بۆن و بەرامە و تامی خۆی هەس، بەوەش ئێژن: خۆراکی گیان) ئەوەنییە لە تەوراتدا هاتووە. (بەرلە هەموو شتێك، وشە هەبووە)

دڵنیـام وشــەکە، لەوێنـدەرێ بـەواتای. رەهـایی، پـاکیزەیی و خرنگـی هاتووە. لەپاش هێنانە کایەی ئادەم و حەووا، ئیتر رژدی. تاوان... سـزا، سێ وشەی دەسپێکی زارەکیی ئەوێیان بـووە. دەتـۆ تاوێـك، لـەژێر تـاڵی ئەو تاوەدا، تاو بەخۆت بدە و، تاوانەکەیان تاوتوێ بکە، خوێنەری هێژام. پێمەکەنـە لـە تەتەڵـەکردنی ئـەو پـیتی تێیانـە تـاکو دەگەیتـە ئاکـام. پرسیاریش زۆرە لەمەڕ ئەو بەهەشتی عەدەنـە هەڵیبخـەین. وەکـو؟ ئـا... وەکو: کاتێ ئیبلیس لـە سـایەو سـاباتی حۆشـگوزەرانی چـووە دەروونـی دایکە حەوواوەو، هانی لێکردنەوەی بەری داری هانـاو تـابۆی دا، ئـەویش کریت و حەرامی دەرخواردی هامجووتەکـەی دا. لـەبری ئـەوەی بەوگیانـە ئیبلیسییانەوەی ببێتە جاڵجاڵۆکەی مێ و، نێرە ئادەمی خۆی بخوات !! چـی. ! چـی. ! ئـیتر چۆن وەچـەنەوە بخەنـەوە؟! رەچـەڵەکیان کـوێر دەبێتەوە.

باڵێگــەڕێین چــاکترە. ئـــەو دۆزە میتافیزیکـــە، هـــەویری ئاوکێشـــەیە داپیرانمان وتەنی، بەڵام ئاماژەم بۆ ئادەم و حەووا، شتێکی خڕو جـوان و بۆنخۆشی وەبیرم هێنا. دەبـزانم دەزانـی چـییە؟ ئافـەرین، ئـەوە سـێوە. ئەمێسـتا سـێوەکەش دوو نـاوی دیکـەم دەهاوێتـە مەژگـەوە. یەکـەمیان سیزانی نیگارکێشە. ئەی ئەوی دی کێیە، کە لە تەوەری بێزاوە سـێوێکی هەڵداشتە خوارێ؟ دەمخۆش، ئـەوە نیـوتن بـوو، وەلـێ سـێوەکان لـەلای ئەوسێیانە مەودای جودایـان هـەبوو. لـەلای نیـوتن تـەنێك بـوو لـەپێناوی پشتڕاستکردنی بۆچوونەکەی. سیزانیش، بەتەنگی بۆنەوە نەبووە، گشـت هەستی لە رەنگـە جوانـەکانی سـێوەکاندا گـرد کردبـۆوە. ئـەدی ئـادەم؟ پرسـیارەکەت زۆر لۆجیکانەیـە. نیـازی سـەرەکیی ئـادەم چـێژی گـەدەو ناولنگ بوو.

## ـ 6 ـ

نیگـەران مەبـە، بمبەخشـە گـەر بێـژم حەوسـەڵەت وێـڕام هـەبێت پەروەرندەی بەڕێز. پشووت درێژتر بێت لە وەلمدا و، گوێ بۆ سەرلەبەری خەونەکەم رادێرە وەك چۆن منـیش گـوێگری وانـە هونـەری و ئـەزموونی شێوەکاریت بووم ئاخۆ وانییە؟

خۆم لە باخ و بێستانێکی فرە دڵدوێندا بـینی! بـەرخ و گـورگی برسـی، مشـك و کتکـی گـوربز، داڵـی چـلێس و باڕەکـەو پێکـەوە لـەو پێدەشـتە بژوێنەدا، تلیان دەداو دەگەوزانەوە. لەو رۆخانەش وێکڕا ئاوی سازگاریان دەخواردەوە. ئـاو.. چ ئاوێـك بـوو! دەتگـوت رووی ئاوێنـەی جیوەیـە ! خۆشاوێکی وابوو هەرگیز لەخواردنەوەی تێرم ناخوارد! مێوە لەهەرجۆرو تەرزێ، لەنێوان گەڵا بریقەدارەکانەوە ئاوێزان و چاوەڕوانی قەپ بوون!! بەخۆم گوت دەبێ ئێـرە ئـەو بەهەشـتە بێـت، کـە باسـی لێـوە دەکـەن! دارقانەی بەژنبەرز و قەد قەوی، کاژە گەڵا دەرزیلەیی چنار و سـپیدار بـە سـەماو لەنجـەوە بەئاسمانـدا هەڵکشـابوون. جریـوەی کـۆترە باریکـەو یاکـەریم. چـریکەی قـومری و تیتراوسـك ئـەو گوزەرەیـان کردبـووە ئاهەنگزارێکی کەم وێنە.

ببمەخشـە... ئاگـات لێمـە. مـات و سەراسـیما دیمەنـە گیـانبزوێن و رندەکـەم بەگشـت هەسـتەکانمەوە هەڵمـژی. تنـۆکی درشـتی شـادی

لەچاوەنمەوە بازرەقەی کرد. ئاوەکە وەکی دەمـی هـەبێت بـانگی کـردم. خۆم پەتی کرد. لەشم دایە دەم شەپۆلانەوە. نقووم بـووم. هـەتاکو ئێـرە ئاساییە، وەلێ هەنگێن نەکەوتبوومە سەرپێ و گوژمێ لـەو قووڵاییـیـەوە بۆ رووی ئاوەکە بدەم و بکەومە باسکە مەلە، هەندەم زانـی دەمێکـی زۆر زلی داپچڕاو بۆم دێ! !

پارووپەك بووم لەنکاو قووتیدام، ئیتر نەمزانی ئەوە چ دەعبایەك بوو! ! رەنگە دۆلفینێکی گەورە بووبێت. کەوا هەندێك بەهاوتای خـدری زینـدەی دەزانن لە رزگارکردنی خنکاوان. لەناو گەدەیدا بووم، کە هەستم بەهـەژان و موچـڕکێکی سـاردتر لەقووتدانەکـە کـرد، تومـەز نەهـەنگێکی مـەزن هۆردووکمانی قووتداوە چوون بابۆڵەیەکی چەور هەڵلوشێت!

بالێرەدا بۆ پرسیارۆکەیەك هەڵوەسـتە بکـەم. ئایـا پـارووی قووتـدراوی ئەو دۆلفینەو بابۆڵەی نەهەنگەکە ناشێن بۆ ناواخنی کەڤاڵێکی داهاتووت؟ خـۆ بابـەتێکی سـەمەرەو سیمبۆلیشـە لـە پۆشـاکی میتافیزیکـدا! ! کـە جەنابت مەراق و خولیات پێـوە گرتـووەو، هەمیشـە لەکەڵکەڵـەی دایـت! چی؟ ئا.. راستە نیگاری نزیـك بـە خەونەکـەمت کێشـاوە؟! نـەمزانیبوو! ئێ... ئێ... کردبووتە خوازەی رکەبەریی چین و توێژەکانی کۆمـەڵ، لـێ جەنابی پەروەرندەم خەونەکەی من، کە هێشتا تەنیا پـاری یەکـەمم بـۆت گێڕایـەوە، پـڕ واتـاو هـەم سامناکیشـە. دەشـێ. لێکدانـەوەی رۆچـووتر هـەڵبگرێ. هەنـدەم زانـی نەهەنگەکـە، دۆلفـین تـاییـنی لـە گەدەیـەوە دەرپەڕاندە دەرەوە! دەپرسی چۆنم زانی ؟ پرسیارەکەت بەجێیە. ئا... لەو گوژم و تینی دەپەڕاندنەدا بە گوێرەی یاسـای کـارو کاردانـەوە، مـنی

قووتدراو بە پشتاخزام. بەهەمان تین و گوژمەوەش گەدەی دۆلفینەکە ئەزی وەك یونسی پێغەمبەر بم هاوێژتە وشکانی!!. کەشێکی فێنك و شێدار بوو. وەنەوشەیی بوون سێبەری بەردی بنچك و درەختان. بەڕێزم، ئەمە خەونە، ئیتر بەوجۆرە سێ زیندەوەر چوون ماك و زا لەیکدی هاوێر بووین. ئەوان نوقمی نشێوی ئاوستانەکەو، ئەز روو لە هەورازی گڵستانەکە تەکانم دا. بەڵێ، نەك تەنیا بە روخساری حەپەساو، لێتی ناشارمەوە، توێژاڵی دڵەڕاوکە سەرپاکی لەش و رەوانمی داپۆشیبوو. جەنابت، کەسێتییەکی دیکە، خوێنەرێکی دیت لەجێگەی من دابنێ، ئەوجا بزانە لەوەکەی منی سامناکترت بۆ ناگێڕێتەوە، کە تووکەسەر رابوەستێنێ!! بڕوات بەلێکدانەوەی خەون هەیە، یان نا؟ وایە دروستە، ئەلبەتە بێ ئاگا نیت لە خەونامە دێرینەکەی(ئیبن سیرین) و شیکارییە سایکۆلۆجییەکانی(فرۆید) و شاگردانی. دەی بە هەرسەبارەت، ئەمێستا لەوانە گەڕێین و، لە ئەرکی پێکەوەنانی دەقەکەمان بین، هەر چەندەش ئەو خەونە، نیوچە واقیعانە بەردیدی گرتووم و، لە راڤەیەکی شیاوی دەپشکنم. ها، ها، ها. باپێکەوە قاقابکێشین، تۆی پەروەرندە ئەم هاوبەشییەت پێڕەوا بینیم. وانییە؟ ئەمەیشە شایانی شانازیمە، چونکە لەم رۆژگارە بە چۆرتمەدا دەگمەنە کەسێك لە خۆڕایی و بە بێ هۆ لەماڵ و حاڵی خۆی بداتە کەسانی دی! کەچی جەنابت، بێنە. با دەستەکانت ماچ بکەم، لە هەنگوینی شەڵخەی هۆشت، لە شکۆفەی خونچەی نەوبەهاری ئەفراندنەکانت پشکی شایستەم دەدەیتێ! منی خوێنەرت داماوم لە بارتەقای ئەو خۆ نەویستی و جوامێری و دلۆڤانییەت چۆنەکی

پاداشت و قەرەبووت بدەمەوە !! مەگەر پاری پاشینی خەونەکەمت بۆ بگێڕمەوە. بەیارمەتیی خۆت، وەکو گوتم. کەشوهەواکە شێداربوو. پەلکی داران بێ جموجووڵ، سێبەری بەرد و دەوەن و هەرچێم لێوە دیار بوون وەنەوشەیی دەیاننواند، ئا... لە شاگەشکەیی سەرفرازیم، لەبیرم چوو بەجەنابت بێژم کە لەناو گەدەی دۆلفینەکەدا تروسکاییەکم بینی ! دەستم بۆ درێژکرد. خڕۆکەیەك بوو زوو بەدەستمەوە هات. پێموابوو مرواربیەکی کەموێنە، یان گەوەرێکی دانسقە بوو هەندەی کەلایەك. گوڕج ئاخنیمە پڕزودانی دۆخینەکەمەوە. دووسێ جار، بەلوولدان و بەرزکردنەوەی نافەکی دۆخینەکە، گەوەرەکەم تەقەتکرد.

لەو پانتاییە رامابووم. بازنەی بینینم ئاراستەی تاوێرێکی نزیکی پێیە خاوسەکانم بوو. لەپڕ. کرمۆکەیەك بەهەڵەداوان خشایە دەرەوە. رەشی.. رەش، تووکن.. تووکن، قێزەوەن.. قێزەوون! نیگام کرد، تادەهات چرکە بە چرکە دەپەنەما، کاژی فڕێدەداو گەورە و گەورەتر دەبووەوە! ئا.. جووتێ سەری هەبوو! دەم و قەپۆزەکانی بەجوانەگا دەچوون! ئاوڕی بەلرفەو کڵپەیان لێوە دەئایسا !! بەتەپڵی هەر یەك سەرێکییەوە، تاکە چاوێکی زیت و تاکە شاخێکی دوولۆی بە دواوە چەماو رووابوون!! بڕوا بفەرموو ئافریدەری ئازیزم موویەك لە ڕاستی لام نەداوە. جانەوەرێك بوو لەوگۆڕە! هەندەی نەما، لە بێ داڵدەیی و بەربێواریدا بەندی جگەرم بپسێ و، هەراسم لێهەڵگیرێ. کەوتە هاشوهوش وەك بیهەوێ زاڵەترەك بم و، ئەویش پەلامارم بدات. جووتێ چاوی گڕپژێن، رۆخسارێکی گەمارو بەدفەساڵ لێم نزیکبوونەوە، لەو ئاستەنگ و بێدەرەتانییەدا چیم لە

بڕست دەبێت هیچ نەبێت بۆ قوتـارکردنی خـۆم گـەر بـۆم نەتۆپێنـدرا !!
بــیرم لـــە بـــەردو داری چـــەقی خـــۆم کـــردەوە. یـــەك دووجـــاریش، بەخۆمەڵاسدان، کۆتەرە دارو سـاپی رۆخەکـەم تێسـرەواند. دادی نـەدام. تەنگانەم هاتیێ. وێجا ئاتاجی سەلکە بزووتی دەسك درێژی گڕاوی بووم لە دوڕ چـــاوە بزوزیتـــەکانی بچـــەقێنم، یـــان بیتەپێنمـــە ناقرگـــەی ئەوجانەوەرەوە. پتر هەژا وەکو مێشـکم بخوێنێتـەوە! هاشـاوڵی تخـوونم بۆوە. منیش بە گوێرەی هاتنە بەرەوەی، پشتاوپشت بـەپیێ دزە کشـامە کەندالێکی کەنارەکەو، هەندەم بەخۆزانی وا گوێزینگی قولەپێم لەئاودایە. پەروەرندەی هێـژام لـەم ئانوسـاتە یەکلاییکەرەویـەدا هەترەشـم نەچـوو، لەبەر ئەوەی ترس لە چەلەمەو لە بەرانبەرییەکی ئاوهالانەدا، هاوتەبایی و هاوکێشـەییی دوو تـای لـەش و رەوان سـەنگەلا دەکـات. بـڕوا بفـەرموو دڕندانیش لەچاوەوە باری دەروونیی مێملێیان بەدیدەکەن. هیچـی ئـەوتۆم شك نەبرد بیگرمە ئەو دەعجانەیەو، لەشوێنی خۆیدا رایوەستێنم. بـەڵیێ.. ڤێگاڤیێ وەنـەبیێ بـیرم لـە مەلـەکردن نەکردبێتـەوە. ئـەویش هەمبـەرێکی قەلەزراوەتر بوو ئەگـەر ئـەو جانـەوەرە زلـە چـوون فیـل مەلـەوان بـوو!. سوپاسـی گوێگریـت دەکـەم و پشـووی درێـژت لـە وەلمـدا. لـە دۆخـی ناهــەمواری وادا، دوورێیــانی ژیــان و مــەرگ، ســەرجەمی خانــەکانی نــاو مێشـکی مـرۆ، بـەڵکو ئەوخانانـەش، کـە ناکـاراو یـەدەکی هـەزاران بگـرە ملیۆنان ساڵی داهاتوون، پڕتاو رادەبـن و، لـەپێناوی مانـەوەدا هەڵوێسـت وەردەگـرن. لەوتەنگانەیـدا سـکالای فریاچـارەییم بـۆ کـیێ و.. بـۆ چـی بـەرم!! لـە چـاو ترووکانێکـدا، خانـە یەدەکـە نوسـتووەکان بەهانامـەوە

هــاتن، بــیرم بــۆ بەردۆکــەی نــاو پزوودانــی دۆخینەکــەم چــوو. راســت دەفەرمووی، کورتتر لەچاو تررووکانـدن نەسـتی متبـووی دەیـان سـاڵەمان بڕیاری خۆی دەسەپێنیّ. بەڵێ، ئـەویش راسـتە، بیرکردنـەوەی خەسـت و خـۆڵ، دژەکـاری جەسـتەیی ئـەنجام دەدات. لەگەڵتـدام بەپێچـەوانەوە، لایـەنی بێتوانـایی و نـاهێزی نیشـاندان لەتەنگـژەدا، بەرانبەرەکـەت بـۆ زاڵبوونی خـۆی دەیقۆزێتــەوە. وایـە گیانەکـەم، ئەمـە واتـای سـەرکەوتنی چـەمکی ژیانـە بەسـەر زەبـرە چـڕنووکی مەرگـدا. هەناسـەیەکی دریـژم هەڵکێشـا. بەدەسـتی راستیشـم هەنـدەی دەرفـەتی کشـانی بـۆ لـووا، بەردۆکەکەم لە دوڕچاوی راستی گرت.. هاکا.. وامزانی زەویلەرزەیە! یان هەورەتریشقە دەگرمێنیّ! نەعرەتەیەکی سامناکی ئەوتۆی لێوەهات، کە عەردی ژێر پێمی خستە لەرینەوە! دۆزی گورچکبڕ نەبوو، چونکە دەگەڵ هاویژتنی گەوەرەکـەدا بـووە تۆپـەڵێکی گـڕ. خـۆم نقـوومی ئاوەکـە کـرد نــەبادا پزیســك و تــەلاَش و ئــاورینگم بەربکــەویّ. لەژێرئاوەکــەدا هــەتا هەناسەم وچانی پێدام، مامەوە. لەوکشوماتییە سەرسـام بـووم، کـە پـێم لەبنی ئاوەکە داو، سەرکەوتم، لەو ئاقارەدا هیچ پاشماوەیەکی ئەژدیهاکـە نـەمابوو!! شـەپۆلەکان پـۆلی قـووی سـپی بـوون لـە پانۆرامـای پـێش. چاومدا دەشەکانەوە. بەتاسووق و خۆشـی لـە خەونکـەم رابـووم. ئـەوجا حەفت جار هەناسەی قووڵی(زازێن)ی شادیم هەڵکێشا. رەوان و تەنم هێور بوون. بەڕێزەکەم، ئەوە پاری دووەمی خەونەکەم بوو. دەشیّ بـۆ کـەڤاڵ چــێکردن. ناشــیّ !؟ فــەرموودەت زۆر بەجێیــە، کــە لــەو ئاســتەنگە چارەنووسسازانەدا کۆنترۆڵی لەش و رەوانم کردبێت و، وەك بوونەوەرێکی

هەستیار زاڵبووبێتم بەسەر شێرپەنجەی ترسدا. ئا.. بەڵێ جەنابت واتفێرکردووم، کە لە دووڕێیانی ئاوها، ژیان هەڵبژێرم. بەلای هەردووکمانەوەش، مرۆڤ دۆستایەتیی دەگەڵ ژیاندا بتەوترە لەوەی دەگەڵ مەرگدا، راستت فەرمووە: (هەرهەناسەیەکی ئەومرۆڤە، دەگمەنەو هەرگیز ناگەڕێتەوە) بۆیە دەبێت مرۆڤەکە لەئێستاییدا بژێ و، تەمەنی بۆ قۆڵەو قەرز نەداتە پاش و پێشی ئەو هەنووکەیییەی، دواجار بەرەنگاری سکالاَ بێت لە حەناس دواڕۆژدا.

ئەمەیە تیلماسکی رووناکی. لەمەڕ سروشتەوەش برالە، پەرتووکێکی بەرینە، هێشتا تەنیا چەند رووپەلێکمان لێخوێندووتەوە، ئەوانی تریش بە زمانێك نووسراون، کە جارێ فێری نەبووینە. وابزانم پەیوەستییەك لەنێوان ئاگاییمان و راستینەدا هەیە، بەنموونە: هیچ (پەنهان)ێك لە فسیۆلۆژیی جەستەماندا، یان لە سروشت و گێتیدا نییە، بەڵکو پەنهانەکە وا بەستەی (نەزانین)مانە، چونکە گەر هۆکاری دیاردەیەك نەزانین بە پەنهان ناوزەدی دەکەین! بەپێچەوانەش راستە. تێمبگە. ناتەواوییەکە لە سنووربەندەیی ئاوەزمانە نەك لە یاساکانی سروشت و گێتی و جەستەمان.

## _ 7 _

ئاخر گیانەکەم، گرنگیی خەون لە سنووربەندی تەفسیرکردندا نییە، بەڵکو تەئویلکردنی بەهەند دەزانم. تێمبگە. ئەوەی بۆت گێڕامەوە و، من بۆتم گێڕایەوە خوێنەری هێژا، فەیزی سرووش بوو پڕایە ناو ڕەوانتەوەو، پڕایە ڕەوانیمەوە. لە جیهاندیدەیی ئەزەوە، سرووش چییە گەر پەریی وشەی سەرکێش و، فریشتەی جوانبێژی نەبێت!!

من، ڕەبەقی ئەزموونی ڕەنگ و هێڵ و وردەکاریم بێکەمایەسی پێگەیاندیت. تۆش. کاکڵی خەونەکەت. گێڕایەوە. ئەوجا، با واز لە هەر دوو جێناوی یەکەمی (من) و جێناوی دووەمی (تۆ) بهێنین و، ڕاگوێزینە لای جێناوی سێیەمی (ئەو).

نها، بەسەرهاتی (ئەو)ێکت لۆ دەگێڕمەوە. لەباوکی خۆم بیستوومەو، ئەویش لەباپیرییەوە ژنەفتوویەتی. ئەگەر ئەوەکەی تۆ خەون بێت و برشتی فشاری بنهەستت، ئەوا ئەوەی لەمەودوا دەیبیسی گوایا ڕاستییەك بووەو دەماودەم گێڕاویانەتەوە! باوەجوو، ئەفسانەو داستان و ڕاستینە لەو ڕۆژگارە کەڵخوتانەدا تاڵە موویەکیان نیوان بووە. سروشت بۆشایی قبووڵ ناکات. ئەمە یاسای فیزیکە. بەو گوێرەشە ئاوەزی مرۆڤ. داستان و ئەفسانە بۆشاییە نەزانـدراوەکانی پڕدەکەنەوە. ئافەرین.. دەق وایەو لەگەڵتام، کە داستان و ئەفسانەی ئەوڕۆ، ئاین و باوەڕی مێژینە بوونە.

دەی لەسەرمانە بیگێڕینەوەو، بیژنەوین. ئەتۆ، خەونەکەت گێڕایەوەو ئەز ژنەفتم، ئیستاش من بیستراوی خۆم دەگێڕمەوەو جەنابت گوێبیستی ببە. لە گەرمەسێری نزیکی (ئاوەسپی) لە سەردەمێکدا نەققاشێك هەڵکەوتووە کارامـەو بێمانەنـد، ژوورەکـەی بـەجۆرێك رازانـد بـووەوە، ئـەوی دیتبـای لەجێگــە خۆیــدا ســڕو سەرســام دەبــوو! رەنگەگــەش و ئاودارەکــانی فەرامۆشییان دەدایە چاوو ڕەوان. خەڵکان بەشاگردی (مانی) یان دادەنا. با ئێمەش ناوی مانیی دووەمی لێبنێین، چاکە؟ یـان نـاوێکی دیـت هەیـە. ناوەکەت لەلاپەسەندە، باشە. ئەوەی مایەی کەسەری و هەوێنی نیگەرانی بوو لای ئەو مانییە، رەنگەکانی ئەوتۆ نەبوون، کە ئـەو خوازیاریـان بـوو، هەرچەندەش بەخۆی دروستی دەکردن. سووری لەداوو دەرمان و خـوێنی فرِندان پێکدەهێنا. هەروەسا رەنگەکانی تری لەسروشـتەوە وەردەگـرت، بۆیە پێی لە بازاڕی راوچی و باڵندەفرۆشان نابڕی. قسەی تۆیە،. لـە هـەر زەمان و شوێنێکدا ئەو بازاڕانە هەڕمێنن، عاشقانی خۆیان هەیە خوێنەری لەدڵدا شـیرینم، تـۆش حـەزت لـە رامکردنـی سوێسـکەیەو،. ئـەز مـەراقی بـەخێوکردنی باڕەکـەوم هـەس، نـا.. عـەیب نییـە، چـاکە. رۆژێـك مـانی پەپوولەسلێمانکەیەکی گەورەی لەناو کودییەکدا بەدەست فرۆشـیارێکەوە بینی، کە خۆی گوتەنی بە تەڵە گرتبووی، لەوکاتەی. رانە پەزەکـەی تێـر تێر لەوەڕاندبوو، بۆ کاوێژیکی کاتیش پـەنای دابوونـە لێـواری ئاوڕۆیـەك. ئاوێنەی تەنکاوەکە وێنـەی جۆراوجـۆری بەخۆیـەوە دیبـوو. راسـتدەکەی جێگەی ئاوها زۆر لەبارە بۆ داوو تەڵـەو تەپکـە نانـەوە، لـەو ئارامگەیـەدا شوانەش داوی خۆی نابووەوە. بەدوو سێ مشتی تیکەڵەی نەرمە خـۆڵ و

گەنم، ئەڵقەی داوەکانی بزرکردبوون. لەوەپاش خۆی لە سێبەری کەڵە بەرانی پەزکانی مەلاس دابوو. هەناسەی لە سییەکانی بڕیبوو. پاشان فرتەفرت و شەققەی باڵی بەرگوێ کەوتبوو. هەر زوو بە دووسێ شەقاوی بەرین بەتەنگی تەڵە داوەکەیەوە چووبوو. پەپوولەسلێمانکە سەربەشانەکەی ماچ کردبوو. ئەوجا بەخڕێنەیەك، کە پێشتر ئامادەی کردبوو، قاچەکانی بەستبوو. بۆ دڵنیاییش خستبوویە ناو ئەو بێرکمەی، کە لە کودییە زەردەی گەورە دروستی کردبوو. زۆرجار کونە باکێشی بێرکمەکەی ژماردبوون، پازدە کونی سێگۆشەیی لە سێ ڕیزدا بوون. زارکە بازنەییەکەی بەچوار شولکی ڕستوچەپ بەستبوو. بەدوو شولکی سەرو دوو شولکی خوارەوە، کە بەهەشت خڕیلە کوندا تێپەر ببوون، نۆ شێوەیان پێکهێنابوو. شێوەی ناوەندی چوارگۆشەیەکی ڕێك بوو، هەشتەکەی دیکەی خولی ئەو چوارگۆشە ڕێکە، سەرولایەکیان کەوانەیی بوون. بەڵێ وەك دەفەرمووی، هەشت چێوە کەوانییەکان، بازنەی زارکی کودییەکە بوون. ئاسانە، دەتوانی بە ڕەسمێکی ساکار ئەو شێوانە پتر بێنیتە بەر زەینت. ئا.. ئەو کەرەستانەی لەتەك تێشوو بەرەو، ڕاوییە ئاوەکەی لە خورجینە گوڵەنگدارەکەی دانابوون بۆ وچانی خۆی و مێگەلەکەی. دەباشە، باقسەی جەنابت بێت، ئەوانەی بۆ ڕاوی خۆی و کاوێژی مێگەلەکەی دەرکردبوون. جەنابت ڕاست بۆی چوویت، ئەو ئاوەدانیانەی لە کەرخی گۆم و زێدا هەڵکەوتوون، بەو جۆرە کودیلکە زەردانە سۆبایی دەکەن. وایە، دوو کودیلە بە بەنی ئەستووری سێ چوار هەودایی خوری، یان مووی ڕێسراو بەجۆرێك دەبەسترێن، کە نێوانیان

جێگەی دەفـەی شـان، یـان سـنگ و پەراسـووی مەڵـەوانی پێوەگیربێـت. تۆش، لە قەراخی زێی بچووکدا بەم جۆرە فێرە مەلە بووی، ئـەو دەمـەی چووبوونە سەردانیی خزمێکتان؟! وایە.. چاکت کرد، کە سـەرت بـەنێوان جـووت هەوداکـەوە کـرد و بەملتـەوە بـوون ئەوسـای شـۆڕبوویتە نـاو ئاوەکەوە. ئافەرین، بەچەندین سەردانی بوویتە مەلـەوان، ئـەرێ لـەکوێی سـەربهوردی مانییەکـەمان وەسـتاین؟ دەمخـۆش. پەزەوانەکـە هەنـدێ گەنمی رۆکردە ناو کودییە کونکونەکەی. چی؟ پسمام، مزگێنیت بـدەمێ. ئەمە زەمینەی دەقـی نابـاو هەڵخسـتنە. دەشـێ رووداوگـەلی خۆمانیشـی پێوە گرێ بدەین و، هەمان خوێندنـەوەی خـودی خۆمانمـان بـۆ هـەبێت. ئەڵبەتە تەئویلکردنی خەونە ئاوییەکەی بـەڕێزت و، خەونـە رەنگییەکـەی مـانیش، کـەوا خـەریکی رۆخسـتنی رووداوەکـەیم، ئـەوا چـەندین مـەودای (هـزری، دیرۆکـی، فەلسـەفی، دەروونـی، سـۆفیگەری، میتـافیزیکی و..) هەرچیت بەهۆشدا دێت هەڵدەگرن. وا بەساناییش بۆمان شی ناکرێنەوە. ئەوە کاری ئەو رێبازانەی ناو جووت کەوانەکەن، هەریەکەیان، خوێندنەوە تایبەتی خۆی هەس لەو بارەوە.

ئەم(مانی) یەمان پەپوولەسلێمانکەی نـاو کودییەکـە دەباتـە خـانگی خۆی بەو نیازەی لە خۆێنەکـەی و لـە ئیسـك وپروسـکی کەڵکمەنـد بێـت. سێ تنۆکی پیوی تووایوە لە بەردە سانەکەی دەسوێ بـۆ پـتر تیـژکردن و ساودانی. تیخی کێردەکەی. دان بـەخۆتا بگـرە، ئـا لەوکاتـەدا، پـەردەی گوێچـەکەکانی لـە دەنگێکـی سـەیر دەلەرێنـەوە! لەخولگـەی خۆیـدا سەراسـیما دەسـووڕێتەوە! هـیچ گیانـەوەرێك نـابینێ! پرسـیارەکەت

پەسندە. دەبوایە پێشتر بمگوتبایە، کە مانی تەنیاو دوورەپەرێز، چاوە خانگێکی کردبووە ژێگەی خۆی. ئەمەش لە بۆچوونی منە. کاکی خوێنەر، چونکە نەباوکم و، نەباپیرەگەورەم لە گێڕانەوەکانیاندا ئاماژەیان بۆ لایەنی ئەو تەنیایی و دوورە خەڵکەی نەکردبوو. دیسان دەنگەکە دووپاتبووەوە ! ! سەرنجی بۆ لای کودییەکە راکێشا. بەژنی دانەواند. بەلاچاوێکەوەش، لەچوارگۆشە رێکەکەی زارکی کودییەکەوە نیگای پەپوولە سلێمانکە سەر بە شانەکەی کرد و.. ئیتر بەڕەوانی دەنگی بەندییەکەی بیست.

باوکم، وتووێژی مانی و ئەو مەلە جوانەی تێکەڵ و پێکەڵ و بەسەر یەکەوە دەگوت، وەلێ ئەز لەشێوەی دیالۆگ و هاوپەیڤینی شانۆیی بۆتی وێنا دەکەم. لەبیرت نەچێت،. سەردەمەکەمان سەردەمی وێنەیە.

پەپوولەسلێمانکە: لەپای چی سەرم دەبڕی ؟!

مانی: بەنیازی زۆرەوە، لەپێش هەموویانەوە، دەمهەوێ لە خوێنە گەرم و ئاڵەکەت، سوورێکی گەش و جادوویی دروست بکەم. لە ئێسکەکانیشت...

خەریک بوو بێژێ لە لوولاقەکانیشت شمشاڵ، کەچی باڵندەکە ئاخافتنی قاچی پەپوولەسلێمانکە: با... پەیمانیکمان لەنێواندا بێت. تۆ، ئازادم بکەو، منیش فێری رەنگانێکت دەکەم، کە هەرگیز بەچاوانت نەتدیتبن. چیت گوت؟

تریسەکی کێردەکە، لەچاوە مۆڵەقەکانی دەداو قیچێك تووشی رامانی دەکات. ئەوجا رووی دەوی دەکاتە بۆشایی نێوان چوار شولکەکان.

- دەبڵێ، پێشەکی بابزانم چۆن ! !

- مـن، شـای پەپوولەسـلێمانکانم. ئەڵبەتـە بەناویشـمەوە دیـارە لـە دەربـاری سـلێمان پێغەمبـەردا خزمـەتگوزاریم نوواندووە. ئـەویش، لەپاداشـتی ئـەوەدا، چـەندین نهێنیـی و تەلیسـمی لـەلام درکانـد، یـەك لەوانەش رەنگ گرتنەوەبوو.

هەرچەندەش دوولایەنی دژەکار لە دەروونی مانیی دووەمدا، بارتەقای یەکدی بوون. گومان، زمـانی خـۆی لـە بـاوەڕ دەردەکـرد. بەپێچـەوانەش باوەڕ، بـەو گومانـە پێدەکـەنی. وێـڕای دوودڵـیش، مـانی بـەلای دووەمـدا داشکایەوە. سەرکەوتن بۆ بـزەو خەنـدە بـوو بەسـەر تـەوس و لاقرتێـدا. هاوپەیڤینەکە مانیی کەیفسازکرد. گەشایەوە، بەشکو ببێتـە فریادڕەسـی گەیشتنە ماکی رەنگەکان، کەوا تەمەنێکە مـەراق و سەوداسـەرییە، بۆیـە سۆزناك و بەتاسەوە، دەمی خەندەی لێنایەوە، بەخامۆشی گوتی:

- بـۆ راسـتگۆیی ئـەوەی دەرانـدت، مۆڵـەت و قانـت دەدەمـێ. کـەس ئەوکەسەیە ماخۆی گفتی خۆی بێت. خـۆ ئەگـەر دەرفـەتت لەسـادەیی و بێگەردیم قۆزتەوە و فریـوت دام. هـەڵفریت و منـت بەگـەوج و خۆشـبڕوا، بەخەیاڵپووچ. زانی، مەگین ئەوسا بـۆم ببیتـە پەنـدو وانـە. ئەگـەر.. نـا.. ئەوا لەپێناوی هونەرو پێکەوە ژیاندا، دەبینە دوو دۆستی گیانی بەگیانی.

یەك یەك شولکی دەرووی پیرە کودیی دەرکێشان. پەپوولەسـلێمانکە خۆی راوەشاند و هەڵفڕییە سەرلێواری رۆچنەی ژوورەکە، کە ئـەو دەمـە. تێرۆژی لێوە دەهاتە ناو. هەڵنیشت و دووتوێی دەنووکی ترازاند.

- نەك تەنیا سووراو بـەس، فێـری مـاك و دروسـتکردنی شـین و زەردی ئەفسوونگەرت دەکەم. تۆزۆکەیەك هەدادانت هەبێ مامەی. . .

مـانی، خـۆی پێـڕام نـەکرا. لـەنێوان چاوشـارکێی دڵنیـایی و گومانـدا، لێوەکانی ترەکاندن. خەندە و سۆزی ڤیان لە وشکەکانییەوە تکان.

- خولیای سوورم.. سوور. بەرایی لە سوور بپەیڤە، سوور.

- با بەگوێرەی ئارەزووی. تۆ بێت. گۆکردی سوورت بیستووە؟ ئا ئـەو گۆگردە لـەناو هاوەنـدا بهـاڕە هـەتا وەکـو کلـی لێـدێت. ئـەوجا بـەخوێن بیشێلە، باشترە گەرخوێنی پەنجەیەکی دەستی نیگارکێشانت بێت. بزۆز، ئاخافتنەکەی بڕی. ئەوجا وشەکانی ئاوسی واقوڕمان و حەپەسان.

دەراند: گۆگردی سوور!! نەمژنەوتووە! مـن، زەردەچـەوەو گـۆگردی ئاسایی و شتی تر بۆ ڕەنگی زەرد بەکاردێنم، بەڵام ئـەوەی دەیڵێیـت زۆر زۆر دانسقەیە ئەویش ئەگەر هەبێت!!

بەدەنگی ئاوازینەوە پەپوولەسلێمانکە بەرسڤی دایەوە.

- ئەوە لەسەر منـە. مـانگی جارێك لـەو دەلاقەیـەی دادەنـێم. مایـەوە زەردو شینەکە.

تەنەخیی نەکرد و کاوەخۆ گەڕایەوە سەر پەیڤینە تامەزرۆکەی.

- تکایە... لەپێشەوە، شینەکە.

- بـا ئـەمیش بـە ویسـتی تـۆ بێـت، لەگـەڵ کلـۆی گـۆگردە سـوورەکە، هـەرجارە پیرۆزەیـەکی ڕەسـەنت بـۆ تێـرم. ئـەمیش چـوون گۆگردەکـە دەهاڕی. بەڕۆندکی قەتیسی چاو جوان بیشێلە.

مانی، گورج و بەدڵی بێسوو هاتەوە گۆ: فرمێسکی دیدی خۆم!؟

- بەڵێ. دەبێ ڕەنج و هەستی خۆتی تێوەردەی.

بەلەز، پرسیارێکی دیکە بە پاشەڵی پرسیاری پێشوویەوە گرێ دا.

- فرمێسکی شادیم، یان فرمێسکی پەژارەم؟

- بەخۆت هەردووکیان تاقیبکەرەوە، ئەوسا جوداوازییان دەزانیت.

بەپەرۆشـــەوە، پاشـــکۆی دوایـــین پرســـیاری بەتـــەنافی گەشـــکەییدا هەڵخست. چاوو دەمی دابچڕین. لەپاش هەڵوەستەو تاس بردنەوە.

- ئەدی زەردەکە؟! بەخامۆشی پرسیاری لێکردەوە.

- موروویی بەودمی زەردوویت بۆ دێنم. دیسان دەیهاڕی و لەگەڵ هێکـی دوو زەردێنە و تفی خۆت، لـەپاش مـژینی لیمـۆ تـرش دەیشـێلی بەسـۆزو ڤیانەوە ئاوهای گوت و، لە شەققەی باڵی دا. مانیی سـەڵت و ڕەبـەنی لـە بەرزەخی گومان و باوەڕدا، هەڵوەدا جێهێشت! باوەجوو مـەش بووینایـە بەرەنگاری هەمان دۆخـی نائـارامی دەبـووین. وانییـە پسـمام. بەهـەرحاڵ ئەفسانەو حەکایەتە، ئەمە!

لـەپاش حەوتەیـەکی دی. لـە تـەختایی دەلاقەکـەدا، موروویـەکی زەردوویی ئاودار، دانەیێ پیرۆزەی هەرە نایاب و دووسـێ کلۆی گـۆگردی سووری بەچاوانی خۆی دیت. هەرهەندەی مابوو بکەوێتـە هەلەکەسـەما و مەقام چڕین. بەڵێ، بەقسەی تۆی خوێنەری بە ئەمەکم دەکەم و لەکورتی دەیبڕمـــەوە. ســـێ ڕەنگەکـــەی بـــەگوێرەی پێـــودان و ئامۆژگـــاریی پەپوولەسلێمانکە، هەریەکەو لـە بۆتەیەکدا بەرهـەمهێناو، تەنکـە تـوێخی بزەی سەرکەوتن سیمای گەشاندەوە.

لەژوورەکەیـدا سـێ تـاقی هـەرە گـەورە هـەبوون. مـانی، لەمێشـکیدا نەخشەی سێ کەڤاڵی بۆ کێشابوون. ڕۆژی بـەرایی، دیمـەنێکی فـرە چـاو دوێـنی سروشـتی کێشـا. لەسـەر چـڵێکی پـاراوی نزیکـدا، قومرییـەك

دەیخوێند. ڕەنگە نوێیەکانی تا بڵێی خوێنەری هێژام، سەرنجکێش و ڕەونەقداربوون، هەستی بەئارامیی ڕەوان و تەنی کرد.

شەوەکەی، خۆشنوودو تەبا بەسەرچوو، لەگەڵ شەبەنگە گزنگی شەبەقی دا ڕاست بووەوە. بەلای کەڤاڵەکەدا تیپەڕی بۆوەی بەچەند گوێلە ئاوێك، خەوەباوێشکەکانی بڕەوێنێتەوە.

حەپەسا، واقوڕماو چوون مێخزنجیر لەجێی خۆی چەقی!! نەبادا تارای خەو بینایی بەرنەدابێت و، ڕەشکەوپێشکە بکات، خێراو بەجەخت پێڵووەکانی هەڵگڵۆفت. ئەوجا سیلەی چاوێکی لەکەڤاڵەکە گرتەوە. چی بدینێ باشە!؟ دیتی جێگەی قومریی سەر چڵەکە... ئا مەبەستم لە بۆشایی ناو هێڵی دەرەوەی قومرییەکەیە، لە سپیایەتیی دیوارەکە بترازێ، ڕەنگی پێوە نەمابوو! دەق وەکو مەلیچەکەکە فڕیبێت!! دەمخۆش. لێکچوواندنەکەتم بەدڵەوە دەچێ. لەپاش نمەباران، ساپێك لە عەردی هەڵبگری، دەبینی پشتی ساپەکە کزرە. دیارە جموجوولێك ئەو قومرییە ڕەنگڕێژکراوەی، لە ڕووکەشی و ئاسۆییەوە گوازتۆتەوە بۆ دۆخی بەرجەستەبوونی بارستایی لە دەروونی مانیی بەندەوارو ئاشقدا. چاك وایە پرسیاری پێشووت لەمەڕ جێگەبەندیی، یان کاتڕەهایی نیگار بێنیتەوە یادت، کە لە ئەزت کرد. ئەوا قومرییەکە لە جێگەیی دیوارەکەوە ترازاوە بۆ مەودای زەمەنئاراییی. بەواتایەکی تر: خامۆشی، کەولگۆڕیی گردۆتە خرۆشان. هێڵی دەرەوەی قومرییەکەش لەناو ئاهەنگی ڕەنگەکاندا ئاوهابووە، تێمدەگەی؟ لێرەدا جوولەو بالگرتنی قومرییەکە. هەڵگەڕانەوەیە بۆ مەودای چوارەم، کە ئەز بە(زەمەنی ئەفراندنی)

ناودەنێم. بەهەر سەبارەت، ئەمە بەگەمەی. جوانکاریی هونەری بزانەو بەئەفسوونکردن. بەئەفسانەکردنی دەقی تێبگە. هەرچۆنێك بووبێت، بەسەرسووڕمان و لێکدانەوە ڕۆژەکەی بردەسەرو یەکنوا سەری نایە سەر سەرین. ئاخۆ کەی نوست؟ نەیزانی. خاوخاو لەهامێزی پەلکەزێڕینەو، لەگەڵ شەبەنگە رەنگە دەگمەن و شەپۆلی هەستە جۆشیاوەکاندا دەخولایەوەو... دەخولایەوە.

ئاخرنازانم، کە مانەوەی وابەستەیی نێوان فیزیك و میتافیزیك بە بەدبەختی زانایانی وەك : نیوتن، ئاینشتاین، لیمیتر، هایزنبرگ ستیڤان هاوکنگی بزانم، یان بەقازانجی ئەدەب و هونەر و ئیستێتیکا. ئیتر ئەمە گێتییەو پێکهاتەی وزە.

## ـ 8 ـ

له ڕۆژی سێههمدا، خۆی بۆ کەڤالێکی دیکە ئامادەکرد، لە دەلاقەی بەرانبەری قومرییە هەڵفڕیوەکە، بەونیازەی نیگاری سوێسکەیەك لەناو ڕکەی تەختەبەندا بە لقی دارێکەوە هەڵبواسێ، گوایا ئەو باڵدارە نەتوانێ لە رکەکە خۆی قوتاربکات!

بەکورتی، کەڤالی دووەمی زۆر بەکارامەیی ئەنجام دا. بێخەم و، ئاسوودە شەوەکە نوست. لەگەڵ تیشکی بەیانیدا، بەئاسپایی خوشایە لای کەڤالە نوێیەکەی. دیسانەوە سوێسکەکە لەناو تەختەبەندی قەفەزەکەدا نەمابوو!! دیوارەسپییەکەش شوێنەواری رەنگەکان بوو! لایەکی قەفەزەکە شکابوو! زۆرتر هەراسانیی لێنیشت! دەزانی بۆ؟ چونکە پارچەو تەڵەزمێکی بێرکمە دارینەکەی لەو دەلاقەو لەخوارەوەش بینی! بۆ رۆژی پێنجەم، کە دڵنیا بوو مەلەکانی باڵدەگرن، لەتاقی هەرەگوشادی دیواری رووبەڕووی دەرکەی دەرەوە، بڕیاری دا ئیدی دیمەنی بێشەو گۆڕایی و، دیمەنی ئاوو سەوزایی نەکێشێ نەبادا قومری و سوێسکەکەی شەیدا و تامەزرۆی باوەشی سروشت کردبن. هەرچۆنێك بووە خۆیان رزگار کردووە. لەئاوەزی خۆیدا پلانێکی کۆك و سنووربەزێنی نەخشاند.

لەسەر تاوێرێکدا، کە دەیڕوانییە ئاسمانی چویتی، بەشێوازی نوێ پڕاوپڕی دلاقەکە، رەسمی هەڵۆیەکی هەرەمەزنی کرد.

ئەو دەلاقەیە دووبست لەزەوییەوە هەندەی بالآی زەلامێکی چەتەوڵ گەیشتبووە ساپیتکی ژوورەکەی. بەگوێرەی کشانی هەردوو قۆڵیشی بەرین بوو، دەك ئافەرین، هەڵۆکە توانای هەڵگرتنی کێشی مەردمێکی هەبوو. برێك لەنیازی مانی گەیشتووی. پەڕی بانباڵ و سنگی هەڵۆکە بۆری خاڵخاڵاوی بوون. نەرمەپەڕی ژێرباڵ خوارووی شیر رەنگ. بۆ ئەم مەبەستەش، کە مانی هەیبوو– دیارە ئەم سیناریۆو دیکۆرانە لەبرِشتی خامەی بەندەن– جووتێ خڕخاڵی لە قولە پێیەکانی هەڵۆکەی هەڵکێشا، یەکێکیان زێڕین و ئەوی دی زیوین، بۆ خۆڵواسین لەکاتی باڵابوونەوەی هەڵۆکەدا. راست دەفەرمووی، دەبێ بەراوردێ، یان ئاماژێك بۆ هەڵۆکەی زەردەشت بکەم. دەمخۆش، زوو درکت بەخواستی مانی و، جوانپەرستیم کردووە. بەڵێ... بەڵێ نیازی هەڵفڕینی لەگیاندا رسکابوو، بۆیە ئێشکگرانە شەوگارە نوتەکەکەی بەڕامان و لێکدانەوە گوزەراند. بێداری شەوێکی درێژو مانگ لێتۆراو بوو. ناو بەناو هەڵۆکەی بەسەردەکردەوە. لەگەڵ کازیوەدا بەتەواوی خۆی شەتەك دا بۆ... نازانم بەچی ناوی بەرم!! بۆ هەڵفڕین، یان چاوهەڵکۆڵین بەچەماوە دەندوکی هەڵۆو، بەقولاپە چڕنووکە تیژەکانی!! دەی، دەبا لەگەڵ تۆی خوێنەردا گەشبین بین چاکە. ئەم جەربەزەییە ناودەنێم (میعراجنامەی مانیی دووەم). بۆ کەسانێك نووسیومە، کە بە شەوقەوە دەخوێننەوە. برالە، خۆ زمان تەنیا دەنگی پەیڤین نییە، بەڵکو بەهایەکی شێوەکاریشی لەبێخیدا هەڵگرتووە. مەگەر نەتزانیوە، دەسپێکی زمانان لە وێنەوە رسکاوە. شیعرێك، چیرۆکێك، یان هەر دەقێکی نووسراو بەبێ خوێنەر

چـدەگەیەنیٚ! ؟ ئـەی چـۆن نـازانم، بـا ئەمەشـی لەتـەك نموونـەی بـەرز فڕینەکانی: پەیامبـەرو. مەعـەڕڕی و... دانتیـدا بێـت. قەیـدی چـییە گـەر میعراجی چوارەم بەنەققاشێکی ئێمە ببڕیٚ. لەناکاو، گلێنـەی هـەڵۆ تـایین بزوا، پەڕەکانی وەك بـەر نەرمـەبا کـەوتبن، لەرینـەوە! مـانی، بـەرەوەتر چوو، ئافەرین، زارۆکێك بوو لەیستۆکی بـۆ کرڕابێـت، شـادی و گەشـکەیی سەرانســەری رەوان و لەشــی پۆشـیبوو. دەسـتەکانی بـۆلای خرچـاڵـەکان بــردن و... هاکــا بارســت و قــەواریان گــرت! پەنجــەکانی تونــد تونــد پێوەگرتن. هەڵۆکەش قیژەیـەکی کـردو، بـەرەو بـیرۆی خـۆی لەشـەققەی باڵی دا. بەرزبوونەوە، بەرزتر بوونەوە. نیگایان ئاوێزی خواریٚ کرد. کەند و دۆڵ و لێڕەوارو کۆمای زینـدەوەرانیان بەخەتۆکـەو مێرووسـتان بیـنین. وایـە، ئەورۆکـە هـەمان شـت لـە فڕۆکـەوە دەبیـنین. لەچـاوی هەڵۆکـەو مانییەوەش تا دەهـات بینـدراوەکان چـووکتر دەبوونـەوە، دەی باشـە بـا شوبهاندنەکەی تۆی خوێنەریشـی بێتەسـەر. لـەو هەربڵندییـەوە، دیمـەنی خوارەوە لەچاوی مانیدا بووە هەمان کەڤاڵی سیٚ دیوارەکـەی و، ورینجـە ورینجی بوو.

هەتاکو ئێرە، حەکایـەتی گێـڕاوەی بـاوکم و بـاپیرە گـەورەم کۆتـایی هات و، ئیتر خەڵکی ئاوایی نەیانبینی. لێرەدا ئەرکی مـن و تـۆش ئەوەیـە پتر و قووڵتر بەدوایدا بچـین. ئامـادەی خوێنـەری دڵسـۆزم؟ ئـەوا دەبیـنم وەرامــی ئــەرێی بەگۆناتــەوە بۆتــە پەپوولــەی دیــودەر! پێشــبینی و پێشـگۆیی لـەم حەکایەتـەوە هـەڵهێنجێنین و ئاراسـتەی هێمـای بکـەین. دەچاك گوێتم بۆ بتەکێنە. نهۆ.. بەرەو کەشکەڵانی نادیاردا هەڵیبفڕێنین؟

یان له قوتکەی خۆرنەوەزانێکدا، لەقوللەی قافدا بنیشنەوە؟ زارخۆش، بەشداری ئاوها دەبێت. تۆ گوتەنی: با لە قەلاتیکی دێریندا لەنەورایی نێوان بڕێ گڕکانی دامرکاودا، بەئەسپایی سرەوتیان پێبگرین. ئەمە گەنجینەیەکە، پێگەی گوشادی بۆ ڕەخساندووین لەم سەردەمەی ژمارەبەندیی"DIGITAL" تۆڕەکانی ئینتەرنێت و، گریمانەی ئەبستراکتدا. چەند شانازییە بەهۆردووکمان ئەلفوبێیەکی دەنگی و ڕەنگی بێنینە ئاراوە! چاك بۆی چوویت، ئەمە ژانرێکە لە شیعراندن و، گەشتیاریشە بەرەو ئاراستەی دژەشەپۆل. دەخوازم وشەکان لە گرێژنەی قاموسییانەوە بترازێنمە شێرازەیەکی جوانینوێنەو. نەخێر... نا.. گیانەکەم، ئەمەی گوتم بەفەلسەفەیەکی نوێی تێبگە، چونکی فەلسەفەی ئەمڕۆژیمان عەقڵی پرسیارو ڕەخنەی لەئامێزدا هەڵگرتووە. فەلسەفەی سەردەم، لەبیرکردنەوەی گونجاودایە بۆ باشترکردنی ژیانی تۆو من و سەرپاکی مرۆڤایەتی، بۆیە بۆت هەیە بێژیت: خشتێکی مکوومیشە شیاوی سیلەکانی شانەشینی جوانسازی. ئا.. ئەمەیشە. رووگەی.. ئەم تێکستە دوو قۆڵییەمانە. پسمام. ئاخر بیرکردنەوە و یەکدگیریی دووهۆش لە یەکێك چاکترە. وەنییە؟ ناوی ئەم بەشەمان دەنێین(ڕەنگستانی ئەفسانە) دەمخۆش، یان ( ئەفسانەی ڕەنگستان). ئەز، بەشداریی ئاوهات لێ چاوەڕوان دەکەم و هەڵوەدای کۆمەکتم. دەبجمێ و من بجمێنە، دەی.. بەرەو مزگێنی و ماندوو ڕەوێنی..

## ـ 9 ـ

بەیارمەتیت پەروەرندەی دلۆڤانم، ئـەمجارە نـۆرەی منـەو، پـاژێ لـە زارگۆییەکانی باوك و بابا گەورەتم پێبسپێرە. منیش لە خوێندنەکانمەوە بۆم یەکالا بۆتەوە، کە تایبەتمەندێتی و خەسڵەتی نوێـژەنکاری ئەوەیـە، کێلگەی بەینی بۆ شـێوە قـووڵو وابەسـتەو تێکچـڕژاوەکان پـتر والابێـت. ئەمەیشـــە دیاردەیـــەکی بەرچـــاوییە لەوپەیوەندییـــەی نێـــوان هونـــەرە جۆراوجۆرەکـان و هەماهـەنگییان. لەبیرتـە، خەونەکـەمان بـە سرووشـان ناوزەکرد؟ وامنیش میعراجنامەی مانیی دووەمی جەنابت بەسرووشان ناو دەبەم. دەفەرموو ئەوجا نۆرەی جەنابتە. راست دەفەرمووی وایە لەگشت گۆڕانکارییەکانـــدا، چ لەتوێـــژی کۆمـــەڵ و، چ لەئـــەدەب و هونـــەرو ژانرەکانیاندا پێشەکی تووشی جووتێ تەوژمی بەرهەڵستکاری دەبێـت بـە گوێرەی پالاوتەی بۆچووتم.

یەکەمیان: گومانکاری و ڕەتکردنەوەیە.

دووهەمیان: بەشەرمەوە وەرگرتنیەتی.

ئەویش راستە، گەنجینەی نوێگەریش لەلایەن خۆیەوە، لە بـەرەنگاریی ئـەو دوو دیاردەیـەدا تونـد دەوەسـتێ. دەپرسـم: بـۆ؟ وەلامـی دلنیـاییم دەدەیتـەوە، : کـە دەقـی (پـاش نوێخـوازی) لـەدیرۆك و فەلسـەفە، لـە شێوەکاری و سایکۆلۆجی، لە سـینەماو شـانۆو هەرچـیت بـە بـیردا دێـت،

دەخوازێ. دەبا وێکڕا لەم دەقـەدا، لـە خەونەکـەی ئـەزی خوێنـەر و، لـە میعراجـە رەنگسـتانەکەی ئـەو نەققاشـە کوردەی، کـە بـەمانیی دووهـەم ناساندت و لە زۆر تشتی دی، واتای نوێ و شێوازی نوێ بقۆزینەوە. چیت گۆت؟ جاری ئەوتۆ هەیە، کە کاریگەریی دیمەنێك/ گۆشەنیگای فۆتۆیەك/ بـوێریی کاریکاتێرێـك/ سـیحری کـەڤاڵێك/ زایەڵـەی موزیکێـك/ رەزمـی سەمایەك، تەنانەت بزاوتی هێڵێك و خەندەی پەڵە رەنگێك پتر لـە وشـەی نووسراو بەتۆڕی دیتنمان، بەپـەردەی بیسـتنمان و ژێیـەکانی دەروونمـان دەلێن. بەڵێ، ئاوهاتانێ ئافریدەرەکـەم. (نجنسـکی) ی سـەماوانی بـالێی راسـتەقینەو، کەسـێتی زۆر بـالێی نووسـراوی سـەر رووپـەلان، ئـەوەی بـەزارەکی بۆیـان گـوزارە نەکرابایـە، ئـەوا بەسـاما دەریـانبڕیوە، بگـرە نـەگوتراوو تۆمـاری نێـوان دێڕەکانمـان پێڕادەگەیـەنن. دەبێـژە: وانییـەو بـــەدرۆم بخـــەرەوە دەی! لەگـــەڵتام و نکوولێشـــم نییـــە، کـــە شـــێوە کاریگەرییەکە وابەستەی وەرگرتنەکەیە، بەجۆری رێژەی پەیوەندییەکـەی و، بـە ئاسـتی ئایـدیاو ژیارییـەوەی. مـن و تـۆش، گـەرجوداوازیمان لـە وردەکـاریی(ئاوەزگـەرایی) دا هـەبێت. دووپـات و چـەندپاتی دەکەمـەوە، هەربـــەخۆت ئەومافـــەت پێبەخشـــیوم بـــۆ بردنـــە بـــەرەوەی پرۆســـەی داهێنانەکـــەمان. هـــەرگیز جـــەنابت گوشـــاری هـــزری خـــۆت بەســـەرمدا نەسـەپاندووە، بەنموونـە: لـەبارەی جیهانگـەرایی ئـەمڕۆ، مـن دەڵـێم: هەرچـۆنێك بـووە دەبێـت تێکـەڵی بـبین. جـەنابت ئێـژی: (نـەك بـەواتا رووکەشـە زمانییەکـەی و بـەس، بـەڵکو بـەواتا. مێژووییەکـەی، چـونکە لەدۆخی یەکەمدا، مەبەستم لە تێکەڵبوونە سەرومرەکەی تۆیە، هەڕەشەی

بوونمانی تێدا دەبینم و لەوانەیە بچرووسێینەوە. لەدۆخی دووەمیشدا وەکو گوتم بەواتا مێژووییەکەی، چەسپاندنی ناسنامەمانەو، هاملت واتەنی: خۆمان دەبین. ئەمەیە ئاستەنگی دۆزەکەمان... گیانەکەم). ئەوەش بەهاوپشکییەکی تەریبی ئارەزوومدانە دێتە دی نەك بە زۆرەملێ. ئا.. لەمەدا یەکدەنگین. دەبێ ئەوپەردەیە بدڕێنین ئەگەر راستیی لێ شاردینەوە. خواستم ئەوەیە، کە هەموو مرۆیەك مافی خەونبینینی هەیە بۆ گونجاندن و بووژاندنی ئایندەی. مانیش، لەوپێناوەدا چوست و جەربەزانە ئەو تاسەو حەزە ڕەوایەی ئەنجام داوە. ئێمەش، چاومان بڕیوەتە شوورەی قارەمانی و کارە جاویدانییەکەی و، بەدوایدا دەچین کەوا جۆرێکە لە کاری... دەفەرموو جەنابی پەروەرندەرم، رستەکەم بۆ تەواوبکە. جۆرێکە لە کاری چی؟! مەگەر رۆمان پێشەنگی هونەری گێڕانەوەکان نییە و هەم بەکاری رزگارکەری سووانی خودی گێڕانەوەکەشی دەزانی؟ بەختەوەر و دڵمەند خۆمان، ئەگینا چیمان لەفانتازیا و نامەعقول داوە ئەگەر نووکەشی لەگەڵدا بێت، دەیان و سەتان( مانی) و (هەلاج)و مێرخاس دەمکوت و باڵبەست نەکرابن!!

- وەکو گوتم جەنابت رێچکە دەربڕینێکی تایبەت بەخۆت رۆناوە، کە لەوانگەلت جودا دەکاتەوە.

- بێژە: شێوازێکی تایبەتی، کە بەشیعراندنی زمانی تێدەگەم بۆ گەیاندنی پەیامەکەم.

- دەمخۆش. دەشێ لەئافریدەدەری خۆم بپرسم، مەبەستی بنەڕەتیت لە شێواز چییە؟

- بۆ.. نا، کاکی خوێنەری نموونەیی. زۆر بەکورتی، شێواز جۆرە دەراندنێکی ڕەوانبێژییە لەهەڵبژاردنی وشە، لەگونجاندنی دەستەواژەکان بۆ دەلال و دڵڕفێنکردنی ڕستەو ئاهەنگێڕکردنی بابەتەکەش. باشە، دەبێ منیش لێت بپرسم: بۆ گفتوگۆی نێوانمانت دراماند کاکی خوێنەرم؟!

- گەرەك بوو پێشەکی ئاماژەی بۆ بکەم، بۆئەوەی تێکەڵ و پێکەڵی نەکەوێتە نێوان بۆچوونەکانمانەوە. فەرمووت بۆ ئاهەنگێڕکردن و دەلالکردنی ڕستەو بابەت، چۆن؟ بەژیریی هۆش و ئاگایی، یان بەکارانجامی هەستەکان؟

- تێکڕا بە هەموویان. بەتۆکمەیی و هاوئاراستەیی هەستەکی و هۆشەکی، کە چەپکێ پێوەندی پێکدێنن. وردەبەرەوە لەوانەی گوتمن. لە ڕەگەزە جوانسازییەکانی زمان و، توانا شاراوەکانییەوە، ئەوەش وەك بەر لە نووکە گوتم، بۆ بەپێزکردنی، بۆ شیعراندنی هەر دەقێکە. تۆ، پتر تەنگەتاوی دەربڕین بوویت.

- کە گوتاری داهێنەرەکەیەو، لەئاکامدا کاریگەری هەیە بەسەر خوێنەر، ناخی چێژمەند دەکات.

- ئەڵبەتە ئەوەی کردووتە، لادان و هەڵگەڕانەوەیە لە زمانی ئاسایی و گوتەی هەرزە بازاڕی!

- بەڵێ ئەوەم مەبەست بوو. زارخۆش. چاك نیازمت پێکا، ئەویش دروستکردنی زمانێکی ئاشنایە بەگوێی بیسەرو چاوی بینەر. لەم سۆنگەیەوەش، (نا) بەرووالەتگەریی فۆرمسازی و، ناش بەیەکەیەکی داخراوی هاتەران پاتەران دەڵێم.

- دەبا بەتەنگی دەقەکەمان و بالآبوونی مانیدا بچین. لەکەلاوە قەلآتێکی دێرینی لاچەپەکی کێوێکدا نیشتنەوە. دەوراندەوریان هەلّدێرو کاوانە تاشی خزو، رەوەزە بەردی دژواری ئەوتۆ بوون، کە شوێنپێی ئاژەلّەکێویشیان لەچاوان وندەکرد! ئەوجا جەنابت لەسەری برۆو تەواوی بکە.

- خواروی کەشکەلآنە بیرۆی هەلۆکەش خەرەندو کەفچرە زێیەك بوو، لەو رەوەزە هەزار بەهەزارییەوە، سیم و هەودای زیوینی دەنواند بەکراسی ئاودامانی تەختە کەسکی گولّ شینەوە!! لەوێرا مانی لە روانگەی کاکی بەکاکیی خۆیەوە خڕۆکە کوچکێکی هەلّداشت. دم.. دم.. دم، تلاوتل دەنگی دایەوە هەتا کۆسپێك گیرساندییەوە. نەگیانەکەم، توونی بابە عەمرەی چی و خەرەندی ئامێدیی چی!! هۆردووکیان بدەیتە دەم یەکەوە مەگین ئەوسا بەویّ بکەن.

- دەچاك وایە بەردێکی گەورەتر، بۆ تاقیکردنەوە هەلّبژێریّ. باشم گوت؟

- وایکرد. هەتا بۆی کرا خلۆری کردەوە. دم.. دم.. ددم.. دمدم.. دمدم. دمدم.. ددم.. دم. بۆ دەمێکی درێژخایەنتر دەنگی دایەوە. بە خۆی گوت.

- مەوەستە. چیی بەخۆی گوت؟!

- گوتی: هەبیّ و نەبیّ ئەم کاولانییە شوێنەواری قەلآی دمدمە وا لەم سەرلەنگۆرەدا. لانەواز کەفتووەو، هەلۆکەش کردوویەتییە مەلّبەندو بیرۆی شکۆمەندیی خۆی!

- خوارینیشی بۆته گڵکۆو تەراتێنگەی. شەوگەردو، شوورەی بزنمـژەك و مارو خشۆکی جوون جوون و، چۆڵگەردی دیکە. باشم گوت؟

- دەك ئافـــەرین. لـــەپاش ســـــووڕانەوەیکی نـــاو خاشـــاك و، بەسەرکردنەوەیەکی بەندەنە کەوناراکەدا، چی بدۆزیتەوە چاکە؟! کونـە دەریچەیەکی بەدیکرد.

- چوون زارکی ئەشکەوت بەدەوەن و رووەکی هەمیشە سەوزی نساران داپۆشرابوو، لۆیە مەزەندەی ئاوی لێکرد.

- دیارە مانی، بەدەوی ئەوجۆبارە شاراوەیەی زانی، کە لۆ دابینکردنی ئاوی لەشکرگەو ئاژەڵو چارەوێ هەڵیانبەستبوو.

- ســێبەرەکان، بەرلـــەوەی لەزەردەپـــەڕی ئێوارەکـــەدا بتوێنـــەوە، درێژکۆلانە راکێشابوون، کە.. لەناکاو.. بالاپۆشێکی بەکورتەك و شەڕواڵ، بەژنێکی تێکسمراوی ناوازە، مەودای دیدگـەی مـانیی داپۆشـی!! مەگـەر هەوریی ریشودار، مەگەرپشتێن و دەسەسـڕی ئاوریشـم، مەگـەر فەقیانـەو پەسـتەك و، ئـەو تەنتەنـەو سەنسـەنەیە لـە زەری پێسـتێکی وەك خـۆی بوەشێنەوە!!

- دڵنیام لەوەی کەسی مانی ئاسایی، نەچەواشـە دەبـێ و، نەدڵـەکوتـێ دەیگرێ، لێ شـیاوە سـەری سـوورمابێت لـە چـۆڵەوانیی خـاپوورای وادا، لەخۆی بپرسێ: ئەم ریکپۆشە کێ بێت و چ کارە، کە لەم خۆرئاوابوونەدا، کوارگانە هەڵتۆقێ!؟

- خوێنەری بەئەمەك، زەردەمـاری دەزوولـەیی ئاسـۆ لەگیانـەلا دابـوو. دامێنی پـەڵە هەورەکان خێنین بوون، مەگێن دیمەنی شـیرینی ئاوهـا، ئـەو دیمانە ناوازەی ئەو دوو کەڵەمێردە بگرێتە خۆی!

- دیمەنی سرکەری ئاوهالانە لە رەوانی تۆو من و مانیشدا هێدی هێدی کانیلەی سۆز دەتەقێنێ. کەسەری و ناجۆرییەکان دەتارێنێ. وانییە؟

- ئەوجا بەلامەوە پەسەندە، پاش ئەوەی شەنگ و تین و تاوی گوتنی جێناوەکانی یەکەم و دووەم و سێهەم، بۆ من و جەنابت و مانیی هونەرمەند رەها بوون.

- وایە. بەکامی. دلمان ئاخافتین. با بەدلّ و گیانەوەش گوێبیستی کەسە لەناکاو پەیدابووی وێرانە خاکەکە ببین.

- هەی پایەداربیت، ئینجا پێکەوە چاوەڕوانی دەم و دووی ببین، کە ناوم لێناوە (جێناوی کەسی چوارەمی دێرین) ئەوجا ئایا زمانەوانان لێم وەردەگرن، یان.. نا.. نهۆ، تۆ گوتەنی با بە ئارەزووی خۆی بپەیڤێ و پەرۆشانە ئاخێوەری دەگەڵ مانیدا بکات.

- ئەدی چی لەبارەی حەقایەت و خەون و ئەفسانەوە دەزانی؟

- ئەز، لەڕوانگەی خۆمەوە سێ تێبینیم هەیە.

- تکایە... ئەوانە چین؟

- یەکەمیان: گێڕانەوەی ئەوانە یەکدەگرن لە لای گەلاندا، کە بە زمانی هێماو سیمبولن. دووەمیان: حەقایەت وخەون و ئەفسانەش جیهانگەلێکن بەدەر لە دەستڕۆیی شوێن و کات و عەقلّ و مەنتق. سێیەمیان: دیاردەیەکی جۆرە دەربڕینی هزرن هەرچەندەش لە شێوەیەکی ساکاردا بووبێت.

## _10 _

(ماف بەتۆیە گەر نەمناسی) نەناسەکە بەمانیی گۆت. (پێشەکی چ کارەی؟ بنە جنۆکەی ! دێوانەی هەردانگەڕیت، یان چی ! ؟ چۆنیش گەیشتییە ئێرەی تەریك؟ ! ) مانیش، پرسارگەلی خێرای هەڵخست. (پرسیارەکانت یەك وەڵامیان هەنە. تۆی بەڕێز، دووبارە منت خولْقاندۆتەوە) حەپەسانی و سەرسامییەکەی مانی رەوایە. لە کانگەی دڵەوەش دەنگی تاسووقی ویی بیستەوە.

(منیش تۆی نەققاشم گەیاندە ئێرە بۆ چەمکی تەبایی بوونی گییانی بەگیانمان) هێشتانێ بە چاوو دەروونی مانی تەواو لەو مەتەڵ و چەوچەیە رۆشن نەبوو، دەسبەجێ نەناسراوەکە رووی دەمی لێکردەوە.

(دەی پێڵووەکانت دابگرەو، بەچاوی ناخت کەڤاڵی هەلۆکەت ببینە. ئەزی. خێوو سەروەری ئەم قەڵاتە دۆنایدۆنم کردە ناو هەلۆی رەنگستانەکەتەوە. دە نیگای حجیلە زیوو زێڕەکەت بکە، لە قولەپێمت هەڵکیشابوون ! ؟

مانی، یەکڕاست هۆشی بۆ"لەپزێڕین"ی مێرخاس چوو. سەری جاویدانیی بۆ کەچکردو، بەشێوەیەکی نوێ یەکدییان نیگاباران کردەوە. (بڵندمت کردەوە ! ! )

- دەبێژە خوێنەری ڕێزدار.

- بەئیکلام و دوودەوەش دەستڕامۆسییان کرد.

- ویجا، ئەو کەسی چوارەمە پیرۆزو جوامێرە، پەلی کەسی سێیەمی. واتا مانی، راکێشایە پەڕەگەیەك. لەوێڕا، پێکڤە تاشە بەردە شۆرێکیان لەژێر کەڵەکەچنێك لادا. دەروویەکیان لێوالآبوو. بە چەند پەیژەیەکی هەڵکۆڵدراوی بەردیندا نەویبوونەوە ! !

- مانی، لەوێندەرێ پەروەرندەی هێژام چاوی بە زەمبەرو خشڵی زیوو زێڕ، بەشازە بەردی بەهادار کەفت.

- دەستی بۆ هیچ کامێکیان درێژنەکرد، وەلێ کە پەرتووکێکی بەرگچەرمی سووری دیت، بەئیزنی خان هەڵیگرت.

- لاپەڕەیەکی لێ هەڵدایەوە.

- ئافەرین... لەگۆشەی چەپی سەروویدا، شەقڵەمۆری خان، لەناو جغزێکی هێلکەییدا دەخەنییەوە. لە نەوای دەنگی خانی لەپزێڕین هاتە خۆی. چنگی نیگای لەو کرد.

(تۆمارگەی خۆڕاگریمان بۆ نەوەکانمان کردە سەرمەشقی رابوون و ژیانەوە.)

- خۆ مانی، دەیتوانی گیرفانەکانی لە خشڵ و زمرووت و شەوەی رەسەن و یاقووتی بێمانەندی گەنجینەکە و پارەوپووڵ پڕ بکات.

- تەنیا پەرتووکەکەی بە گەنجینەی لەدوا نەهاتووی رەشکوژی و تراجیدیای کەتنەکە زانی. دەبڵێ بۆ؟ چونکە خوێنەری بەئەمەکم، دراو تەنیا چارەسەری دەمێکی ناگزووریی رەشوڕووتانە و بەس.

- ئەویش، ئافریدەدەری رەوان شادم، عەبدالْ و هەڵودای چارەسەریی کۆك و بنبڕ بوو.

- بۆیە یادەوەرییەکانی خانی ماچ کردو.

- بەپاداشت و جیلوەبەخشی داهاتووی گەلی زانی.

- خانی، ئەو دەسنووسەی پێبەخشی. مانیش، بەو دیارییە سەنگینە رەوانشادتر و فەرامۆشتر بووەوە.

- خۆ لەمێژبوو، حەزو مەراقی بەر دڵی و تاسەی چووبووە رووداوگەلی سامناکی زۆرینەی قەڵاکە، لەگەڵ ئەوەشدا. . .

- دوو لە سێ بەشی شەوگارەکەیان بەگێڕانەوەی جێماوی راستینەکان و کۆستە دڵتەزێنەکان بەسەربەرد.

- پێشتریش، چاویان بەشوێنەواری مەترێزو سەراو حەرەمخانەدا گێڕابوو. ئەستێرکی ئابلۆقەو گەمارۆ. تەنووری خاپوور و کەندووی رماوی ئازوخەی ئاردی گەنم و جۆو دانەوێڵە.

- ئەوجا، لە بوولێلی دامێنە پاژی ئەوشەوگارە دەگمەنەدا، بۆدوایین هەڵفڕین فریای خۆیان کەوتن.

- ئاخۆ ئەمە بەرسڤی پاشینی دەقەکەمانە، بەئێستاو رابردووەوە؟

- نەخێر... نا. دەقەکەمان، وا زوو بە زوو دانەخەین، کە هاوکات لەگەڵ کۆتایی رووداوەکان و، گێڕانەوەکە بنبڕ بقرتێ. تۆی ئازیز، مەچیرێکی ورشەدارت لەیاد بێت بۆ گرێدانی: تانی ئێستا بەپۆی پێشوو، بۆ تەنینی ئەو مافوورەی داهاتوومان.

- کەواتا، دەقەکەمان وازووکراوە جێدێڵین لەڕووی تیشک و، هەم بۆ خوێنەرانی دیکەش.

- هێڤیدارم لەمێشکیاندا، چێوەی دەقێکی هاوتەریبی ئەمەی ئێمە بکێشن.

- دەمخۆش پەروەرندەی وردکارم، دەمخۆش. لە پەلەیی ئەو هەڵەیەم ببوورە. دەبووری؟

- ئەوجا، لەو هەڵەمووتەدا، لەچاوترووکانێکدا خانیی لەپزێڕین کەولگۆڕیی کردو.

- بووە هەلۆ شکۆدارەکەی پێشوو! !

- مانیش، هەردوو دەستی بەجووتە خڕخاڵی زیوو زێڕەکەیەوە توند گرت و...

- لە زەوێری کەژەکەوە بەرز بەرز بوونەوە.

- چاوەکانی نووقابوون، هاکا لەگەڵ داوەگزنگی ڕۆژێکی نوێدا، پێیەکانی لەزوەینی ژوورەکەی داو... چاوی تژیی تەلیسمبەندیی گێڕا.

- دەبێ سەرنجێکیش لەکەڤاڵەکەی بدات. بەتایبەتی هەلۆی سەر کەڤرەکە، وانییە؟

- ئیتر لەو ڕۆژەوە، هەلۆی پیرۆز جێنشینی کەڤاڵەکەی بوو. بەڵێنیشی لەگەڵ خۆیدا بەستا، کە ئەو پەرجۆیە هەرگیز بۆ نەیاران نەگێڕێتەوە. ئا... لەخۆشیی ئەو دیداربینییە پاکیزەیەدا لەبیرم چوو بێژم، کە مانی دڕکە شەکرۆکەیەکی ئەو ئاقارەی، بۆ نیازێک لەگیرفانی خۆی نا. دەفەرموو، بێپەروا بەرسڤت چییە، کە دەبینم بۆتە پەروانەی

هەڵنیشتووی گۆنا و روخسارت و، خەریکی پـەروازو باڵـە فڕەیـە!؟ بـەڵام هەرچەندەش رۆژێکی رەبەقیش مەژگتی بۆ بگوشـیت، نـازانی لەسۆنگەی چی ئەو دڕکە هەناو شیرنەی وەشارت و تەقەتی کرد!! دەزانـی بـۆ؟ بـۆ ئەوەی بەچقڵە تیژەکانی، ئەنگوستەکانی خۆی بـەخوێن بـێنیٚ سـەبارەت بەئامۆژگاریی شای پەپوولەسلێمانکان.

- لەبەرچی!؟

- وا زوو بیرت کول بوو!! بۆ گرتنەوەی رەنگ و، هەم بۆئەوەی ستەم و دڵسـەنگیی ئـەو هێـرش و پـەلامارە، هەتاهـەتایی لـە رەوانیـدا کـاڵ نەبێتەوە.

- دەك ئافەرین. وڵاتپارێزی، نەبـەردی و بـوێریی ئـەو ئابڕوومەنـدە بـیٚ هاوپشـتانە، سـەرەڕای وەزەن و ئـێش و نێشـیان بۆمـان بۆتـە نەخشـی مافوور و دیواربەند و کۆتەڵی سەرفرازی.

- گیانەکـەم، ئیـدی لـەوە پـاش، رۆژی سـیٚ دان کەڤاڵەکـەی بەسـەر دەکـردەوە. راسـتەوخۆ رەوانـی دەدوانـدو، تـین و تـاوی نـویٚ و نـوێتری پێدەبەخشی، بزوێنتر و پێشبینتری دەکرد.

- دوایین پرسیارم لە ناونانی ئەم دەقەمانە.

- بیهێنەوە یادت، کە سەرو ناوێکمان پێشـنیارکرد. دەبـا دەرفـەت بـۆ جێناوەکانی دیکەش برەخسێت لۆ دۆزینەوەی ناوی شیاوتر.

- با... وا... بێت.

## _11 _

ئەگەر رۆمان، زیندەوەرێکی وێژەیی بێت بەگوێرەی(جان رێکاردۆ)، یان زیندەوەرێك بێت لە کاغەز لە دیدی(رۆلان بارت) ەوە ئەوا ئەز، بەزیندەوەرێکی.. لەناوکەوانەدا(مشەخۆری پیرۆز)ی دەزانم، هاوتای ئەوقالۆنچە سەوزانەی میسرییە کۆنەکانی سەروبەندن فێرعەونان، کە دەیانپەرست. دەبپرسە: چۆن مشەخۆرە و بۆکویَ درامەتی خۆی پیادە دەکات؟ وەلاّم: لەبەرئەوەی، زارگۆیی و دیالۆگ ستووندەی درامایە. رۆمان دەیخوازیَ و لە خۆی مارەی دەکات. هەلۆێستنواندن دەماری بونیادی کورتە چیرۆکە، رۆمان بە مفت بۆخۆی گلیدەداتەوە. لە سینەمادا قوتکردن ومۆنتاج زەوتدەکات، لە زانستی دەروون ناخگۆیی و مەنەلۆگ! !. جا لەوە مشەخۆرتر هەیە! ! هەروەها، پالّدەداتە شیکردنەوەو رەخنە، کە دوو بنەمای وتاربێژییە. یادەوەریش، سەربەمێژووە، ئەو بەپاوانی خۆی دەزانیَ. ئەوجا بڕۆ بۆ دەسبەسەرداگرتنی زمانانی هێلّ و رەنگ و سێبەرو بۆشایی، کە پێبەندی کەڤالّ و پەیکەرن... تاد، بەلاّم سەت ئافەرین لە مشەخۆریی وەهای بەپێزو بڕشت!

ئەمێستا خوێنەری هاوڕێم، سیَ پەیکەرۆکەم، لە سیَ رەنگی هەمیشە نەرمی قوڕی دەستکر دروستکردووە. یەکەمینیان سوورە. دووەمینیان

پرتەقاڵییەو، سێهەمینیان کەسکە، ئەڵبەتە لەو ڕەنگانە هیچ نیازێکی سیاسی مەدۆزەوە. با گیان بخەینە بەریان و ناویشیان بۆ دانێن. چاکە. سوورەکەیان با ناوی سەلیم بێت. پرتەقاڵییەکە ناوی یەشارو کەسکەکەش ناوی عەلی بێت. هەرسێکیان نقیسکارن، لێ بەزمانانی چەوسێنەرانیان مامەلی لۆڕستانییە. ئاپۆ یەشار باکوورییەو، کاکە سەلیم زایندەی باشووری گچکەیە. تۆی خوێنەری بەڕێز هەرگیز لەم تەکنیکە و خوازەیەم شیلۆ مەبە. مەخەنێوەو دەماری لاملت بەپەستەی خوێن مەئاوسێنە. ئەوەی خوازیارم لەو سێ پەیکەرە، ببوورە لەو سێ نووسەرە ئەوسی: گیرۆدەی هەلۆێستیان بکەم لە ڕۆخی(ئاوەسپی) ی ئەو گەرمەسێرەدا، ڕۆڵی ڕاوکردنیان لەستۆ بگرم. بەلێ، لەو گەرمیانە بەرینەدا، بەرشالاوی کۆمکوژیی ڕەگەزپەرستانە کەوتن، کە بەجینۆسایدی هەشت ئەنفال ناسراوە، بەلام بەچ زمانێك بپەیڤن گەر هیچ کامێکیان لەزمانی ئەو دووەکەی هاوشانی نەگات! ؟ بە نموونە: ئەوسای کوندەبویەك بەبان سەریانەوە بدینن وا ڕاوی باڕە کەوێك دەکات، مەگەر هەریەکەیان قامکی هەڵبڕی، چاوی بپەڕێتە تەوقی سەری و، بە زمانی کەڕولالان بدوێ! ! لە کاتێکدا نە سەلیم فارسی و تورکی تێدەگات! نەعارەبی و فارسی دەزانێ یەشار. مامەلیش لە فارسی بەولاوە، لە تورکی و عارەبی نابەڵەدەو تەقەی سەری دێت! ! ئەدی چارە ! ؟ دەمخۆش. ئەمنیش هەمان هزری جەنابتم لە مێشکدا بوو. دەبێ بەزمانی دایکزایان وتووێژبکەن، کە نە فارسی و نە تورکی و نە ئارەبییە. با دەمەتەقێکەیان تۆزێك شاش و ناپەتی و تێکەڵی ئەو زمانە بێت. ئافەرین

مـــەگین ئـــەو دەمـــە بـــەڕێیان بخـــەین رووەو راوگـــەی گـــەرمیانی لای (ئاوەسپی).

کاکـــــە ســـــەلیم، داری قـــــولاپ و تۆڕۆکەیـــــەکی ماســـــیگرتنی بەسەرشـــانەوەیە. مامـــەلی، تـــاپڕی دوو لوولـــەی بەدەســـتەوە. ئـــاپۆ یەشاریش، قەڵماسنگەکەی تاو نا تبوێك دەشریقێنێ. ئا. بەڕاست، خەمت نـەبێت، جیـاوازی ناکـەم هـەرگیز لـە راوی ئـاوی، یـان شـکاری ئـاخی و ئاسمـانی. هـەرە گـرنگم لـەلا، بـەرەو راوگـە، بـۆ نـووا هـەنگاو بـەرن. لـە رێگـەدا، مامـەلیی کرماشـانی، دەسـتی سۆزی هەڵدایـە سەرشـانی کاکـە ســـەلیمی لـــەخۆی تەمـــەن نـــەویترو، بـــۆ کورتکردنـــەوەی رێگەکـــەیان، بەشێوەزاری لوڕڕی پرسیارێکی وەرووخست.

- ئاقـای سـەلیم شمـا بەڵـەدیت لێـل موسـتەلەحاتی فەلسـەڤ و دێـرین هەس وداکۆکیشیان لێدەکـەی. ئێـژم(ونگـە). بناخەکـەی لـەکوڕا هاتگـە؟ وەقوروانـت بم، خـەیلی موتەشـەکیرەم. کاکـە سـەلیم، ئـاوڕی لێدایـەوە. بەشـانەی پەنجـە درێـژەکانی قـژە پـڕو گیڤەکـەی داهێنـا. برژانگـەکانی هاوسـەنگ لەرانـەوە. گـەرووی بـە ئحێـك خـاوێن کـرد و، چـەمایەوە بـۆ هەڵگرتنی چیلکەیەك هـەتاکو لەسـەر خۆڵـە پەتانەکـەدا ئەگـەر پێویسـتی کرد، هێڵکاریی ونگەیەك (LABYRINTH) بکێشێ. وەستاو هەرچەندە بـۆ مامـەلی دەپـەیڤا، بـەڵام گـەرەکی بـوو ئـاپۆ یەشـاریش ببیسـێنێ. ئەوەشی بەگونجا وزانی.

- لەقەرنی شەشەمی پێش مەسیح، لەئاخی یۆناندا، فەلسەفە نشونمای پڕمەزنی کرییە بەمەعنای ئوسلوبی بیرکردنـەوە. ئـەخیرەن بـووە گـەڕان

بـەدوای حەقیقـەت. وچـانێکی کـورتی دا. چـاوەزل و کراوەکـانی لـە دوڕ چاوی مامەلی بڕین.

- مامەگیان. لە ئوستورەی ئەوانـدا بەرچـاڤم کەتییـە، کـە (نینـۆس)ی زۆرداری زەبروەشـێن، جێگەیـەکی چـێکردبوو، کـۆڵان لـەناو کـۆڵانێکی تێکهەڵکێشـی وا بـوو، موتڵەقـەت ئەوانـەی بەرسـزاو غـەزەبی دەکـەوتن، لێوەی قوتار نابوون! سەرەڕای ئەوەش (میناتۆر)ێکی برسیی لەوێندەری راگرتبوو، لەگـەڵ تـاریکی شـەڤدا، پـەلاماری نێچـیرەکەی دەدا. ئێسـك و پروسـکی پێکڤـە دەکـرۆژتن هێشـتا تێـر نـابوو!! ئـەم ئەسـتورەیە، بەشێوەی دیکەش ریوایەتی دەکەن.

- خوب، ئیتر!؟ مامەلی، دەمی گەشکەی بڕییە سەلیم.

- وێ دەم. (ئاریانا) کیژی نینۆسی زوڵمکار، ئەڤینداری (تیزیۆس)بـوو. باوکی بۆ گۆڕەوشارو دەفن کردنی ئەڤینەکەیان، بەچاوبەستی دەیهاوێتـە ونگەکەوە.

پیچێك لە گێڕانەوەکەی وەستا. ئاپۆ یەشار هانی تەواوکردنی دا.

- بـاوکی بـەوەی نـەزانی، کـە کیژەکـەی شـەلیله بـەنێکی داوەتـە دلْدارەکەی بۆوەی گومڕێ نەبێت و دەربازبێت.

- ئـەی برادەرمانـە خـەیلی فرەزانـە!! دەمـی مامـەلی لـە ئـاپۆ بـوو. ئـاپۆش، بەسـەرنج تیخێوانـدن تاکـە چـاوی شـاردراوی ژێرچـاویلکە رەشەکەی هاوپەیڤینیکردن.

- ئەز، نەقشی ئەو ونگەیەم بەچاڤی خۆ لە مۆزەی ئارکیۆلۆجی لەسـەر کەڤر، بەهەڵکەنـدراوی تەماشـا کردییـە. چـۆق گـوزەل. ئـەزیش، پرسـیار

لەمامەلی دکـەم: چـی لـە سـۆراخی ئـەو فەیلەسـوف و هزرڤانانـە دزانـت، وەکی مە، بەغەیری زمانی داکیان، بەئارەبی نڤیسییانە؟

دەستێکی بۆ قەڤ سمێڵی بابڕەکەی بردو ئـەوجا مامـەلی، نووکـەکانی بـادان و بوونـە جووتبـاڵی پەڕەسـێلکە، بەچـاوو بـرۆ بـەرزەکانی ئـاپۆی دابێژت.

- خوب... فارابی ئازەرییە. رازی ئیرانیس... غەزالی ئـەفغانی و، ئـەبو ئەلی سـیناش خـەڵکی بوخـاراس. ئەوچـهارە، مردمـی فرەدانـای ئـارەبی نووس بووگن. لە کۆپەستی مێشکییەوە سـەلیم، پـاش ئـەوەی سـەروملی ڕاشەقاندن، بۆی تەواوکرد.

- کندی یەهودی بوو، ئیبن خەلدون بەربەری ئامازیغە، لاکین

ئەزیش سوئال دکەم بۆ ئەڤ سوئالەت ئـەلئان تـەرحکرد ئـاپۆ یەشـاری پسمامی باکووری!؟

بەجەختەوە ئـاپۆ کەوتـە خـۆی. چـەند تنـۆکێ ئارەقـە لـە تێوڵییـەوە تکـــان. شـــەرمێون و بەپەلـــەپڕوزێ، دەراوێـــژە لەرزۆکـــەکانی ئاوهـــا تەتەڵەکردن.

– ئارخەداش... ئەز، زوبـانی داکـم... ئـەز لـە دەڤـەری گەلـەك دووری ماڵبات و گوندی خۆ، بە سێوی گوزەراندمە.

مامەلی و سەلیمیش، سەرو هۆکاری خۆیان هـەبوو لـە نەخسـتنە کـاری زمانی پـژاوی زگماکیـان بـۆ سـەر ڕوپـەلان. وێجـا، بـۆ گـۆڕینی دەروازەی کێشەکە رووەو ئاراستەیەکی دی، ئاپۆ دەمی لێنان:

- بـەدیتنی ئـەز، گەلـەك مەزنـە، پوختــەی هــزرە خـۆ بنڤیســی و... نەچەڤسێندرێیت.

- دەپێم بگوو... چلۆن؟! کاکە سەلیم بەئانقەست وروژاندی.

- حەمی دونیا ئاخی داهێنەرە.

لـەو بەرسـڤی ئـاپۆ یەشـارەوە، مامـەلی درزی پرسـیارۆکەیەکی بـۆ کرایەوە. گورج زاری وەرچەرخاندە لای هۆردووکیان.

- بـەجفت، پەناگـەی خامـەتان دۆزیگەسـەوە!! ئـەی ئەگـەرەکو لـە مەملەکـەتێك بوونایـە تـاکو قورقوراگـەی یاسـاق و سـتەمی لێفـەرمانڕەوا بووگایە... چی!؟ بەکام بەتەرزو کام تەرحێك دەکەفتەوە!؟

- نامنڤیسی. ئاپۆ، بەرسڤی مامەی دایەوە.

- دەمنڤیسی و... دەمشاردەوە. سەلیمیش پشتیوانیی لە ئاپۆو خـۆی کرد.

- نانووسـن! دەنووسـن ودەیشـارنەوە!! مـن، دەنویسـم و هــەرگیز نایشێرمەوە، وەلێ... ئاخ، بـەغیرەس زووانـی دالّکمـە. مامـەلی خـەمگین گوتی وچاوەکانی پڕاو بوون.

- چـۆق گـوزەل، لەباوەشـی ئـەو ئـاخ و مخابنـەی جەنابتـدا یـەکمان گرتـووە. مخـابن، بـەکام زمـان بنڤیسـین دەبیتـە مـولّکی ئـەو زمانـە. ئاپۆیەشار بەخەندەوە پەیڤا.

بەهەوەسەوە سەلیم گوتی: لە هەڤالّی بچووکی خۆتانـەوە، حەسـادو درەوی خەساندنی قەلەمان بژنەڤن. ئەبوعەلائی مەعەڕڕی ناچاربوو پاژێك لە پـەرتووکە فەلسەفی و عیلمـی مـەنتقی "LOGIC" لـە کەڤنـە گۆڕێکـدا

بنێـژت. ئـەبو حـەییانی تەوحیـدی، کـە یـاقوتی حەمـەوی بـە فەیلەسـوفی ئـــەدیبان و ئـــەدیبی فەیلەســوفان ناســاندوویەتی، زۆرینـــەی نووســـراڤ و بەجێماوەکانی سوزاند.

ئاپۆو مامە، دەویان لەو زانیارییانەی کاکە سەلیم دا چەقاند بوو.

- ئەبو داوودی تـائی، مەختوتـەکانی خـۆ هاویژتـە بـەحرو حەرفـەکانی تووانـــەوە ! یوســفی کـوڕی ئەسـبات، هەرچـێیەکی نڤیسـیبوو، لـە نـاڤ ئەشــکەفتێکی جــەوەڵ تاریقـدا دانـاو بەردچـنی کـرد، ئــەبو ســەلمانی ئەلدەرانی کتاوگەلی خۆ لە تەنورێکدا کردە خۆراکی ئاگر! !

- کاکە سەلیم فرەی لەلایە ! ! مامەلی گەشکەدار رستەکەی دەراند.

- نەوەی نویە مامە. ئاپۆ هاوتای مامەلی بوو،

- رەجائەن بەدرێژ دادرم مەزانن. ئەبو سەعید سیرافی. لەسـەرەمەرگیدا ئامۆژی کوڕەکەی کردووە، ئەگەر گوزەرانی تەنگ و دژوار بوو، لەزستانی زەمهـەریردا، بـۆ خۆگەرمکردنـەوە درێغـی لـە کتابـەکانی نـەکات. گـەلۆ لەگشت ئەوانەی ناڤم هێنان سەیرتر(سوفیانی شۆرشەڤان)بوو.

- دەفەرموو. هەرگیز لەتۆ وەڕز نابین. مامەلی هانی دا.

- گوایا هەزار پاری لـە نڤیسـی خۆکۆکردییـەو داڤییەتـە دەم رەشـەباو گوتوویـــەتی: خۆزیـــا دەســـتم لـــە مەرفەقـــەوە بـــەتۆ دەکـــرا، بـــەڵکو لەسەرووتریشەوە هاتا هیچم بۆ نەڤیسرابایە ! !

لەرامانـــە پەیڤینەکـــەیان بوونـــەوە. چـاوانی مامـــەلین تـــاپڕ ئامـــادە بەجـــەرگی ئاسمانـــەوە هەڵۆاســـرابوو بـــۆ پێکـــانی باڵـــدارێك لەباڵـــدارانی کیشوەری ئاسمانەکە. کاکە سەلیمی تۆڕو دارقـولاپ بەشـان، نـاخی دوور

ڕۆیشتبووه تیماری کێشوەری تەژی لەماسی. ئاپۆ یەشاریش، بـەگیرفانی خڕۆکەبـەردەوە، دیـدی نەسـرەوتی لـەو هـەردوو تەلانـەی ڕێگەکـەیان گیرسابووەوە. لەپڕ، لەنزیکی کاولە ئاواییەکدا، سێبەری باڵندەیـەکی زل بـەژوور سـەریانەوە گـوزەری کـرد. مامـە، ساچـمەزەنەکەی ئاراسـتەکرد. ئاپۆش، بەردەقانییەکەی خێرا تێسرەواند. بەردو ساچمە قورقۆشمـەکان بەفیڕۆچـوون. سـەلیم، بـەو نەئەنگاوتنـە خەنییـەوە. فرمێسـك زایـە چاوەکانی. دەنگی لانەوازبوو، کە گۆتی: ئەوە هەڵۆی بەرزەفڕە بوو، زۆر لەمەودای ساچمەو بەردی ئەنگۆ بلندتر باڵی دەوەشاند!

هەمدیسانەوە سێبەرەکەیان بە سەردا تێپەڕی و شێوەی لوول پێچی وەرگرت! وەك بە زمانی هێمای سێبەرەکەی، ڕازێکیـان لـەکن بـدرکێنیّ! سـێبەرەکەی گـەورەترو خەسـتتر کـردەوە! ترسـیان لێنیشـت نـەبادا هەڵۆتایین لەپڕ نەوی بێت و چاویان هەڵبکۆڵێت، بۆیە کەرەستەی زەبـرو چـەکیان وەلاخسـت. سـەرو دەسـتێکیان کـردە کەیرۆکـەی بیناییـان و، بەسەرسوڕمان و بە دڵەراوەکـەوە نیگایـان هەڵدایـە قـووڵایی ئاسمانەکـە. هەڵۆکـەش تـەواو باڵـە زلـەکانی ڕاکشـاندبوون و بـەژوور سـەریانەوە دەخولایـەوە وەك بییـەویّ بازنـە لـەناو بازنـە تێهەڵکێشێ!! ئـەوان مـاتبوون، کەقیڕەیـەکی سـامناکی کـردو، بـووە تیرێك ڕوو لـە خـانگێکی نیمچـە رووخـاوی بـیّ پـەرژین. نیگایـان لـە نێـوان خۆیانـدا ئـاڵوگۆڕ کـرد بەواتای: ئایا بەدوای هەڵۆکەدا روو لە خانگە جێماوی ئـەو گەرمەسـێرەی نزیکی (ئاوەسپی) بکەن، یان بەخەونێکی بزانن ولەبیری بکەن!؟ ئـا لـەم دووڕێیانەدا، لە تۆی خوێنەری بەئەمەکم دەپرسم ئایا بـە دوای هەڵۆکـەدا

دەچن، یان ملیان بەڕێگەکەوە دەنێن؟ نە تۆو، نە من دەزانین، چونکە، نە ئێمە ئەوانین و، نە ئەوان ئێمەن. باوەجوو با لە قوڕەنەرمی دەستکردی ئێمەش بوونی خۆیان چنگ کە تبێت. هەنووکە سێ کەسێتیی زیندووی بەئاوەزن. خاوەندی هزری خۆیان. (وایە و بۆتی پەنجەمۆر دەکەم. چاك بخەنێوە و بەپشتا بشکێرەوە لە تۆڵەی منی خوێنەرت).

کوڕی باش ئێستاکونێ کاتی پەنجەمۆرو شەقڵ بەسەرچووە مەگین لە بارگیرستان نەبێت. ها، ها، ها. سمی پێوەدەنێن!

ماوە پێت بێژم ئەو سێ نووسەرەمان، لە زڕەخەونەکانیاندا چاویان بڕیوەتە خەڵاتی نۆبل!!. لەو ئانوساتەدا لاپەڕەی ئاسمانەکە بەڕەسمی منداڵێك دەچوو، لەوێ بەلاستیکی کرژاندنەوەکەی چڵکن و شیلۆی کردبێت. ( بەم وێنە شیرینەت، نووسەری پەروەرندەم، یادمت هەڵگەڕاندە تافی منداڵیم. لاستیکی سڕینەوەم نەبوو. نووکی پەنجەم بەلیکی دەوم تەڕدەکرد و هەڵەکانم پێدەکوژاندەوە، کەچی توێخێکی تەنکی پەڕەکە دادەماڵدرا. جێی واشی هەبوو کون دەبوو. ئەوە لە هەژاری و نەبوونەوە بوو.)

وایش لە نەبوون و... هەژاری. وایش.

## _12_

ئەم حەمكە وزەو تـینی گێڕانەوەیـەت سەرسامی کـردووم نووسـەری هێـژام! وایـە منـیش، دژواریـی گێڕانـەوە لـە دامەزرانـدی دەسـپێکەکەیدا دەزانم، چۆنی دەدۆزیتەوە، ئیتر پاشان دەبێتـە کـانی و تاڤگـە. جـەنابت فەرمووت: نیگایان گۆڕییەوە، دوودڵ بوون ئایا بزانن ئەو هەڵۆ مەزنـە بـۆ خۆی بەو کەلاوەیەدا کـردو، بەدوایـدا بچـن لـە هاوشـانی ئـەو(ئاوەسـپی) یەدا. قەیاسەی سەت هەنگاو لـە لێوارییـەوە ڕێیـان دەکـرد. جاروبـاریش، بـەهۆی گردۆڵکەیـەك، دوورتـر، یـان نـزیکتر دەبوونـەوە. ئـاوە سـپییان لێدەردەکەوت، یان خۆی لێدەشاردەنەوە. سێبەرەکانیشـیان، سـەبارەت بەچەوتی و بڵند بوون و نشـێویی ڕێگـە و بانەکـە دەگـۆڕڕان، هەڵدەگـژان وڕۆدەچـوون، درێــژو گرمۆڵــە دەبــوون، پــاش خۆیــان و پــێش خۆیــان دەکەوتن، جێ کاتیان واز و بـێ پـەرژین بـوو. تـەنیا ماسـیگرەیان بـەبان سـەریانەوە دەدیـت و زیقـەزیقیان دەبیسـت. لـەو ئانـەدا گـەر ئامێرێکـت هەبوایە، ئەوا کاکڵەی ناو مەژگی هەرسـێکیانت پیشـان دەدام، کەمـەژگی ئـاپۆ یەشـار بـۆ سـەردەمی هەتیتـەکان گـەڕابووەوەو لـە شـوێنەواری (حسـنکێف) دەسـووڕایەوە. مێشـکی سـەلیم لـەو پێسـتە نووسـراوەی دەکۆڵییەوە، کە تۆماری هێرشی سەر. شارەزوور و پاوەی تێدابوو.

(هورمزگان ڕمان. ئاتێران کوژان. وێشان شاردەوە گۆڕە گۆڕەکان. زۆر کار ئارەب کردتە خاپوور).

مامەلیش هۆشی لکابوە شانامەی فیردەوسییەوە، کە دوایین فەرمانڕەوای میدییەکان( ئاستیاك) لەلایەن (کوروش) ی فارسەوە لادرا، کەچی ڕەگەزپەرستانە، کوروشی بە کاوە دناوەو ئاستیاکیش بەئەژدەهاك!!

هەڵۆکە چیی بەسەرهات؟! خۆ نەیاندی جارێکی تر لەو کەلاوەیەوە هەڵبفڕێت! وزەی سەرکێشی و تاوی سەرچڵی لەگیانی سەلیمدا گەڕا. تۆڕۆکەو دار قولاپی ماسیگرتنەکەی خێرا تورهەڵداو، لە هاوڕێیانی دابڕا. خۆی، بە شەقاوی پان و دڵ بە تاسەوە لەلا دیوارێکی ڕماودا بزرکرد، چاوی بەو نیمچە دیوارانەی خۆیان بەپێوە ڕاگرتبوو سووڕاندەوە. هیچی نەدیت. چووە بەرترو سەری دەرنەچوو لەوەی لەسەر کەستەکێکی دیوارچەی بەرانبەری هەڵۆیەکی قوڕی وشکەوەبووی دیت!! بەڵێ... دیوارەکان لەو خشتانە هەڵبەسترابوون، کەوا پێشتر لەگەڵ کادا قوڕەکانیان دەگرتەوە بۆ زیاتر خۆ ڕاگرتن. لەقاڵبی داردا، لەبەر خۆر، وشکیان دەکردنەوە. دوو ئەڵقەی بەقاچەکانییەوە دیت. دەستی لەرزۆکی بۆ تاکێك لەو ئەڵقە قوڕینانە برد، هەرزوو وەری و پارچەیەکی بەدەستەوەما! ئەم سیناریۆیەی بەخاوی بەرنیگاتی دەخەم تەنیا لە چرکەیەکدا رووی داوە. نەیکاری دەستی بۆ هەڵۆکە ببات نەوەکو ئەویش بەدەردی بازنگەکە هەڵبوەرێت و هەڤاڵەکانی بڕوایان پێ لەق بێت، کەهەڵۆکەی لێی دەپشکنن بۆتە هەڵۆیەکی قوڕین! بەهەڵەداوان

وەرگەڕایە کن ئاپۆ یەشار و مامەلی بەتەمای باگهێشتکردنیان بۆ دیتنی هەلۆ قورپینەکە. ئەوجا لەوکاتە هەستیارەدا پێویستی بەپەیڤین نەبوو، یان زمانی لەحەژبەتان لەگۆ چووبوو، بۆیە بەئاماژە دەستێکی داوای هێروەتری لێکردن. ئەوانیش، قۆچەقانی و تاپڕیان لەتەك ئامرازەکانی سەلیم داناو گورج گورج بەدەنگی بانگهێشتی دەستەکەیەوە چوون. روخساری هەڵبزڕکاویان لە سەلیم گرت، کاتێك هیچیان لە نێوان دیوار/ خشتە پەرپووتەکاندا نەدیت! سەلیم زمانی دۆزییەوە. قامکی بۆ دیوارە کەلێك درێژکرد.

- ئا... لەپێدا. بوو! ! بەم چاڤانەی خۆ دیتم! !

مامڵی و ئایۆ، لەپێشدا دیدی گومان و رووی گرژییان گۆڕییەوە. ئەوجا بەیەکدەنگ پرسییان:

- چی... لەویێ بوو سەلیم! ؟

- هەلۆکە... هەلۆکە. بەدیدی ئەبڵەق و هەراسانییەوە وەڵامی دانەوە. چاوی دووسێ جار نووقاندو سەری راوەشاند.

- هەلۆکە! !. ئاپۆ، دەوی لینایەوە.

- کامەتانیێ؟! لەکورا! ! مامەلیش، ئەوپرسیارە. دوودڵییەی لە سەلیم کرد، شانەکانی راوەشاند وەك ئەوەی سەلیم تێکچووبێت و پەیڤ ببزرکێنیێ، یان درۆیان بۆ هەڵبەستیێ.

- بڕوا بفەرموون هەڤاڵێنە بەم چاڤانەی خۆ هەلۆیەکی قوڕی هیشکەڤەبووم لەسەر ئەڤ کەستەکە دی!

دەستیشی بەدڵنیاییەوە خستە سەر دیوارەکەو، قرشکی کەستەکەکە لەناو لەپی چەقی.

- هەڵۆی... قوڕ! ! ئاپۆ یەشار هەمدیس دەوی داچـەقیوی لێنایـەوەو، رووی کردە مامەلی و، سەری راوەشاند.

- هەڵۆی قـوڕی هیشـکەوەبوو! ! ئـەی کامـەتانیٚ؟ مامـەلیش دووبـارە نیشانەی سەرسووڕمان و پرسەکی لە زارو سیمایەوە هەڵوەراندن.

- ئا... بەڵیٚ... هەڵۆیەکی مـەزن! ئـا ئەڤەنـدە دەبـوو! ! سـەلیم، بـە هۆردوو دەستی بارستایی هەڵۆکەی بۆ بەرجەستەکردن.

چوون هەڵکردنی پێشەنگی رەشەبایەکی چاوەڕوان نـەکراو، ئەودەمـە ئاسمـان بـان سـەریان گـرژو مـۆن بـوو. هێڵـی نێـوان زەوی و ئاسمانەکـە سڕڕابووەوە. تەپەو تەلانی ژووروو بـەحاڵ دەبینـدران، کـە ئـەو سـەلیمە قژبژوچـاوزلە، مامـەلی و ئـاپۆی لـە بـەرزەخی بـاوەڕی و ناباوەڕیـدا، لـە بەستەڵەکی هۆشداری و شێتیدا هێشتنەوە. چاوی کنـەکردن و پشـکنینی خستەکار. لەپڕ، لەژێر بنجە درکەزێنەکدا، پەڕێکی قاوەیی کاڵی بەدیکرد، نیتك نیتکی سپی بوو. دانەوی و بـە ئیکلامـەوە هـەڵیگرت. پـاش ئـەوەی ماچیکرد، بەدەنگی بەرز هەڤاڵەکانی داچڵەکاند.

- دۆ.. زیمەوە! ! دۆ.. زی... مە... وە! !

رستە خەسـتەکەی بەهەڵپسـاردراوی مایـەوە. بـەدوو هـەنگاوی بـەرین چـوونەلای سـەلیم، راسـتییەکەی ویسـتیان بـزانن چ شـتێکی بـەنرخی دیوەتەوە! پارەی کۆنینەیە! سواڵەی دێرینە! یان نقێمێکی بەهادار! !

- وەرن. . . ئەڤەتا. . . دۆزیمەوە!

دووباره پەڕەکەی ماچکردەوەو نایە سەرچاوە زلەکانی. ئەوان، لە هەراسانیدا، لەدڵی خۆیاندا بە نیمچە شێتۆکەی عەیار دوازدەیان زانی و هەندەی نەماگە بداتە کێوان!

- سەرم لەی کارە دەرناچێت!! مامەلی بەچپەدوو بەئاپۆی گوت:
- ئەزیش!! ئاپۆ، لەو نزمتر چرپاندییە گوێی مامەلی.

سەلیمیش، رۆچووە دۆخی سرووشان و ناخگۆیییەوە.

ئەوجا، جەنابی ئافریدەرم، لەو ناخگۆییەدا چیی بە خۆی گوت؟. بەخۆی گوت: (ئەم پەڕە پیرۆزە دەکەمە هەوێنی رۆمانێکی سەر سووڕهێنەر). ئاوهای بەخۆی گۆت خوێنەری هێژا. ئەمێستا، شەختەی بێدەنگیی کاك سەلیم دەشکێنم و، لێرەدا ناوی کەڵەشاعیرێکی خۆمان و ناوی رۆماننووسێکی فەرەنسیم دێتە یاد. حەزرەتی نالّی فەرموویەتی(زاهیر و باتین، لەسەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز. ئاشنای سڕڕی قەڵەم بێ. غەیری نالی کەس نەما).

(کلۆدسیمۆن) یش گوتوویەتی: (هەوڵدان بۆ تێگەیاندنی هەموو خەڵك، لەناوبردنی بەرهەمی هونەری و، شێتی دەگەیەنێت). ئەزیش، لەوانەی دەراندمن و، ئەوانەی دەریاندەبڕم، دوو لایەنی: رووکەش و مەجازەییان هەیە و، گشت کەسێکم بۆ تێناگەیەندرێ خوێنەری دڵسۆزم. من، بیرکردنەوەی بێ زمان شك نابەم، واتا: لەدەرەوەی چیوەی زماندا. تێمدەگەی. نەك هەرهەندەو بەس، بەڵکو زمانەکە رێنمایی جۆرو سروشتی ئەو بیرکردنەوە هزرییە دەکات. رۆشنبیریش، لەبنەڕەتدا، بەرهەمی زمانەکەمانە. هەندە بەسەو پتر خۆمانی پێوە نەگەلێنین. ئیتر

رەشـــەبایەکی تونـــد هـــەڵیکرد. نـــا ! بـــووە گـــەردەلوول و، هەرچـــی پووشوپەلاش و کاغەزی قرچەوە بووی گوزەرەکە بوو بەر باڵای خۆیـەوە لوولی دان. تۆزەکە، بۆنکروز و سـووتماکی پـڕ کـەپو ومەڵاشـوویان کـرد. ناچـاربوون لـەدەرەوەی دەسـبەداری یـەکجاربی راوەکانیـان بـبن. ئـەوە چـرکەیەك بـوو لـەدەرەوەی شـوێن و زەمەنـدا، کـە مـنی نووسـەر بـۆم رەخساندن. خەونێك بوو هاوچـووی راسـتی و/ راسـتییەك بـوو هاوچـووی خـەون. گەردەلوولەکـە هـەتا هـەبن، بەردیـدی نـەوەکانمان لـێڵ دەکـەن. بۆنکروزیش هەتا هەتایـە، لـووت و مەڵاشـوویان دەچـوو زێنێتـەوە. ئـا... بەڵێ مەبەستم لە سووتماك و وێرانیی ئەنفالەکانە... ئەی چی ! !

هەنووکە، بیرێك لە ئاوەزمدا خەملاوە، ناخوازم بۆخۆمی بەلاوە بنـێم. نا... تۆشم لەگەڵدا ببـە، لـەکردارو لەگوفتاریشـدا. دەزانـی چـیم نیـازە ؟ هەڵبەتـە هـەرگیز هۆشـت بـۆی ناچـێت. دەمهـەوێ ئـەو سـێ کەسـێتییە قوڕانەی زنـدگیم پێبەخشـین، دیسـان بیانگەڕێنمـەوە دۆخـی پێشـوویان. بەڵێ، وەك تۆ گوتەنی: ببنەوە سێ پەیکەرۆکە قوڕی دەستکردی سەوز و پرتەقاڵی و سوور. قەیدی چییە و بپرسـە. ئـەوەی لـە دەروونـت جیـنگڵ دەدات بیدەرێنە لای پەروەرندەی خۆت. بۆ... وادەکەم؟ ! پرسـیارەکەت لەشوێنی خۆیدایە گیانەکەم، بۆ ئەوەی بـە ئـەزموونێکی نوێتـا تێپـەڕێنم. مەگەر تۆ نەتزانیوە مـرۆۋ تاسـووقی زگمـاکی هەیـە بـۆ سـیحرو جـادووی ئەزموونکاری بۆ ئەوەی لە واقیعێ تاڵ و ناهەمواری رۆژانە دووری بکاتـە. لـە ئەزموونـەی ئێمـەدا، نـەکیمیا بارانمـان ئـەنجام داوەو، نـە ئەبرەهـەی حەبەشییین گەمارۆی کەعبەمان دابێت، یـان بۆمبابـارانی( پـیرڵ هاربـەر)

"PEAR HARBOR"! کردبێت. ئەوساکەی ئەمریکاییەکان لە دورگە هاوای لەباکووری رۆژئـاوای هۆنۆلۆلـۆی پێتەختـدا کردبوویانـە سـوپاگەی خۆیـان. لـەزەریای هێمنـدا، کاتێـك لـەناکاو کەوتـە بـەر هێرشـی تونـدی خۆکوژیی سێسەت و پەنجاویـەك فڕۆکـە جـەنگیی ژاپۆنییەکانـەوە. ئـەوە لەشەشـی کـانونی یەکـەمی "1941"دا لەسـەعات شـەش و چـلوپێنج خولەکی بەیانیدا بووە. دەپرسـی چ زیـانێکی لێکەوتـەوە؟ زۆر... زۆر لـە تانـك و زەریابڕەکـان و سـەت و شێسـت فڕۆکـە و دووهـەزار و چوارسـەت کوژراوو هەزار و دووسـەت زامـدار لەئەمریکاییـەکان. زیـانی ژاپۆنییـەکان پێشەکی تەنیا سەت و هەشتا و پێنج فڕۆکە بوو بـە فڕۆکەوانەکانیانـەوە. پاشـەکی ئـەمریکای دڵـرەش تۆڵـەی لەهیرۆشـیماو ناگـازاکی لێکردنـەوە. ئێستا کاتی ئەو تراجیدیایەمان نییە.

بەکورتی و کرمانجی نیازمـە قوڕەکـان تێکـەڵ بکەمـەوە. ئـا... بـەڵێ مەبەستم لەو سێ پەیکەرۆکەیە، ئەوەش دەسپێرمە جەنابت. جوان جوان پێکەوەیان هەڵبشێلە هەتا دەبنە یەکڕەنگ. پەلەم لێ مەکە بۆزانینی ئەو ڕەنگـەی دێتـە بەرهـەم. پـێم چـاکەو پێشـیار دەکـەم قوتـووی ڕەنگـە ئاویەکانت بخەیتە سەر ئەم مێزە لەگەڵ پەڕەمووچ و ئاوی خاوێن. دەتـۆ ئەوانـە ئامادەبکـە، ئەوسـا منـیش ڕێنماییـت دەکـەم. نهـا، تیسـکی پەڕەمووچـێکی گچـکە لـە ئاوەکـە هەڵکێشـە و، لـە ڕەنگـە سـوورەکەی وەردە. ئافـەرین. تنـۆکێکی بخـەرە نـاو ئـەم فەخفوورییـە سـپییەوە، ئالێرەدا سوورەکە دابنێ. ئـەوجا تیسـکی پەڕەمووچـەکەت بـاش خـاوێن بکەرەوە و، تنۆکێ لە ڕەنگی پرتەقاڵی هەڵبگرە. لەتەك پەڵە سوورەکەی

دابنیٚ. چاکە. دەی هەمدیس پەڕەمووچـەکەت بشـۆرەو تنـۆکیٚ لـەرەنگی کەسکەکە لەلای ئەو دوورەنگە دابنیٚ. ئەڵبەتە پێویستم بەوە نـەبوو، کـە ئاگادارت بکەم لەوەی دەبیٚ ئەو سیٚ رەنگە ئاویە کتومت لە هەمان رەنگ و پلەی رەنگەکانی پەیکەرۆکەکان بن. ها.. ها.. ها.. وایە، کە پێشتر مام عەلی و ئاپۆ یەشارو کاك سەلیم بوون. نووکە. پەڕەمووچـەکەت خاوێنـە؟ دەباشـە. سـوورو پرتەقاڵییەکـە ئاوێتـە بکـە. وایـە، سـوورێکی گەشـیان پێکهێنا. ئێستا پەڵە کەسـکەکەش دەگـەڵ سوورەگەشـەکەدا بئاوێتێنـەو بزانە کام رەنگ دێتە کایەوە. دەمخۆش بەڕەنگی هەڵۆیەکی بۆر دەچێت، کـە لەبــەر تیشــکی رۆژدا ژەنگــاری خــۆی بنــوێنیٚ. خوێنــەری هێــژام، ئەوکاتــەی چــەندین پەڵەهــەور لــە ئاسمانــدا مەلــەیان دەکـرد، ئێمـە لــە ئــەزموونی رەگــەکان بووینــەوە. نهــۆ هــەمان شــت دەگــەڵ قــوڕە دەستکردەکان دەکەین. دەفەرموو لەنوواوە پەیکەرە سۆرەکە بەدەسـتی راستت و پەیکەرە پرتەقاڵییەکە بەدەستی چەپت بگرە. وایە، وایە، کـەوا پێشتر سەلیم و یەشار بوون. هـەردووکیان بەپەنجـەکانت وا بگوشـە، کـە سەرو تەن و پیٚ و پلیان بکەیتە دوو تۆپەڵە قوڕی پرتەقاڵی و سۆر.

وێجا بەهـەردوو دەسـتت، چـاك و بەتونـدی پێکـەوەیان بشـێلە هـەتا دەیانکەیتە تۆپەڵێکی گەورەی سووری گەش. بەدڵـمە و زۆر چـاکە. تـۆی کـارا بــەزوویی جــووتیٚ ســەرو، دوو تــەن و، چـوار دەسـت و چـوار لاقـت تۆپەلاند! داینیٚ لـەم گۆشـەیەی مێزەکـە. دەی واش لەگـەڵ پەیکـەرۆکی سەوزی مامـەلی بکـەو لەسـەرمێزەکەی دابنیٚ. ئـەوجا تۆپەڵـە گەورەکـە هەڵبگرە. بەهەردوو ناولەپت خڕی بکـەو بەپەنجـە کەڵـەت... هـا... هـا..

ها.. وابوو پێیـان دەگـوت پەنجـەی ئەسـپێ کـوژە. گـەلۆ. کـەی ئەسـپێ ماوە! لەجێی ئەو، ئەسپێ ی مشـەخۆری تێرنـەبووی دووپـێ هاتوونەتـە گۆڕێ!! بەپاڵەپەسـتۆی. پەنجـە کەڵـەت چـاڵێکی. تێـدا بکـە هەنـدەی ئـەوەی تۆپەڵـە سـەوزەکەی تێـدا جێببێتـەوە. دەی بەهـەموو تـوان و شەنگت پێکەوەیان بشێلە. دەڵێی چی! حەیفە ئەو دوو رەنگە جوانە، کە بەگڵێنەی زومروت دەکات لەچاڵایی چـاوی سوورپێسـتێکدا بشـێوێنی ؟! قـەیناکات، درێـخ نییـە لـەپێناوی ئەزموونەکەمانـدا. ئـەوە بـووە هـەمان دوایین رەنگی پەڕەمووچەکەت، کـە جـەنابت بـەڕەنگی هەڵۆیـەکی بـۆرت چوواند ئەوسای تیشکی زێڕینی خوری بگاتێ، پەڕەکانی شینباو، یان تـۆ گوتەنی ژەنگاری بنوێنن ! دەچاکە دەی خۆت بۆ پرسـیارێکم تەیاربکـە. ئایا ئەم تۆپەڵە قوڕە گەوەریـە بۆچـی دەشـێ؟ پەلـەی وەرامـت نـەبێت. زۆریــش بــیری لێبکــەرەوە. مــن هــەرگیز لەســەر ســێلی داخکــراودا دانەنیشـتووم. بێنـە چـاوەکانت تێـر تێـر مـاچ بکـەم. ئافـەرین. دەی بـا هـەردەم خوێنـەری زرنگـی وەك تـۆم هـەبێت بـاکم لـەمردنی جەسـتەیی نییە... وەرامەکە لەخۆمەوە ببیە. ئەم قـوڕە بـۆ دروسـتکردنی هەڵۆیـەك باشە، کە لە بڵندایی ئەم جامخانەی پەرتووکانە داینێین، چیت وت؟

- چی بووشم! مەگەر لە تۆدا خۆم ببینمەوە.

- منیش هەروەها. بەس. مەراق مەکەو پەژار مەبە گـەر بووشـم: لەبـەر نادادیی ئەم دونیایە لە خۆشم بێزارو قەڵس دەبم و...

- هەرگیز... نا. بیرم بۆ لای کێ چووبێت باشە؟!

مەگەر هەمان ئامێر بەکاربێنم، کە مێشکی ئاپۆو سەلیم و مامەلی بۆ خوێندمەوە. منێك، بتوانم گیان بخەمە نیگاری هەلۆو پەیکەرە قورەکانمەوە. بتوانم مانی و خانی لەپرزێرین بە یەکدی شادبکەم، دیارە دەشزانم بیرت بۆ کێندەرێ چووە خوێنەری ئازیزم، بیر لە فاوس(FAUS) دەکەیتەوە. چۆنم زانی!! ئەمەش بە لامەوە لە دەرنجامی ئەوە دۆنایدۆن و سەرلەنوێ بووژاندنەوەی پەیکەرەکان و تێکهەلشێلانیان و... تاد، تەشەنەی کردۆتە ناو مێشکتەوە. وریابە، لایەنی " نەرێ" کەی هەلتنەخرێنێ و سمکۆلت پێبدات. ئەوجا... بەزانینی من، سێ فاوست هەن. یەکەمینیان: لە "1570" دا لەلایەن ویدمانی ئەلمانییەوە بلاوکرایەوە گوایا ژیاننامەی دکتۆرێکی راستەقینەی جادووباز و سەرقالی هەلهێنانی نهێنی سیمیاو جەفرو تەلیسمکاری بووە.

دووهەمینیان: مەگەر ساتێکە لەنووسینی ( کریستۆفەر مارلۆ)یە پاش هەژدە سالی بەرهەمەکەی ویدمان وەشاندراو خرایە سەر شانۆش.

سێهەمینیان: فاوستی (یوهان گۆتە)یە لەسەرەتای سەتەی نۆزدەمدا، لە چوارهەزارو شەش سەت و دە دێرە شیعردا هۆنییەوە. ئەوجا، فاوستەکەی ویدمان خورافەیەکی میللییە، کە رەوانی خۆی فرۆشتە شەیتان لە هەمبەر خێروبێری زەویوە، چێژی هەستەکانی. فاوستەکەی مارلۆ، وازی لە رەوانی هێنا بۆ ئیبلیس لەبەرانبەر شتێك خۆشی نەیدەزانی چییە!!

فاوستەی گوتە، داوای لە (مفیستۆ) ی ئەهریمەن کرد، لە قەرەبووی رەوانیدا جەوانی و گۆری لاویتی بۆ بگەرێنێتەوە. ئەوجا خوێنەری

هێـژام، نەکـەی بـیرت هــەرگیز بــەلای درزێویــدا لــەنگ ببێتــەوە. کــەینێ خێروبێـری زەوی، چـێژمەندیی هەسـتەکان، کــەینێ لاوی و نــازانم چــی، بەهەر پێوانەو ئەندازەیەك، هەمبەری رەوان دەوەستن؟! کەی!! تووك و نەفرەت لە گشـت فاوسـتە خۆفرۆشـەکان، لەگەڵمـدا بکـە، چ ئەوانـەی لـە خورافــەی میللیــدا ژیــابن، چ ئەوانــەی ئەمێســتا و لەمــەودوا کلکەلــەقێ دەکــەن. لــەجیاتی فاوســتی قورمســاخ، ســواری بــوراق ببــەو لەگــەڵ سەمەندەردا زیندووببەرەوە.

هــەڵبفڕە گیانەکــەم، بــەڵکو ببیتــە مــانیی ســێهەم و، بــۆنی مێخــەکی جاویدانی هەڵبمـژیت. چـاوت لـە هـیچ هەتـەر نـەکات. بڕسـت و شـەنگەت کۆبکـەرەوە بـۆ گـوزارێکی نـوێ، مەگـەر ئێمـە دوو باڵنـدەی کۆچـەر نـین رەدووی حەزە کپکراوەکانمان کەفتووین. تەکانمان بۆ بـەرەوە دا، لەبـەر ئەوەی مێشکی هەریەکێکمان دە ملیار خانەی تیایە و لە نێوانیاندا بیست و پێنج هەزار پەیوەندیی جۆراوجۆر هەیە. لەوانەیە لە داهاتوودا یەکێك لە خانـە متبووەکـانی نـاو مێشـکمان پەیوەنـدی بـە رەوانگـەلی مردووانمـان بکــەن، یــان.. فریشــتە و جنۆکــان و زینــدەوەرانی دوورایــی گــێتی (UNIVERSE) ئەگەر هەبن.

# _ 13 _

(نیـــازم بـــوو، پەروەرنـــدەی بـــەڕێزم، لەمـــەڕ پاڕاســـایکۆلۆجییەوە پرسیارت لێبکەم). باشبوو بـیرت هێنامـەوە، دیـارە دڵ لـەدڵ دەڕوانـێ و ئاگـاداری یـەکن. منـیش گەشـتێکم نیـازەو بـەکردارەکی پاڕاسـایکۆلۆجی بدینە، بەلامەوە ئەوە بەکارهێنانی ئـەو خانانـەی مێشـکە، کـە ئێسـتا لـە کاردانین بە شیری دایکم و بـە نـانی بـاوکم، ئـەمجارە لـە ئێسـتا دەدێـم و بـەڵکو پڕۆژەیـەکم لـەلا گەڵاڵـەبووە، کـە ئاکـامێکی بـۆ مرۆڤایـەتی لـێ وەدەسـت بێـنم. بـڕوا بکـە خـۆم لەسـایەی ئـازارو خـەمی ئـەوانی دیـدا دەبینمـەوە. تـۆ وەرە بـەرەوە. ئـارەزووی شـوێنێکی دوورم هەیـە، زۆر دوورتر لەئێرە. ئافەرین بۆکوێ بچم دەبیتە سێبەرم. تـۆ بەلـەش و گیـان لە تەکمدا ببەو، مەبە بەسێبەرم. باپێکەوە خەون بـدینین و ئەندێشـەمان والابکەینـەوە. کەسـانێك دروسـت بکـەین، کـە مایـەی بـڕوا پێکـردن بـن. دەستت بخەرە نـاو دەسـتم و چـاوت بنووقێنـە. ئێسـتا چـاوت بکـەرەوە خوێنەری هێژام. ئێمە واین لە ئەوروپادا، لە دەڤەرێکی نێـوان فەرەنسـا و سویسرا، راستییەکەی لەژێر زەمینی ئەو شوێنە داین. لەگەڵمدا بکـەوەڕێ تا بەکەسێکی ناودارت بناسێنم. ئا بەڵێ، فیزیکەوانە.

(بمبەخشە دەشێ بپرسم بۆچی رابەریت کردم و بـۆ ئێـرەت هێنـام؟) تۆتکە بگرەو پێش رووداو مەکەوە. هەنگاوبەهـەنگاو پـەنهانیت لـێ ڕوون

دەبێتەوە. ئەها... ئەوە لەو دەرگایەوە بەرەو روومان دێت. ئامادەبە، بەیەکترتان دەناسێنم.

مستەر هێگز. مستەر ریدەر.

ئەم فیزیکە وانە بلیمەتە نزیکەی چل ساڵ و پترە تیۆری خۆی لەمەڕ چۆن هاتنە کایەی ماددەوە هەیە. بەڵکو لای وایە شتی دیکەش لەم کەونماندا هەیە، نە دەیبینین و نە هەستی پێدەکەین. ئاوای بەشیاو دەزانم، بەخۆت، راستەوخۆ بوخچەی پرسیار و سەرسوورمانی لەلابکەیتەوە. ئەڵبەتە دەیان کەسی وا هەبوونە، کە لەچی چێبوونی ماددەی پێکهێنەری کەون و زەمان بکۆڵنەوەو پەرە بەتیۆرەکانیان بدەن. ئەم یەکێکە لەوان.

(لەنوواوە لێی دەپرسم. ئایا خودی زانست لەلای ئەم زاتە چ دەگەیەنێ؟ تکایە. هەرچەندەش بە ئەرکی جەنابت ناشێت، کاری پەرچڤە لەنێوانماندا بفەرموویت.)

سەرچاوان. دەڵێ: بەمستەر ریدەر بڵێ، لە ناوەکەتەوە دەبێ زوو لە شت بگەیت. زانست، بەساکاری دانانی ئەو تیۆرو گریمانەیەکە، کە پاش تاقیکردنەوەو پراکتیزەکردنیان بۆمان روون دەبێتەوە چەندیان راستن و چەندیان هەڵەن.

ئەڵبەتە خوێنەری هێژام بەو ناوە تۆم پێناساند، ئەمان حەزی پێدەکەن. ئەمڕۆکە تەکنیکە نوێیەکان زۆر یاریدەدەرن بۆ گەیشتنە دروستیی ئەو تیۆرانە. پەرژایتە هاوبەشی کردنی.

(وایە. بەنموونە: لەکاتی گالیلۆدا، تەلیسکۆپەکەی یارمەتیدەری بوو بۆ ناسینی چەندین ئەستێرەی نەناسراو، بەڵام ئەوڕۆکە رووانگەی (هابن) ی ئاسمانی فرە گەورە، توانستی زاناکانی بەرینتر کردۆتەوە)

ئافەرین. بەهۆی هابلەوە چاودێریی کۆستارەکان((Galaxy)) و گشت رێکخراوەکانی گێتی دەکەن. کە هەمیشە لێکدەترازێن و دوور دەکەونەوە. ئەمەش بەڵگەیەکی تیۆری تەقینەوە هەرەمەزنەکەی بگبانگە. با گوێ لە شرۆڤەی پرۆفیسۆر پیتەر هێگز بگەین. ئێژێ: ئەم کەونەمان، جێگەی سەیرو سەمەرەیە بەگوێرەی ئەو یاسا فیزیکیانەی ئەمڕۆ دەنزانین وەلێ...

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو لەسەری رۆیشت.

- ... وەلێ... رەنگە. بوەستێ!!

تووشی حەپەسانی کردین. چی! کەون بوەستێ!! یان دیارە چاك لەمەتەستی نەگەیشتین. بەتیلی چاو نیگام کرد و ئامبازی بووم.

- هەر بوەستێ... بوەستێ!!

ئەز لێم پرسی. چاوەکانی سکڵی گەشاوە بوون.

- بوەستێ وەکو ئەوەی لە بەشە فرەکورتەکانی چرکەی دەسپێکی (BIGBANG) کەدا روویداوە. تۆ، چاوت لەچاوم بڕی، منیش چاوی ئەبڵەقم لە دوڕ چاوەکانی پرۆفیسۆر هێگز کردەوە. ئەویش هەر زوو پرسیاری روخسارمانی خوێندەوەو بەشێنەیی هاتەگۆ:

- مستەر ئابدالّ، زانایانی ئەورۆ، منیان لەگەلّدا، دەمانەویّ بزانین لەوچرکە هەرەبچووکانەدا، چی روویداوە؟ چۆنەکی ماددەگەل و ئەستێرەو ژیان و... تاد لێپەیدا بووە؟!ئەمە پرسیاری سەرەکیمانە.

دەلّیّ حەزدەکات پێشەکی گەشتێکی زانستیمان پێبکات لەناو ئەم پرۆژە فرەمەزنی ژێر زەمینییەدا. بەدەم هەنگاوی رۆیشتنەوە. سەنگین سەنگین دەپەیڤا: نزیکەی بیست سالّێکە برێ دەولّەتی ئەوروپایی بەبرِی دەملیار یورۆو پتریش، لەقوولاّیی شەست مەتردا: توونێلێکی بازنەیی بیست و حەوت کیلۆمەترییان چێکردووە لەژێر زەمینی سویسراو فەرەنسادا بۆ دووبارە نیشاندانی چیرۆکی دروستبوونی کەون بەر لە چواردەملیار سالّی لەمەوپێش(ئەدی تیۆرە ئاسمانییەکانی ئادەم و حەوا!!) ئەز لێتدەپرسم : ترِۆ کرانەکویّ؟ بێگومان ئێژیّ: بۆ سەر زەوی. کەواتا: زەوی بەر لەوانیش هەبووە. با واز لەو گێژەنگە سەیرو میتۆلۆجییە بێرین. پرۆفیسۆر دەلّیّ: لەو خالّی دەسپێکەوەش، واتا لەپاش تەقینە زۆر زۆر مەزنەکەوە، کات دەستیپێکردووە. لە چاوتەوە دەخوێنمەوە گوایا پێش ئەو تەقینەوەیە بەچی ناوزەد دەکریّ؟!. وانییە؟ بەبۆچوونم ئەوە (ناکات) بووە. مستەر پیتەر ئێژیّ: هەنووکە چەند زانایەك بەنیازن نێردەیەکی پرۆتۆن، کە پێکهێنەری ئەتۆمە، لەم تونیلەدا بەرەلّلا بکەن بۆ ئەوەی یازدە هەزار جار لەیەك چرکەدا بسوورێتەوە بەبیّ ئەوەی لە رۆخەکانی بکەویّ. ئەوجا لەمەوە سەرنج لە سروشتی. ماددەو زەمەن بدەن و چیشیان لەنێواندایە. لەچەند مانگێکدا تێدەکۆشن، کە پرۆتۆنەکانیش لە چەپکی زۆر بچووکدا چرِبکەنەوە، کە

تیرەی هەریەك لەو چەپكانە چواریەكی تیرەی مووی مرۆڤ بێت! ئەوجا پێكدادانیان. لە نێواندا بەرپابكەن، ئەوەش بەخێرایی"99,999 " ی تیشك. (باشە، ئەم چڕكردن و پێكدادانەی پرۆتۆنەكان. چی لێدەكەوێتەوە؟ تكایە لەپرۆفیسۆر بپرسە؟)

دەڵێ: لەئاكامی ئەو پێكدادانە ترسناكەدا، وزەیەكی بەتینی ئەوتۆی لێدەكەوێتەوە، كە نەچێتە مێشكی ئێمەگەلەوە. هەندێ لە زانایان ئێژن: دەگاتە سەد هەزارجار زۆرتر لە گەرمای هەتاو! ! (موچڕكە بەلەشمدا دێت. باشە، ئاكامەكەی وێرانبوونی زەوییەكەمانی بەدوادا نایەت! !)

منیش، هەمان دڵەڕاوكەو سەراسیمام لەناخدا هەڵتۆقاوە. قەیدی چییە. ترس و دڵەڕاوكە و پرسیارەكەمان ئاراستەی پرۆفیسۆر پیتەری دەكەین. لەم كاتەدا ئەو سەنگی خۆی لە پێیەكەوە بۆ پێیەكەی تری گواستەوە و گوتی:

- بێگومان زاناكان لەبەراییدا بەشێوەیەكی سووك ئەزموونەكە بەڕێوەدەبەن. ئەمەش لەلایەكەوە مەودایەكی نوێ هەڵدەزۆپێنێ، كە زانایان پێشتر دركیان پێنەكردبوو. لە لایەكی ترەوە، بڕی زانا ئاگادارییان داوە، لەوانەیە تەفاعولە ترسناكەكە (كونی رەشی) لێبكەوێتەوە، لەوانەیە زەوییەكەمان، بەڵكو مانگ و ئەستێرەكانیش قووتبدات! ! رووی خەنداویی لێناین و، گەشبینانە درێژەی دایێ...

- بەڵام ئەم پرۆژەیەكە هاوپشتی پڕۆژەی هابلەو چواردە ساڵیشە خەریكی پێكەوەنانیین. ناومان لێناوە LHC((ئەم LHCیەم بۆ شیناكاتەوە؟))

- لارج هادرۆن کۆلایدەر، واتا: بەرینە پێکدادەری هـادرۆن. پێکهـاتووە لە هەزاران بەشی موگناتیسـی فـرە پوخـت گەیەنـەرو ئـامێری چـاودێریی هەرە کارامە، کە هەمووی بە تەکنیکی ئامێری دیگیتاڵی کۆمپیوتەر، بـە توانای بـاڵاوە هەڵدەسـووڕێن و هـەرگیز جێگـەی هەڵـەی تێـدا نابێتـەوە. دڵنیابن.

هەناسەیەکی هەڵکێشاو سەرنجی لە اوومان دا. ئەوجا گوتییەوە:

- لـەو تونێلـە بیسـت و حـەوت کیلۆمـەترە بازنەییـەدا، پرۆتۆنـەکان بەپێچـەوانەی دژی یـەك و، بـەخێرایی تیشـکدا، بـەتریلیۆنان جاریشـدا، گەرماییەکی وای لێدەکەوێتەوە وەکو پێشـتر گـوتم سـەت هـەزار جـار لـە گەرمای خۆرەکەمان زۆرترە!

(ئەو هەموو سووڕانەوەیە، ئەو هەموو پێکدادانانەی پرۆتۆنەکان، لـەو تونێلە بەند دەکرێن؟!)

پرسیارەکەت بەجێیە مستەر ریدەر. هاهاها، ئـەوە بۆئەوەیـە مسـتەر هێگز گوتەنی: بـۆ دۆزینـەوەی مـاددە رەش و بۆرەکەیـە، کـە پرۆفیسـۆر پیتەر هێگز و پرفیسۆر لین ئیڤانزی سەرپرشتیاری پڕۆژەکـەو پرۆفیسـۆر بریان کۆکس، کە ئەویش کارایە لە پڕۆژکەدا، بڕوایان بە بوونی هەیە.

بەپێکەنینەوە، پرۆفیسۆر پیتەر هێگز رووی وەرچەرخاندە. لامانەوە. برۆکانی بڵند کردنەوە. بەگەڤ و گاڵتـەوەش چـەند رسـتەیەکی هەڵوەرانـد گوایا پرۆفیسۆر ستیڤن هۆکنگ کە بەئاینشتاینی سەدەی بیسـت ویەکـەم دەژمێـردرێ، لـەبارەی پڕۆژەکـەوە گومـانی نیشـانداوە. لـە زانکـۆی کامبرجدا، کە خۆی سەرۆکایەتیی فیزیکیی تێدا دەگێـڕێ، لەسـەر پـەنجا

ئیستەرلینی گرەوی کردووە، کە هەرگیز پڕۆژەی (LHC) ئەو مادده تۆخ و رەشــەی لێناکەوێتــەوە: چــونکە هــۆکنگ گوتــەنی: ماددەیــەکی زۆر فێڵکارەو قەت لەچێوە ناگیریت.

پرۆفیســۆر هێگــز لــەنووای دەرکەیــەکی ئەلــەمنیۆمی ئەلیکترۆنیــدا وەستا. رووی دەمی لە هۆردووکمان نا.

- هەنووکە بە دوو پرۆفیسۆری گرنگی ئەم پڕۆژیەتان داناسێنم. دکتـۆر لین ئیڤانزی سەرپەرشتیاری پڕۆژەکەمان و دکتۆر بریان کۆکس پاڵپشـتی پڕۆژەکە. پەنجەی بەچەند ژمارەیەکی بۆردێکی لای راستی دەرگاکەوە نا لــەپاش ئــەوەی کارتــە تایبەتییەکــەی خــۆی خســتە کەلەبــەرێکی ژێــر ژمارەکانەوە، تیشکێکی سەوز درەوشایەوە. ئەوجا لەسەرخۆ دەرگاکە بە لای چەپدا چووە نێوان دووتوێی دیوارەکەوە.

- دوو میوانم بـۆ هێنــاون، تامــەزرۆی پــتر زانــینی پرۆژەکــەمانن. خـۆی بەشێوەیەکی سانای بێ ئەتەکێت بە یەکتری ناساندین.

- مستەر ریدەر، پرۆفیسۆر. ئیڤانز. مستەر ئابداڵ، پرۆفیسۆر کۆکس.

پرۆفیسۆر ئیڤانز داوای دانشتنی لێکردین و پەنجـەی بەدوگمەیەکـەوە نا. بەهۆی کۆمپیۆتەری بەردەمیان. نیەوەلایەکی رووی پرۆفیسۆر کۆکس و پرۆفیسۆر ئیڤانزمان لێوە دیاربوون بەهاوشـانی یەکدییــەوە. یەکـەمیان رقەڵەیــەکی گۆنــا قوپــاوی ســەرتیلاك بــوو. ئــەوی دی کەڵەگــەت و پــڕ. لــەودیوی چــاویلکەوە کلێنــەکانی دەبرپسـکانەوە. بــە گــوێری کورســییە لوولپێچ و گەڕۆکەکانیانەوە، بەهۆی ئاخافتنەکانیانەوە، لایـەنی بینـدراوی روخســاریان، گۆشــەنیگای جیاجیایــان وەردەگــرت. دەیــان ئــامێرو

کۆمپیوتــەری سەیروسەمەڕەشــە بــە دیوارەکانــەوە نەخشــەی زانیارییــان بەڕەنگــەوە لێــوە دیــار بــوون. ئــەز، ئــارەزووی پــەیڤینم لــەلای ورووژانــد بەوەی گوتم:

– راستە پرۆفیسۆر هۆکنگی بەریتانی لـەم پرۆژەیـەتان بـە گومانـەوە، گویا گرەویشی لە سەر بێ ئەنجامیی کردووە؟!

کیژێکی باریکەڵەی زۆرجوان بەوە دەچوو سکرتێری یەکێیان بێت. بە ئارمی خەندەبارانی کردین و، لەپێش دەستماندا قـاوەی دانـا. پرۆفیسـۆر کۆکس دەمی کردەوە.

- ئەم رۆژهەڵاتییانە فێری چای خواردنەوەن. ببـوورن، دەبوایـە پرسـم پێبکردبنایە.

- تۆی خوێنەر گورج وەڵامی لەمستت هەبوو.

- جاروبار حەز بەقاوەش. دەکەین.

- نەك پرۆفیسۆر هۆکنگ، بگرە هەندێ زانـاش زاراویـان لەپرۆژەکـەمان رژاوە!.

- پرۆفیسـۆر هیگـز وەکـو نیمچـە وەڵامێکـی تـۆی خوێنــەر لێوەکـانی ترازاندن.

- لەنێوان ئەوانەشدا زانای کیمیای ئەڵمانی (ئوتو روسلەر) گوتوویـەتی : هیچ ڕوونـادات ئێسـتا. بـەمانای لەئێسـتاوە بـۆ چـوار سـاڵی تـر، بـەڵام لــەناکاو، تیشــکێك ئۆقیانووســی هینــدی دەبــڕێ. کەشــوهەوای دونیــا دەگۆڕێ، گوایا هەموو شـێوەکانی ژیـان نـامێنێ و کۆتـایی بەهـەر شـتێك دێت!!

پرۆفیسـۆر لـین ئیڤـانز گـوتی. ئـەوجا پرۆفیسـۆر کـۆکس بـە پشـتا شکایەوەو قاقاپێکەنی و گوتی:

- هەرکەسێك لەو باوەڕەدا بێت، کە پڕۆژەکەمان کۆتـایی گێتییـە ئـەوا ئەحمەقە.

هەردوور لە رەشبینی و گومان، ئاماژەی کـرد، کـە لەبەشـی یەکـەمی ئەزموونەکـەدا سـەرکەوتوون، کەچـی بـڕێ زانـا پـاش چـەندین حەفتـە فەرامۆشیان دێتەوە. پێکدادانی ئەو گوررزە پڕۆتۆنانە لەوپەڕی هێزیانـدا و بـە پێچـەوانەی یەکـدی بـدینن. لێـرەدا پرۆفیسـۆر رووی لـە مـن نـاو پرسیارێکی دەستپێکرد.

- تیۆرەکەم لەبارەی عالەمەوە چییە؟ بەساکاری هەرتـەنێك دەیبیـنین و دەستی لێدەدەین لە ماددەیەك پێکهاتووە، وایە؟

- ئەڵبەتە وایەو، بارستی هەیە، بەواتایەکی دی، کێشی هەیە. ئەزگوتم.

- ئەلیکترۆنەکان لە خۆلگەی نیۆترۆنەکاندا ددەسوڕێنەوە.

- ئەوە دەمێکە زاندراوە. پرۆفیسۆر پاڵپشتی گرت:

- ئەم ناوکە هێزێکـی ئێجگـار بـەهێز کۆدەکاتـەوە، کـە بارسـتی نییـە، بەڵام ئەوسـای ناوکەکـە کۆدەکاتـەوە بارسـت دروسـت دەکـات، کـەوابوو لەوێدا بارست و نابارست هەیە،

خوێنەری هێژام، وابزانم تۆشی وەکو من سەلت رادەوەشێنی و بە هەر شێوەیەك بووە تۆزێـك لـەو تیـۆرەی پرۆفیسـۆر پیتـەر هیگـز هـەڵکڕێنی. چـیمان لەدەسـت داوە. بـا گوێیـان لێبگـرین. سەرپەرشـتیاری پڕۆژەکـە

پڕۆفیسۆر لین ئیڤانز لەسەر نەخشەیەکی سکرینی کۆمپیوتەرە مەزنەکەی بەردەمی خۆی، لە پڕۆژەکە دووا.

- نۆ هەزارو سێ سەت پارچە موگناتیسی. پوخت راکێشەرمان بەکارهێناوە بۆ خێراکردنی پڕۆتۆنەکان.

لەڕادەبەدەرەی و لەپێکدادانی پڕۆتۆنەکانی ناو تونێلەکە دروست دەبێت.

تۆی خوێنەری سەرسام بەگوێمدا چرپاندت:

(ئەمە هەمووی بۆ ئەوەیە، بزانین ئەم گێتییەمانە چۆن پەیدابووە)

پرۆفیسۆر. ئیڤانز ویستی بەتەواوی تیۆرەکەی لەبەرچاوماندا وێنا بکات و هەم بیچەسپێنێ.

- پێکدادانی هەرە بەهێزی ئەو پڕۆتۆنانە لەتەك گەرمایییەکی زۆر بەرز لێکەوتنەوەشی وەکو پێشتر گوتم، بارستی هەرە خەستی وەکو پیرامیدەکانی میسرو شوورەی چین لەژێر فشاری بێ ئەندازەی پاڵەپەستۆدا، ئەوتۆ گرژ دەبنەوە، کە لەسەر نووکی دەرزیلەیەکدا جێیان ببێتەوە.

لێرەدا، پرۆفیسۆر کۆکس لایەنێکی دیکەی پرۆژەکەی بۆمنی حەپەساوو تۆی خوێنەری هەراسان شیکردەوە

- ئەلیکترۆنەکان لە ئەتۆمە هیدرۆجینەکانیان جیا دەکرێنەو بۆ ئەوەی خێرایی بدرێتە پاشماوە پڕۆتۆنەکان تا دەگاتە 99,9٪ خێرایی تیشك و، چەندبارە پێکدادنەکان ئەنجام بدەن لەو تونێلەدا، کە یازدە هەزار جار لەچرکەیەکدا دەسووڕێتەوە. بە واتایەکی روونتر، کرداری پێکدادانەکان

به گوێرەی ڕێژەی خێرایی ئەو خولانەوانە، چەند پـات و پـات. دەبنـەوە. خۆ... تێگەیشتن

ڕووی دەمی لە تۆو من نابوو.

- بەڵێ، پێشتریش ئەوەمان لێت بیسـت. ڕووی گەشـایەوە، پرۆفیسـۆر پیتەر هێگز بە دڵنیایی و نەرمییەوە پاش ئەوەی وێنەیـەکی نیشـان دایـن گوتی:

- چوار ئامێری مەزن چـاودێریی ئـەو کردارانـە دەکـەن، کـە پرۆفیسـۆر ئیڤانز و پرۆفیسۆر کۆکس ئاماژەیـان پێکـرد. ئـامێرە هەرەگەورەکـەیان. توانای تۆمارکردن و پێوانی نەوەت ملیۆن کرداری هەیە بـەخێرایی شـەش سەت ملیۆن جار لەچرکەیەکدا.

لەو ژمارانە سەرم دەسووڕایەوە. تۆشی خوێنەری هێژا لە مـن چـاکتر نەبوو باری دەروونیت، بۆیە وەرم خستە بەر خۆم و پرسـیارێکم ئاراسـتە کرد.

- پرۆفیسۆر هێگز، ئاکامی ئەو پێکدادانی پرۆتۆنەکان بەچـی دەگـات؟ خەریکە هەترەشم بچێت!!

لەپرسیارەکەم زۆر کەیفساز بوو. بەتایبەتی ئەوەی بۆ دەرخست، کە ئێمە لە تیۆرەکەی بەڵەدبووینە. هێدی هێدی وشەکانی دەراندن.

- پرۆتۆنەکان لە دەرەنجامی ئـەو پێکدادانـە بەهێزانـەدا کـەرت کـەرت دەبـن، ئەوسـاش ئـامێرە چـاودێرەکان دوای ئــەو کەرتانــە دەکــەون، دەیانپشکنن و شیاندەکەنەوە.

- ئاکامەکەی ! ؟ تۆی خوێنەر بە نـەرمی پرسـیت بـەو نیـازەی منـیش پەرچڤەی بکەم. پرۆفیسۆر لین ئیڤانز خۆی بۆ وەڵامدانەوە تەیار کرد.

- بێپـەروا بـن هـەرگیز نابێتـە رۆژی پەسـڵان. هەناسـەیەکی داو چـووە کرۆکی مەبەستەکەیەوە.

- وەکـو گوتمـان، لـەو پێکدانـە بەهێزانـەدا، گـەرمایی لەڕادەبـەدەر، بۆرییـەکانی (هـادرۆن) دەکاتـە گـەرمترین شـوێن. لـەم کۆسـتارەیەماندا. لەوانەیـە ئـەو گەرمایـە خەیاڵییـە ترسـی خسـتبێتە بەرکەسـانێك ئەگـەر بەسەریدا زاڵ نەبین، سـنوور ببـەزێنیّ و بـەدەربێت لـە دەسـەڵات، بـەڵام برایـان، دووسـەت و حـەفتا پلـەی ژێـر سـفری ئـامێرە ساردکەرەوەکان، مەگەر ئەو گەرمایی ناو بۆرییە زەبەللاحـەکانی هـادرۆن ببـەزێنیّ، کـە لـە سـەت وبیسـت تـەن گـازی هیلیـۆمی شـلەوە، هاوتـەریبی بۆرییـەکان، بەپاڵەپەستۆی دوازدە هەزار ئەمپێر دەڕوات. تـۆ چـی دەڵێـی پرۆفیسـۆر کۆکس؟

ئەویش مژێکی لە پایپەکەی داو دەنگی تێکرد.

ئەوسا بۆرییەکانی هادرۆن لەو تینـە گـەرما زۆرەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ ساردترین شوێن. ئەمەش، مەبەستم لە دژو دژەکارییەکەیە: مسـۆگەری و دڵنیایی بە ئەزموونەکە دەدات. دەرفەتم لە پرۆفیسۆر بریان کۆکس ساند و گوتمیّ:

—ئەزموونەکـەتان رێگەخۆشـکەرە بـۆ مرۆڤایـەتی، چـوون پێشـتریش نهێنی ئەتۆم دۆزرایەوەبۆ.....

ویستم بڵێم : بۆ بەرژەوەندی سەرپاکی مرۆڤ، کەچی تۆی خوێنەر چمکی جاکەتەکەمت بەشێنەیی راکێشا، دەسبەجێ تێگەیشتم، نیازت وایە بێژیت: بەبۆمبی ئەتبۆمی و گازی کوشندە چی نەکرا بە مرۆڤایەتی ! لەو هەڵوەستەمدا، دیارە ئەوانیش هەستیان بەنیگەرایی ئێمە کرد. پرۆفیسۆر هیگز بزەیەکی جوانی دەراندو لەسەرخۆ گوتییە من.

- وزەی ئەتۆم و رووانگەی هابل و پڕۆژەکەی ئێمەش دەشێ لەلایەن دڵڕەشانەوە، لە مەبەستی زانستیی خۆیان بترازێندرێن.

هەستاین. دەستی یەکترمان بەجەختەوە گوشی، تۆ، بەئەزت گوت: کاتی گەڕانەوەمان هاتووە، نەگەڕێینەوە؟. گوتم: بە دڵی تۆی هێژا دەکەم. دەچاوانت بنووقێنەو منیش هێزە پاراسایکۆلۆجییەکەم وەگەڕ دەخەم. با ئەو زانایانەش بۆڕییە فرەزلەکانی هادرۆن بگەیەننە پلەی هەرەبەرزی گەرمایی و پلەی فرەنیزمی سەرمایی لە پێناوی چۆنیەتیی هاتنە کایەی گێتییەکەماندا.

نهۆ، لەنهۆمە هەرەدوورەکانی ناخمدا بیرم بۆ کەسانێك چووە کە مردوون و نانی زیندووانە دەخۆن! دیارە مەبەستیشم. لە کاکڵی بوونەوەرییە مرۆڤدۆستانەیانە، ئەوانە ئێسك و پروسکی گومناون. کەسێتیی ئەوتۆش هەیە، کە دروستکراوو نێردەی پێنووسە، کەچی کارایە، بوونەوەری و سایەی بەسەرمانەوە هەیە، ئەڵبەتە خوێنەری بەڕێزم بەحوکمی زۆر پێکەوەییمان لەم بەراوردکارییەم تێدەگەیت.

بۆ یادگاریش، لەوێ وێنەیەکی پێنج قووڵیمان گرت. پرۆفیسۆر پیتەر هێگزی دۆستم کامێرا کۆداکە دیگیتاڵەکەی لەسەر سێپاکەی دامەزراند.

ئێمـه. لـەنێوان ئـەو سـێ پرۆفیسـۆرەدا. وەسـتاین. پرۆفیسـۆر هێگـز لەناوەنـدی گشـتمانەوە بـوو. تـۆی خوێنـەر، کەوتیتـە لای دەسـتی ڕاسـتییەوە. منـیش، لـەلای دەسـتی چـەپی بـووم. پرۆفیسـۆر ئیڤـانز لـە هاوشانی ڕاستت وەستابوو. پرۆفیسۆر کۆکسیش لە هاوشانی چـەپی مـن وەستابوو، بەجۆرێك کۆمپیوتەرو ئامێرە زەبەللاحەکان ببوونە پشـتەکیی وێنەکەمان.

– ئەڵبەتە وێنەکەتان لەڕێی ئینتەرنێتەوە بـۆ ڕەوانـە دەکـەین، ئـەوە دوایـین رسـتەی سەرپەرشـتیاری پرۆژەکـە پڕۆفیسـۆر پیتـەر هێگـز بـوو. دەوم لە تۆی دەلالم بوو(براله، ئەگەر لە سـەتەکانی پێشـوو بیرمەنـدان و فەیلەسوفان رووی دونیایان دەگۆڕی، ئەوڕۆ تەکنۆلۆژیستان ئەوە ئەنجام دەدەت)، تۆش سەری ئەرێت بۆ جووڵانـدم و پێمیگـوت : ( ئـەم پێشـوو، ئـەوڕۆو، ئایندەشـی لەگەڵدا بێـت بـە هاتنـە کایـەی گێتییـەوە سـەریان هەڵداوە. بەر لەوە نە جێگە هەبووە نە گەردوون. – زەمان– )

– پرسار.

– فەرموو.

– ئەم هەموو رەنجدان و خوێندنەوە زۆرەت لەپای چییە؟

–ئەو سێ زانایە لەپای چییانە، منیش هەروەها.

– لەبەر دڵسۆزیم بۆ شارەکەم و، لەبەر خۆشەویسـتیم بـۆ مـرۆڤ. لـەوە پیرۆزتر هەیە. ! !

## _14 _

سەرە داوی ئەم پارەم چۆن دۆزییەوە، ئـەو دەمـەی تـۆی خوێنـەری دەلالم لەگەڵـدا نـەبووی. تکایـە ئـارام بگـرەو گـێم بـۆ هەڵخـە. لـەپاش شەوگارێکی پڕ لە گوڵەئەستێرەی چراهەڵگر، دەمێك. خەمم لێ تـۆرا. لـە بەرەبــەیانێکی خۆڵەمێشــیدا، توێــژاڵی بــەفرێکی پــەڕکراو گوزەرەکــەی سپیپۆش کرد. ئەوا بەردیدەم، بەپەڕەمووچی هەتاوێکی کز رەنگێندراوە. خۆرەکە بەلای لەواشەیەکی برژاودا دەشکێتەوە لەوەی بەدەفرێکی مسین بچێت. گەلا کەسکە قەزوانییەکان دەگەڵ شینکاڵی لاپەڕەی ئاسمانەکـەدا زۆر گونجاو بوون، تێکڕا دەخەنانەوە. شۆڕەبییەکەی حەوشە بەئیشـتیاو هەوەسەوە، چڵە نەوسـنەکانی دانواندبوونـە سـەر چیمەنەکە. ئـاخۆ کـێ دەرکــەی وازکردبێــت، کەبەدەســتی خــۆم لاشــیپانەکەیم. داخســتبوو! کلیلەکەم دووسووڕ دابوو. بۆپتر دڵنیاییش، قـولاپی شیشـی پشـتینەکەیم لە قولڤی خۆی گیرکردبوو! ئیتر چـۆن ئـەوە ئافرەتـە بودەڵەیـە، روو لـە پەنجەرەکەمڕا سەرە دیقانێ دەکات! ! لەبەراییدا مەزەندەی دراوسێیەکم لێکرد، لوواتر وابوو بڵێم ئەو پیرەژنـە بەڕوواڵـەت فـەرهادکوژە، چـۆنەکی پێـدزکێی ئەمـدیوی کـرد! بـازی بەسـەر دیـوارە بڵنـدە دوو مەترییەکـەدا دابێت! ! بەلام. نەشـڵپەیەکم بیسـت، نـەجیڕەی کرانـەوەی کێلـۆن و، نـە دەنگـی لابردنـی پشـتێندە ئاسـنە قورسـکە ! ! لـەو ئانەیـدا، خـەریکی

نیگارێکی نیوەچڵم بووم. کە لەپاش چەند رووپەلێکی دیکە بەرروونی دەیخەمە نوای چاوتەوە. هەستەکانم لەکاتی ئاوهادا. – خۆت دەزانی هەند ئاگامەندو وریا دەبن. بەئەندازەیەك. پەردەی گێم لە باڵی پەخشەو لە خشەی مێرووان دەبێت. ئەوەتانێ چاوە بزۆزە زیتەکانی لێم ناترووکێنێ و لێکدا لێکداش بە ئاماژی دەستێکی بانگهێشتی دانووستانم لێدەکات! بەڕاستیمە. ئەی بۆچی وا بەوردی، هەرچییەك لەنێوانی من و تۆ روویدا، واژەو بەواژە بۆجەنابی. تۆی دەگێڕمەوە. نیگارە نیوەچڵەکەم وەلاوەنا لەتەك پاکنووسی ئەو سێزدە پارەی نووسیبوومان لەسەر مێزی چەکمەجە دارەکە. راچەنیم تەکانی بە گوڕم بەرەو هەیوانەکە دا. پیرەژن تایین هەرزوو روخساری گۆڕِا. بووە بوونەوەرێکی دی ! کتومت، بڵێ بووەچی؟ بووە جوانکیلەیەك و تەنکە زەردەخەنەیەکی شیرینی هەنگوینی لەسەر لێوە تەنکەکانی چرۆی کرد... بووە وێنەی کیژە کافرۆشی لەو گۆڕەیدا، کە داخوا کام شێوەکاری. جوانپەرست کێشاویە و... کەی ! برالە، حەقایەتخوانە مێژینەکان گوتەنی (نە بکە، بە بخۆی، تەماشای سای گەردنی بکەی).

- دۆزیمەوە. بەسەری هەردووکمان چاکم دۆزییەوە پەروەرندەی لێوەشاوەم. بەو رستەیە هاتیتە نێوان گێڕانەوەکەمەوە.

- چیتە! دۆزیمەوە... دۆزیمەوە ! ئەرخەمیدس چیت دۆزییەوە؟! رووخۆش و کەیفساز پەرژایتە وەرامدانەوەم.

- چارەسەری برسێتی و هەژاریم دۆزییەوە: بەتایبەتیش بۆ جێیانی. وەکو دافۆرو سۆماڵ و ... پۆستکارتی رەنگداری کیژی کافرۆش بەسەر

ماڵباتانیی ئەوێدا دەبەشێنینەوە، ئیتر ببڕای ببڕ، ژانی سکگوشینیان دادەمرکێ، بگرە خۆراکیان لە بیر نامێنێ!

بەپشتدا شکامەوە. فرمێسك زایە چاوانم. دڵت نەڕەنجێ گەربڵێم

- دیارە تاسەی تەنزکاری و ئارەزووی قۆشمەت هەژاوە! چاکە، ئەدی لە ئەورووپا. !

- دەمخۆش. مەگەر بەوگوێرەیەش پەیکەرۆکەی ڤینۆش بەسەر دەستکورتان و بێکاراندا، دەرکەبەدەرکە دابەشبکەین.

- بەکامی دڵ وەڵامت دامەوە.

- ها، ها، ها... هۆ، هۆ، هۆ. ئەو ڤینۆسەی، کە بە دەستەکانی سنگ و بەرۆکە رووتەکەی شاردونەتەوە! چارەسەر های چارەسەری نەبوونی و نەهامەتی !!

- منیش بەتانووتەوە، گاڵتە ئامێزانە گوتم:

- ئیتر، پەروەرندەی هێژام، حەوجەیان بە بانك و سەرگەردانیی سنووقی نێودەوڵەتی نامێنێ.

- چش لەوشکە ساڵی و، چەمۆڵەیەکیش لە دەستدرێژیی بیابان بۆ سەر ئاوەدانی. دەگەڕێمەوە لای خەرامانەکە. مێوژە رەشکەی بخواردبایە، ئەوا لە بلووری گەردنە قازیقوڵنگانەکەی دەدیترا !! گەلۆ، لەوە باشتر هەیە بۆ برسی و قەلەندەران! بە تەماشایەکی سای گەردنی کیژە کافرۆشی تێرو تەسەل و بەختیاربن!! مەگەر جوانی بێهاوتای وا. شەوچراخی دەرباری داوود پێغەمبەر بێت. ئەوە لۆیە ئەو حەمکە شیعرە

هەوەسبازی و ئێرۆتیکانەی لەمەرزمەرەکانی تەوراتدا بێپەروا هۆنیوەتەوە!!

بابگەڕێینەوە بۆ دالآنەکە. لەشوونی خۆمدا پەرێشان و سرپو کەسیرەی کردم. لەتەوقی سەرییەوەی بۆ پاژنەکانی، جوانییان لێدەچۆڕا!! چوون بەئەستووندەیەکەوە سندم کرابێتم، ئاوهالانە بەقەتیسماوی تاس بردمییەوە. خودانی زوان و، ماخۆی جمگەکانم نەبووم، چونکە رووی وەزپرووکێن، چاوەکانی لە شرچێن و لێوو گۆناکانی شووشەیی ناخپژێن بوون!! بەنیگایەکی ئارمۆشین داییبێژتم. رەنگە تا ئەودەمەش قسەیەکی گەڵاڵە نەکردبێت، بەمنی بێژێت، چین چین کەزییە شۆڕە مارپێچییەکانی کەمەندکێشیان کردبووم. دواجار دەنگی لێوەهات، ئەمان چ دەنگێ! تۆبڵێ: (شمشاڵ) من ئێژم:

(شمشاڵی چی!!) بێژە: (گۆرانی) باگۆتدەدەمەوە(نە. بابە، بەستەو گۆرانی چرینی چی!!) وێجا بڵێرەوە( کەواتا سیمفۆنیا). مەگەر بڵێمەوە: (ئا... ئا... زایەڵەیەکی ئاوهایی زوڵاڵ. بوو، دەنگی) دەمی تێژەندم: ( بۆ وا خەمۆکی چەقت بەستووە؟)

نەمزانی کوو وەرامی وێدەمەوە. ئەو نەشمیلە گەڕایەوە سەر قسەی خۆی: (فەرمووش لەمیوانی ناوەختە ناکەی!!)

ئەز بەپرتەپرت. هەرچۆنێك بوو بە قسەی هێنام و وشەی (فەرموو)م دەرفرتاند. پێشمکەوت و هەنگاوی بۆ ژوورەکەم برد. لە چەقی تەك مێزو کورسییەکان، مەلۆچکەی. دیدی تامەزرۆی بە چوار دیوارەکە دا. لەچەپەوە بۆ راست سووڕاندەوە، ئەوسا مەلۆچکەکەی لەسەر مێزەکە

نیشتەوە، کە دەسنووسەکە لەپاڵ کەڤاڵە ناتەواوەکەدا راکشابوو. پیچێك راما. لێوە قەیتانییەکانی لێکترازان و، سێبەرێکی گلەیی بەسەر رستەکەیەوە لکاند. (بە پێوە رامدەگری! !)

گورج هاتمە خۆم. کورسییەکم لێنزیك کردوە. (ئەگەر دانانیشم) ئەو گۆتی. نێوانمان دوومەترێك دەبوو. مەترونێوی پانایی مێزەکەی نێوانمان و نیو مەتریش دابنێ بۆ دووریی دوو کورسییەکە و رۆخی مێزەکەی ژێرمان. برێك سروشتی و هێور ببوومەوە. ویستم بە پرسیارۆکەیەك، داوی دەمەتەقێی لەگەڵدا گرێبدەم: (ناوت... چییە؟) بەنازو گریشمەیەکی ئەوتۆ هاتە گوتن، سەرتاپیی لەشمی خستە موچڕکەی چێژناکەوە.

(هەرچی ناوێکت لەلاخۆشە، ئەوە ناومە، گیانەکەم). بریا تۆم لەتەکبای، لە وشەی گیانەکەم، شەرم و هەراسانیم رەوایەوە. خەریك بوو بێژم: لەکوێرا هاتووی ؟ کەنگێ؟! چۆن بێ دەرکە کردنەوە، چۆن بێ پرسی من هاتیتە ماڵەکەمەوە؟! کەچی ئەو شۆخە لە رەنگە پەریوەکەمەوە، ناو مەژگی خوێندمەوە! (جەنابت لایەنداری راستی و. رۆشنیت، یان رووپۆش و ئارایش و درۆ؟)

لەو ئانوساتەیدا کاسەی سەرم و ملم. وەك لەیەکدی گیر بووبن، هەڵمشەقاندن و، بە نەرمیش زارگۆم لێنا: (ئەڵبەتە راستی. دوژمنی باوەکوژی درۆو دەلەسەو دوو ڕووییم). گوتییەوە: (دە... بۆ چرکەیەك... چاوت بنووقێنە). جووت پێڵووم داخستن و کردمنەوە. هەمان پیرەژنی دیمانەی ئەو دیوە پەنجەرەکەم لەبەرامبەر دانیشتبوو! بسکە مارپێچەکانی شۆڕببوونەوە. چاوەکانی پڕ لە کل و ڕیپۆق! کەپووی

خوارو درێژ! ددانەکانی شاش و کەتەر! ! دەرفەتی پرسیاری بڕیم و، دەنگە گڕەکەی خستە کارەوە.

(بەخەڕەکەکەم هەرجێیەکم بوێ بۆی دەچمێ. هاتووم. . . سەودایەکت لەگەڵدا بکەم).

گوتمێ : (سەودای چی! ئەز، هیچی ئەوتۆ شکنابەم کەڵکی سەوداکردنی هەبێت، لەپێنووس و رەنگەکانم بەولاوە).

بەرینە زەردەیەکی ئاوێتە سیمایکرد. (دە. بە... دوازدە).

- جا، پەروەرندەی بەڕێزم ئەگەر من یاوەرت بوومایە، ئەو میواندارییی ناکردیت. جا. جوداوازیمان چییە !

- ئەڵبەتە وابووەو... واش دەمێنێ.

ئەوجای دەپەیڤا، ئاوڕمی بۆ لای دەمی وەردەسووڕاند. برێشکە وشەکانی دەکرماند، نەوەڵڵا گەنمە شامییەکانی ناو دەوی پەیتا پەیتا، هەڵبەزهەڵبەز دەتەقینەوە. چاکبوو دەرفەتێکم لە نێوان ئەو تەقینەوانەدا قۆزتەوە. خێرا گوتم:

(تێنەگەیشتم ! چی... دە... بە دوازدەم لەگەڵدا دەکەی؟!)

ئەو تەڵەتەقیوی دوڕ دەمی نایەوە و هەمواری کردەوە.

(دوازدە وەربگرە... یەکم بدەرێ).

هەندە نەمابوو کەلەیی ببم و بەڕوویدا ببمە فیشەکە شوورە. وشەکانم کرۆشت.

(ئەو تاکە شتە ییە دەتهەوێ لە هەمبەر دوازدەکەی دەمدەیتێ، پیرەژن؟!)

لەجێگەی خۆی قیت بۆوە. هەستم کرد، وا لەژێر قژەبژەکەیەوە دوو گوێی مووچ دەلەرێنەوە!! ئەویش، هەستی کرد، کە سەرو روخسارو سەکوتی دەپشکنم. گەڕایەوە سەر تەقاندنەوەی گەنمەشامییەکانی ناو زاری.

(ئەمێستا... خەریکە... لەیەکدی. حاڵی دەبین.)

کەمۆکەیەك هەڵوەستەی رێوییانەی کرد. چاوی لەچاوم بڕی. (لەبەراییدا گوێ و هەستەکانت بۆئەو دوازدە شتە بەهادارانەی من رابگرە. دواجار پێتدەڵێم چیم لێتەوێ).

سەری ئەرێم بەنەرمی راوەشاند. لەدڵەوەش مەراقی شتەکانی ئەو نەبووم، بگرە دەمهەویست تەنیا گوێبیستیان ببم و، ئەوجا چ تشتەکی گرانبەهام لەلا هەیە و، پێمنەزانیوە، کە ئەو بە دوازدە بەرابەری ئاڵشتی دەکات!! ئەو ناخگۆییەم لە چرکەیەکدا گوزەری کرد و ، زەقزەق بە سۆمای چاوو، پەردەی گوێ و هەستە راچەنیوەکانم چاوەڕوانی دەمودووی بووم. دەسپێك پەنجەی بۆ راداشتم و، بەمەقەسی لێوانی کەوتە قەوچە قەوچ.

(قسە مەدە بەر قسەکانم هەتا هەر دوازدەی دەبیستی. ناوبڕی تێنەخەی).

پشووی هەناسەیەکی وەرگرت، ئەوجا زمانی گڕدایەوە:

(ئەوە مەرجی نێوانمان بێت)

هەمدیسان بە وەڵامی سەر قایلمەندیی خۆم پێڕاگەیاندەوە. تۆش بوویتایە لەجێی من، واتدەکرد. مرۆڤ هەمیشە عەودالی تشتی سەمەرەو

نەزاندراوەکانە. ئەڵبەتە لەپاش دەرفرتاندنی نیوەی خەڵاتەکانی – خۆی گوتەنی. – کرومات پەیڕوی مەرجەکەیم کردو، ورتەم لێوەنەهات، بەڵام، بۆ هۆشداریت خوێنەری ئازیزم، کەرتە وشەیەکم لەپاش هەر شەشەکانی دیکەیەوە دەران لەجۆری : (ئێ – ئاوها – ئیتر – ئم م م – ئەها – تەواو). بۆ ئاسانکردنەوەش ،لە ڕستەبەندییەکانی لەمەو پاش بەچاوت دەکەون، ئەو کەرتە وشانەم لە جێگەی شایەستەی خۆیاندا تۆمار دەکەم. ئا... بەکاوەخۆیی دەنگم لێوەی بیست.

(یەکەمیان : لەبەر ئاستانەکەدا کیژی کافرۆشیم پێنیشان دایت، کە مەست و حەیران، بەڵکو مجرۆی کردیت. ئا... خودی ئەوت لەباوەش دەنێم، لە خۆتی مارە ببڕی).

(دووەمیان : گەنجینەی قاروونت لەکن کەڵەکە دەکەم، نەختینەو ئەسکیناس، زێڕو زیو، گەواهیرو مرواری، نایابی زومرووت، یاقووت، شەوەو پیرۆزە. ئیتر قورتاری لە بێنەوایی و، قڕانی لە نادارایی).

(سێیەمیان: کڵاوی سەخریجنت. لەسەر دەنێم بچۆرە شوێنان بێ ئەوەی زیندەوەرێك بتبینێ. دیوارو بەربەستان رێگرت نابن.)

زایەڵەو ئاوازی دەنگی لەبڕگەکەیەوە بۆ بڕگەیەکی تر خۆشترو زوڵاڵتر دەبوو.

(چوارەمیان: جووتێ باڵی فرەشەنگدارت لێدەڕوێنم، هەتا چاوبڕبکات بفڕی. لە کەشکەڵانی. فەلەکدا شەپۆل بەپەڕو باڵەکانت بدەیت.)

پێنجـەمیان: تیـژترین چـاوی هـەڵۆ، گـوێی شـای شەمشـەمەکوێرانت پێدەبەخشم.. بۆ وەی حـەفت نهـۆمی ئاسمانـان و حـەفت تەبەقـەی ژێـر زەمین بەڕوونی بدینی، هەروەهاش قووڵایی ژێر ئاوان.)

(شەشەم: هەرچی دەردو ئیسقاو نەخۆشی و ناسۆری هەیە لە تۆ دوور دەبێت. تەنت دروست و جومگەکانت مێوو ڕوون ئاسای هەڵدەسووڕێن).

(حەفتەم: دەتکەمە دەستەڵاتداری ئەو شارەی دەیخوازی، یان قەڕاڵی هـەر قەڵەمڕەوییـەك ئـارەزووت لێیـە. کەوشـەنت بێسـەرحەد و سـنوور، حەفەت دەریا و ڕوباران ببەزێنیً).

خوێنەری دڵسۆزم، ئالێرەدا کەرتـە وشـەی یەکـەمم دەرانـد. (ئـیً!)... ئـەو هەرچـەندەش ئـەو دووپیتـەی بـە مەرجشـکێنی زانـی، وەلـیً تـەنیا چـاوەکانی لـیً زیـت کردمـەوەو، بەخۆڕانانـەوە درێـژەی بەچەشـنە بەڵێنەکانی دا.

(هەشـتەم: دەتکەمـە کیمیاگـەرو ئەفسـوونزانێك دەسـتت بـۆ ئـاو بـرد ببێتە شەراب و مەی بەویستی خۆت. دەستت لە مس و زەرد دا ببنە زێڕو کـانزای پڕبایـەخ. پەنجەشـت بـەکام بـەرد بگەیـەتی هەڵگەڕێتـەوە گەوهەرچراخ و هەرچی دەخوازی).

بەسەرسـامی گـوتم: (ئاوهـا!) لەپەرۆشـی خۆیـدا گـوێی نـەدامیً و نەئالۆزا.

(نۆیەم: دۆنایدۆنت پێدەکەمە تاق جەوانی و لاویت، پۆشـتە و پـەداخ، شیاوترین روخسار، گونجاوترین قەدو بالاو رەنگ بۆ خۆت هەڵبژێرە).

زارم بە (ئیتر) کردەوەو کردمە قەڵەنگی درێژدادڕییەکەیەوە.

(دەیەم: لە هەمیشە بەهاردا بگوزەرێنە. نـەکرپیوەو زریـان و سـۆلە، نـە زەرگەتەو مێشو مێشولە، نە هەتوان و دەرمان و شەپلە، نە خـۆر سـووت و دان چۆقە).

بەژێر لێوەوە (ئم م م) دەراند.

(یازدەیـەم: لـە زمـانی زینـدەوەرانی ئـاوی، ئاسمـانی، زەمـینی و ژێـر زەمینیش بزانی. تێیانبگەی و ئەوانیش: ماسی و جلەو نەهـەنگان، مـامزو ئەسپ و سیمۆران، کەوو تیتراوسك و باشوکان تێتبگەن).

لـێتی ناشـارمەوە، ویسـتم هـەر بـۆ تـەنزبازی، لـە ناخمـدا بقاسـپێنم، بجریوێنم بگمێنم، یان لەکورژنی. ئەسپان بـدەم و. بحیلکێـنم، بـەڵام ئـەو دەنگانەم بۆ خۆم گلانەوە. بەئاسپایی گوتمێ: (ئەها) خۆی لێ نەبانکردم و، جەختی لەخاڵی دوازدەیەمی کرد.

(دوازدەیەم: گێت بکەرەوە. ئەو خەڕەکەت پێدەبەخشم، کە پێیهاتمـە حەوشـەکەتەوە، وا لـە سـایەی شـۆڕەببیکەدا رامگرتـووە. ئـەو خەڕکـە خەونامێزەت پێڕەوا دەبینم، کە لەچاو trووکانێکدا بتباتـە ئـەو شـوێن و ئەو سەردەمەی دەیخوازی... چاکە).

ئەمجا بڵندتر لە جارانی پێشـوو، رووبـەڕووی گـوتم: (تـەواو) بـەوەش ویستم پرزەی لێببڕم و دەمکوتی بکەم، کەچـی بـووژاوتر ئـاوازی دەنگـی گۆڕی ! باگۆی دامەوە

(هەرچی تریشت گەرەکە. دڵخوازبە. لە ئۆغرت دامە).

ئەوجا وشەکانم کەم تازۆر تێکەڵەی توندی و گەزاف و گورەشە بـوون. (ئەو چەشنە پەرجووگەلی رەهای بەهەشت ئاسـاییانەت خسـتنە تایـەکی

تەرازووەکەتەوە، راستییەکەی چیت گەرەکە من بیخەمە هاوتایەکەی دی، کە هاوسەنگی، هاوبەهای دوازدەکەی تۆ بن؟!) چاوانی ئاراستەی سەر مێزەکە کرد. لە من وابوو تیشکی نیگای لەکەڤاڵە نیوەچڵەکەیە. ئەو، قامکی. بەئاراستەی گلێنەکانی ئاماژەی بۆ دەفتەر نووسراوەکەمان کرد. بە دەنگی سەیرو بچڕ بچڕەوەش گوتی: (ئا... ئەوەم... دەویّ و... هیچی تر).

لەپڕ وابەستەی تورەیییەکی هەڵتەکێن بووم. لە ڕەوانمەوە رەشەباو زریان لێوانلێو سەریانکردو، لە شێوەی تۆپەڵە وشەدا بەرجەستە بوونە رووی ئوخێوە.

(لە دەمودووتەوە رەنگەو پێدەچێت یەکێك لە نەوەکانی ئەهریمەن بیت، گەر خۆی نەبیت، هەی پیرەژنی سەرئاسنین، هەی مێدوزای قژ تووله مارو کوڵەوەیباب).

بیرتە خوێنەری بەئەمەکم، لە پارەکانی پێشوودا باسمان لە فاوستەکان کرد. ئەڵبەتە ئەمەش ڕمۆزنێکە لە شەیتان و ئیبلیسەکان، کە بە سیپاڵی خۆماڵی و، بە خەڕەکەوە، گەندەنیازی لە عاست و ئەفراندنەکەمان هەس.

خۆی شلویّ نەکرد. بەبزڕکاوە زەردەیەك، لالغاوەی کەف و لیکی دەراند. بەشێنەیی دەمی لێنامەوە: (ئەمە گرێبەستە÷ سەودایە. وەربگرە و بمدەریّ. لەبەرژەوەندی هەردووکمانە مەگەر وانییە!؟)

بیّ ئەندازەو تۆسنتر لەجاری پێشوو : بەدەمارگرژی و باوەڕ مەندییەوە بەرهەڵستم دایەوە.

(بەرنـەفرەت و تـووك بكـەوی هـەی نـەگریس. دەتهـەویٚ بەتەراویلكـە ساامان و سـایە و پایـە فریـوم بـدەی! پـیٚ بنیٚمـە سـەر تەختـەی چرووكتەوە ! !) هیٚشتا ئۆمیٚدەوار بوو. نەشگەییبووە بناقاقای هەمدیسان زەردەی خستە بـان لیٚـوە وشـك و لەرزكـەكانی و، گەڕایـەوە بـۆ رووگـەی مەبەستێ (چـەند پەڕەیەكـە ! لـەقازانجی خۆتگـوزەرانیی تۆیـە، پـەژیوان نابیتەوە.) ناودەمم تالٌ و زمانم پـەلاٌس بـوو، كـە دانم بەخۆمـدا گـرت بـۆ گوژمە پەلامارێكی دیكەی گورچكبڕ. ئەو تەشیی ریٚستنەكەی بادایەوە.

(ژیانی شادمانیت بویٚ گەوجە... ژیان).

خرۆشـانەكەمی لـە ڕادەبـەدەر بەوشـەی گەوجـە هەلٌشـاخاند. میٚشـكم ئەستوور بوو، بەرچاوم تاریك. دەروازەی قەوچەكەیم لیٚبەست. نەمهیٚشت بەشـان و بـالٌی شـەبەنگەبەلٌیٚینەكانی هـەلٌبلٌیٚ، كـە لای منـەوە، بـەلای تـۆوەش ملكەچـی، دافـەتان و شۆڕشـبوونەوەی تـوونی رەوانفرۆشـی و دامالٌینی كەولٌی رەسەنی مرۆڤایەتییە. فەرموودەكەی مەسـیحم بـیر هـات (دادی چـیت دەدات گشـت گەنجینـەو سـامانی دونیـا ئەگـەر رەوانـت فرۆشت).

ئەم دەستنووسە، شاد رەوانـی ئیٚمەیـەو بـوونی رەسـەنیمانی مكـووم كـردووە، بۆیـە پشـكۆی وشـەكانم یەكلاییكـەرەو سەرزەنشـتانە تیسرەواندەوە. هەرگیز سەرت نەسووڕمیٚ لە رستە توندو بزماركوتەكانم. (هەسـتە لیٚـرە هـەی دیٚوەزمـەی كەلاوانگـەڕی هەلٌـەوەڕ. هـەتا پاژنـەی پـیٚلاٌویٚكم نەكردۆتـە مـۆری نیٚوچـاوانت... هـەی). ویسـتم بیٚـژم: هـەی سـۆزانیی سـەتەكانی میٚـژوو. گەڕامـەوە سـەر هیٚرشـەكەم. پەنجـەم

لێڕاوەشـاند. بزمـارکوت دامبێژتـەوە. (سـیکتربە، بەدفەسـاڵ، دەنـا لەتوپـەتت دەکـەم، هـەی دژی جـوانی و ڕۆشـنایی. وشـەیەکم نـەك بـەو دوازدە تەماحی دونیایە، بەڵکو بـە سـەرجەمی گـێتی ناگۆڕمـەوە... نـا.. بیکەرە گوارەی گوێیە مووچەکانت).

لـەپڕ کـە نـاوی گوێیـەکانیم بـرد سـەنگرایەوە سـندمی رایسـکاند و زەردەیەکی دزێوی هاتێ. گوێیەکانی درێژترو مووچت رکردنەوە. کەپووی شۆڕتر چەماوەترو هەڵگەڕاند. چرچ و لۆچی گوپـە قۆپاوەکـەی، دەمـاری لاملـەکانی کردنـە کەنـدڕ. جـووتێ کەڵبـەی مارانـەش لـە پووکیـەوە، لـە کەلێنی ددانە کرمەڵۆك و کەتەرەکانییەوە شۆڕبوونە سەر لچی، کە ببووە سـیرمەی گـامێش. دوو پـەنگر بـوون چـاوەکانی. دەسـت و نینۆکـەکانی شـێوەی قەیناغـە، قامکـە دەسکێشـی چـەرمی دروێنـەوانانیان وەرگـرت. بەرگ و سیپاڵی بەری هەڵگەرانە دۆخی تیسکی رەشی بزنانە. دەنگیشـی وەرچـەرخایە لـوورەی بەسـامی دەڵەکـەمتیارێکی گەنـدەخۆری برسـی. سـەرت نەیەشـێنم، دونایـدونی ئـاوەژووی کردبـووە ناوکـاژی دەعبایـەکی قێزەون و خێوانە گوشاری خستە سەرم.

(رکابەریم دەکەی ! قەیناکات. بمێنم بۆ تۆ دەمێنم).

بەدەنگی رقنەوە هەڕەشەی لێکردم. نیگـەران نـەبووم. بـۆ نیگـەران ببم لـە قسـەی پـووچ !تەنانـەت بـە هەندیشـم نـەزانی. بـەتاو، بـەگوژمی پێلەقە زەویی ژوورەکەی لەراند و، باڵشـەققەی بـۆ کـرد. برالـە، تانەیـەك بوو چاومی بەردابێت. ئیتر بـەر دیـدو دڵ و نـاخ و رەوانم چـوون ئـەڵماس رۆشن بوون و درەوشانەوە. جا... خوێنەری پشوو درێژم، دەبوایە لەگەڵ

ئــەو روویەلانــەی نووســیبوومان، تــۆش بفرۆشــم. ئــەوجا، بــا تــۆو مــن، بەراوردێ بکەین.

یەکـەم: هەربـەخۆم خاوەنـدی ئـەم تێکسـتە نـیم. کـە دەسـترۆ بم _ بەگریمانە — لە ئالۆگۆرکردنی.

دووەم: هـــەرگیز بابـــەتی فرۆشـــتەنی، ئالْشـــتکردن و ســـەودانییە دەستنووسەکەمان. خۆ پوختم تێدەگەی.

سێیەم: هێشتا سێزدنە پارمان لێنووسیبوو، کە ئەو بێچووە ئەهریمەنە بووە هۆکاری گێڕانەوەو داڕژتنی ئەم پاری چـواردەیەممانە. دەپـێم بێـژە بابزانم بیرت بۆ کێندەرێ هەڵفڕیوە؟

— ئەدی هاتوو ئـو گەندەڵـە تێکسـتەکەمانی، بـە جۆرێـك لـەجۆرەکانی جادوو لێدزیین!!

— هۆ... هۆ... هۆ... گیانەکەم هەندەش ساویلکە مەبە.

— دەبپرسە. . . بۆ؟

— ئەوا پرسیم بۆ ؟

— بێوەی بیت، وا بە هاسـانی بەسـەرتدا تێنەپـەڕێت. دژوارە جـادووگر بتوانێ رکێف و ئاوزەنگی وشە بکـات دەنـا ئـەو کرنووشـەی بـۆ. نـابردم. تۆزقالێك توانستی هەبوایە، وەگیری دەخست.

— ئەو دەمەش، من و تۆ لەگوپی خۆمان بدابایە.

— بۆیە، دیداربینی کردم.

— بەڕووڕەشی گەڕاندتەوە.

کاتێ ملی شکاند، چوومە پەناگەی پەنجەرەکەوە و چاودێریم کرد. پاش نەرمە بارانێك، خۆشی کردبوو. تومەز رشێنەی بارانەکە پاشماوەی توێژاڵە بەفرەکەی سڕیبوو، رەنگ و هێڵی بیندراوەکان گەڕابوونە دۆخی پێشوویان. پەلکی درەختان پاراوو شۆردراو بوون، بەڕووی یەکتریدا دەخەنانەوە. بەتایبەتی شۆڕە بییەکەم. سەبارەت بە شێی شەوی رابردوو، لەبەر قورسایی دڵۆپە خۆڕاگرەکان، وا قولانجیێ. لە زەوی نزیکتر ببوونەوە. ئاسمانە داوێن شینکاڵەکە، مەگەر لێرەو لەوێ لۆکە هەوری پێوە لکابوون، بۆنی بێگەردم هەڵمژی. دەرەنجام، دیمەنەکە خەفەتخانیی و دڵتەنگیمی تاراند. گەڕامەوە سەر تەواوکردنی کەڤاڵەکەم، کە هەتا ئەو کاتە، ناوەندەکەیم، بۆ مەتەستێك جێهێشتبوو، هەنووکە ئەو بەڵێنەی کە لە لاپەڕەی یەکەمی ئەم پارە بەتۆی ئازیزم دابوو، دێنمەدی. لە چوارگۆشەکەیەوە بۆ شێوە بازنەییەکەی و، چەقەکەی دەدویم. خانی لە پزێڕین و مانی، تۆو من، هەر یەکەمییان لە گۆشەیەکی کەڤاڵەکەدا وەستاوین. تیری سەنجمان لەچەقی ناوەندە — کە وەکو گوتم شوێنی کەسێکم بۆ جێهێستبوو. — خانی میرخاس لە گۆشەی راستی سەرەوە روو بەرووی جەنابتە لە گۆشەی چەپی خوارەوەدا. مانیی دەستڕەنگینیش، گۆشەی چەپی سەرووی گرتووە بەرامبەر بەمنی گۆشەی خوارینی راستدا. بەڵێ... وایە. حەزرەتی خان و مانی لە دوو گۆشەی سەرەوەن. ئێمەش لە دووگۆشەی خوارەوەین. بەهەرچوارمان سێرەی دیدمان لە چەقگەی ناوەندی گرتووە. ئافەرین، زوو هێناتە بەرچاوت، باوەجوو پاشتر کەڤاڵەکە دەبینی. ئا... لەنێوان ئێمە و چەقی

کەڤاڵەکـەدا، بازنەیـەکی مـرۆڤ. هەیـە کـە ئـەوانیش سـێرەی سـەرنجیان لەکەسێکی ناوەنـد گرتـووە. ئـەو بازنەیـەش لـە سـێ نووسـەرو سـێ زانـا پێکهـاتووە. هەرشەشـیان دەسـتیان گرتـووە چـوون ئـەوەی سـرووتێك بنوێنن. دەخولێنەوە.

- دەرفەتێکی کورتم بدەیێ. پەروەرندەی هێژام، دەزانم ئەوانە کێن.

- هەر تۆو دەرفەرت. دەی... ئەوانە کێن؟

- مامەلی و ئاپۆ یەشارو کاکە سەلیم و... سێ زاناکەش. ئەوانـەن، کـە لە پاری سێزدەیەمدا میوانـداریمان کـردن، بەداخـەوە ناوەکانیـانم نایەنـە سەر زار.

سـەد ئافـەرین خوێنـەری نموونـەیی. پرۆفیسـۆران هێگـز و ئیڤـانز و کۆکس دەستیان لەناو دەستی ئەو نووسـەرانە دایـە، کەجـەنابت ناویانـت هێنایە سەرزار. ئەمێستا بازنەی کەڤاڵەکـە بێنـە بـەر چـاوت. هەرزانایـەك دەسـتی دوو نووسـەری گرتـووەو، هـەر نووسـەرێك دەسـتی دوو زانـای گرتـووە. دوازدە چاویشـیان لـە کەسـێکی – هێشـتا رەسـم نـەکراوی– ناوەندە. بۆ گریمانەش ئەگەر بە سێ هێڵ نووسـەران ببەسـتین هـەروەها لە نێوان سێ زاناکەدا سـێ هـێڵ بکێشـین، ئـەوا دوو سێگۆشـە پێکـدێنن، هەر بۆ گریمانەش لە نێوان جەنابت و مانیداو، لـەنێوان خـان و منـدا هـێڵ بکێشـین، ئـەوا چـوار سێگۆشـەی یەکسـان دروسـت دەکـەین. وەکـو گوێبیستم بووی، کەڤاڵەکەم بـە ناچـڵی هێشـتبوو. دەڵـێم بپرسـە : بـۆ؟. چونکە ئەو چەقگەیەم بۆ گەمارۆدراوێکی ناپەسەند دانابوو، شەڕەنگێز لە وێنەی هیتلەر و فرانکۆ، لە چەشنی سەددام و مۆسۆلینی و... تاد، بـەڵام

ئەو بێچووە ئەهریمەنـە هاتـە ژوورەکـەم، لەوانـە زیـاتر شـیاوی ناوەنـدی کەڤاڵەکەم بوو. ئەمەیە هۆی تەواو نەکردنی.

- حەز دەکەم رۆشـنتر واژەی کەسـێتییەکانم بـۆ بکـەیت. ئـەوا کەسـی یازدەیــەمی چــەقەکە ئاشــکرابوو. کــۆکین لەســەر چــەپەڵی و نــەفرین لێکردنی. ئەدی کەسانی بازنەی ناوەندی و کەسانی چوارگۆشەکە؟

- ئافەرین. فیزیا وانەکان هێمای زاستن. نووسەرانیش سمبولی وێژەن.

- ئەدی ئەو دوو جاوید و شکۆمەندەو... ئێمە؟

- حەزرەتی خانی لەپێزێڕینم کردۆتە نوێنـەری مێـژوومان. مانیشـم بـۆ چاوگی هونەر وێناندووە. ئەگەر منیش ئافریدەکاربم. ئەوا تۆی خوێنـەری دەلالم دەبیتە نموونەی گەلێکی هۆشیار.

- هێلکە، لەوە چاکتر لە تـوێکڵی داناماڵـدرێت. . . زارخـۆش بـەمجۆرە گەیشـتینە کۆتـایی پـاری چـواردەیەم. چـەپکێ گـوڵ و چـەپکێ نێرگـز. نووچدانت نەبینم هەرگیزاو هەرگیز.

- دوا پرسیارم، مەبەستت لە نووچدانی کێیە؟

- نووچدانی پێنووس و نووچدانی خوێنەرە.

## _15 _

پەروەرنــدەی بیریــارم... وای، کــە چــەند مایــەی دڵپێســووتان و شەرمەزاریشە، خامە هەڵگرێك، تاوێـك هەسـت بـە گێرخـواردنی داهێنـان، برینگبوونــەوە و تــاڵیی سرووشــی خــۆی نــەکات !! هەراســانم لــەوەی چــۆناهی خوویــەکی گرتبێــت، کــە هــەرگیز دەســتبەداری رەشــکردنەوە نەبێت! تەنیا بۆ ئەوەی هەمیشە لەلاپەڕاندا ناوو نازنـاوی بـەدیی بکـات! تۆ بڵێـی ئـەوە چەشـنە نەخۆشـییەك نـەبێت، کـە چارەسـەری سـایکۆگە بخوازێت! دەزانم برێ بۆچوونت هەیە، بـوێرم خێوەژنەکـە گوتـەنی بێـژم بەرپەرچـم نــەدەی و داوی رێســتنم نــەقرتێنیت. تکایــە نــازم بکێشــە و پشووت درێژبێت هەتا نیازم دەبییەی. گرفتەکە، لەوێدایە بە چ. پاساوێك واز ناهێنێت، ئێستێك ناکات !! وێڕای ئـەوەش هەسـت بـە گریمانیـە بـۆ شیی ناکـات! مەگەرشـایانی توێژینـەوە بێـت، ئـاخر چلۆنەهایی دەگـەڵ عـــەزابی ویـــژدان هەڵـــدەکات! وێدەچـــێت ئاشـــنایەتیی دەگـــەڵ هەستوەرییەکاندا بزڕکابێت ! ئەڵبەتە ئەو جۆرە نووسـەرانەم مەبەسـتە، ئەوانەم – چوون شەپۆلی هۆش – دەگەڵ خومـدا دەگـوت و دەگوتـەوە، کەچی کەسەکەی دیی ناخم بە پەرچـی دەدامـەوە:( مەبـە بـە دیکتـاتۆر، گشت کەسێك لەچێوەی خۆیدا مافی گرتنە دەستی پێنووسی هەس). گوێم بـۆ شــلکردبوو: (ئەوەنییــە زیــوان و گــەنم و جــۆ پێکــەوە هەڵدەکــەن.

ئەوەنییە گیا کەڵەو گیاوگۆڵی بەدەم ئاژەڵانخۆش هاوشان دەڕۆێن!) لێت ناشارمەوە تەنها بۆ ماوەیەکی کورت حەوسەڵەم گرت. هەمدیس رشتتر تێهەڵچوومەوە لەئاکامیشدا بووە هەوێنی دلگرانی و وەراوردم. ئاخر چۆن ناتوانای بێ٘سەلیقە شوێنی. شیاوی بەهرەمەند داگیر بکات! چۆن ئەو کەسگەلە فێڵ لە بووکی جوانسازی بکەن و،. چۆنیش کارگێڕان چەواشە بکەن! هەتاکو کەی ؟! فەرموو... چاوەنواڕی وەڵامتم. — ئەوەو... زۆری تریش شایستەی بیرکردنەوەم نەبوونە هەرگیز. ئەوجا جەنابت — وەکو مۆنتاژی ئەم تێکستەمان — سەرنجمت بۆ وابەستەیەك راکێشا لەمەڕ نووسینی یەکەم رۆمان جیهانی و، بەپرسیارێك رووبەڕووتکردمەوە.

— دەزانی کێ بەر لە نزیکەی هەزار ساڵێك یەکەم رۆمانی نووسیبێت بە پێوانەی هونەریی ئەمڕۆ؟

رۆمان، بەزۆری دەگەڕێننەوە بۆ سەتەی شازدەیەم یانی حەڤدەیەم. سەرم لەو هەزار ساڵە سووڕما. بەڕێزت، بەسانایی بۆ پێشەبەرەی رۆمانگەلی دێرینی ئەوروپایی ئاماژەت کرد، (دۆنکیخۆتە)ی سرفاتیسی ئەسپانی و (تۆم جۆنز)ی فیلدنگی ئینگلیزی و. تاد. بەوەش نەوەستای، ناوی نووسەرێکی ژاپۆنیت هێنا (شیکیبو موراساکی). کە رۆمانێکی پوختەو جوانی بەواتای نوێی ئەمڕۆ نووسیوە بەناوی (حەکایەتی جەنگی) لە 2500 لاپەڕەدا، لەنێوان سالانی. 937 — 1051 دا ژیاوە. ئاماژەت بۆ ساڵی 1923 کرد، کە (ئارسەر وێلی ) پەرچقەی بۆ زمانی ئینگلیزی کردووە. بە گەشکەییەوە بۆ سەلماندنی ئەو زانیارییە، — دیسان بۆ مۆنتاژێکی چاوی کامێرایی گەردووناسیی تێکستەکەمان — گوتم: تیشکی

راستی، ئەگـەر دووریـش بێـت، لـە ئاکامـدا پێمـان دەگـات. جـەنابت لـەو رستەیەی منەوە، فەرمووت: ئەو تیشکەی لە مانگەوە دێت، بەکـەمتر لـە دووچرکە دەگاتە گۆی زەوی. لـەخۆرەوەش بەهەشـت چـرکەو نـەختێك، بـەڵام لەناوەنـدی کۆسـتارە (GALAXY) خۆرەکەمانـەوە بەبیسـت و حەوت هەزار و حەوتسەد ساڵی تیشکی دەگاتە ئێمە ! ! ئەوجا ئەگـەر لـە دوورتـرین تـەنی ئاسمانییـەوە بێـت چـەند ملیۆنـان سـاڵی تیشـکی بخایەنێت؟ ! . ئەرێ بـەم بۆنەیـەوە، ئـەم گەردوونـەمان (UNIVERSE) تخـووبی هەیـە؟ مـن پرسـیم. لەوانەیـە سـێزدە ملیـار نـەك ملیـۆن سـاڵی تیشکی گەرەك بێت. تۆ وەڵامت دامەوە. کەواتە لە چرکەی هاتنە کایـەی گەردوونەوە، تیشکەکان هیشتا ماویانە بگەنە لامان، کەچی مێشکی ئێمە لەچـرکەیەکدا دەگاتـە ئـەو خـاڵی بەراییـەو،... دەشـگەڕێتەوە ! وەڵامـی تخووبداری و بێ سنووریت نەدامەوە.

دەی.

پـاش نیوەڕۆیـەك، گـاژە هـەورێکی بـۆرو چـڵکنی ناوەختـە پانتـایی ئاسمانی گرتبوو. خێوی تاریکی باڵی بە گوزەرەکەدا راکێشابوو، لەناکاو، تریشـقە و چـەخماخەی بـەهێز، هـەورەکانی رەوانـدەوە. روو بـەری ئاسمانەکـە بەتاوسـاو، لـەپێش رەشـێنەی چـاومدا گـەلێ رۆشـن و، ئاقارەکەشـی لـە گوێمـدا خـامۆش بـوو، لەگـەڵ گرمەکەشـدا، تارماییـەك تەشەنەی کـردە بـەر بەرۆچـکەی حەسـاری حەوشـەکەوە ! ! . هەرچـەندە خەون و ئەندێشەو فانتازیا، تەنانەت جیهانبینی و فەلەسەفەش چەمکێکی باشـی هەیـە لـەم تێکسـتەماندا. بەیارمـەتیت، لێگـەڕێ، لەژێرچـەتری

جەنابتـدا بـا لـە رایەڵبەنـدیی گێڕانـەوە دەرچـم و، هێشـووی وشـەکانم بحەوێنـەوە. ئەمـەیان بەزیندەخـەون مەزانـەو، جێـی بهێڵـە بـۆ راڤـەی رێبازەکانی، ئیبن سیرین، فرۆید، یۆنگ، ئەدلەرو... فـرۆم. کۆڵەکـە کـاری ئێمـــە هونـــەری رووداو دروســـتکردنە، دەق هێنانـــە ئارایـــە. رووداو دروســـتکردن و دەق هێنانـــە ئـــاراش، راســـتی دروســـتکردنە، وەلـــێ تۆمارکردنی واقیع وەکو خۆی، ناپەسەندەو کاری ئیستێتیکی نییە. دەبـا (رۆلان بارت) لەتیۆریزەی خۆیەوە، دەگگە لە نووسەران بـدات و، مـەرگی ئێمە و عەبدوڵلا سەڕاجیش رابگەیەنێت. ئەمـە جێگـەی پرسـیارە، گوایـە (بەبێ دەقی وێژەیی، کەسێتیی نووسەر نییە و، بێ واتایە) لەکاتێکدا ئەو نووسەرە دەتوانێ دەقی دیکە بەرهەمبێنێ، بەڵام هیچ دەقێك. لەتوانایـدا نییە نووسەرێك، خاوەندێکی گرگن بۆ خۆی قوت بکاتـەوە ! ! نموونـەش: دەقە فۆلکلۆری و ناو بزربووەکانە. دەی. رەوایە هەرکەسێك جودا دیدگـە بواری خۆی هەبێت و بهزرێت. هیچ لایەکیشمان بریکـاری ( ئەلتـەرناتیڤی) یەکتری نیین. توانای مـرۆڤ لـەبن نایـەت هـەرگیز. راوێـژکردنیش دروسـتە هەڵپەی پیتاندن و باڵادەستی لە نێواندا نییـە. بـا سـەرقاڵی دەقەکـەمان بین, چاوم لێبوو، وەکو جەنابتان لەدیمانەکەدا باستان لێـوەکرد، هـەمان توخمـە دەعەجانەیـە بـەدەمامکی کیـژە کافرۆشـییەوە لەنووامـدا رووا ! نا... نەپەشۆکام. زارەترەکیش نەبووم. تەقەڵلا دەکـەم، چـرکە بەچـرکە بـۆت وێنـا رەنگڕێـژ بکـەم. ئـەوجا بهێنـە پـێش چـاوی جـەنابت. کیـژە کافرۆشی بێت و، خۆی لە تەل دابێت ! ئەنگوست شووش. باڵا کەڵەگەت.

خورمایی قژ. چاوەکانی... تەح. تەح... تەح، جووتێ ئەستێرۆکە بوون، شکۆفەی جریوەو مەکۆی تەلسیم!

ئەرێ.. چۆنە بێژم: رۆژو شەوی حەوتوویەك، مەردم سەرنجی ئەو بوونەوەرە بدات و ئەوە بژێوی بیت و، تێر نەخوات!! لەسیمایەوە شنە هەڵیکرد. دەنگی زوڵاڵ. پەروەرندەم، ئەوانە بە زیادەڕۆیی، بە شۆخی مەزانە، یان بە هەڕەمەو هەرزەگۆیی، یاخود بەتاسەو تامەزرۆی غەریزە. چیتر ناڵێم. هەستوەری تاراپۆش ناکرێت. ئاخۆ... هیچ ماوە! ئەوانەی دەراندمن، هەر دەبوایە بمدراندبانایە، لەکنم نامۆ بوو گوایە رێگەی هەتڵە کردبێت ! سوربووم، بەنیازی تەڵەنانەوە هاتۆتە دیمانەم. بەڕێز، قەیدی چییە چەندیی پێ بە پلیکانەکانیدا وەسەرکەوم، بەخۆڕایی ناچێت هەرگیز. خۆدەزانی، کارم بەوە سازە، کە ئەم نووسینەمان، سەرسەختانە، هزرو بۆچوون و بیرەوەریمانی لە خۆ گرتووە. لەدوازدە تەماحەکەی، کە گفتی پێدابووی بەچێژترە. دەرحاڵ زانیم هەمان دەڵەخێو، رەنگە. بۆ هەڵسەنگاندنی بەندە هاتبێت، لەم سۆنگەیەوە، بەجەبابت نەوێراوە، دەشێ بەمن بوێرێت! تەڕ وانییە. رەنگە ئەو نەگریسە بەداوی جوانییە بێمانەندەکەی، جاڵجاڵۆکانە چاردەورم، بان و بنم بتەنێ لەهۆشی خۆیدا، وابزانێت، کە ئەزی لە تۆ هاسانتر بۆ نەرم بکرێت و، گێرۆدەو چەواشەم بکات، ئەوساکەش، پاش گلاندنم، بمکاتە پێگەی زەمینەسازی بۆ پێخزاندنی جەنابتان، لێ بەوەی نازانی، کەوا سەرسەختی و نەبەزینی من بەتۆوەیە. واش سووسەی بۆ کرد، کە ئەو سەردانەی بۆ لەیەکدابڕینمانە. پەروەرندەی هیژام، سیسنە فراوانبە

لەگەڵمدا. هەرخۆت فێرتکردم، بنیادەم یەك كەڕەت دەژی... با ئەو ژیانەی جوامێرانەو بەشكۆ و پاكداوێنی بێت. یەكڕاست سێرەی دەوی لێگرتم:

(هاتووم.. بتكەمە مێردم).

ئەز، وەكو جەنابتان دەسبەجێ سیخوڕمەو مستەكۆڵەم بە شەویلاكیدا نەكێشا. چاوی خەواڵووی لێنام.

(لەبەستێنی زەریاكاندا، ڕۆژگار بە شەوگارەوە گرێ دەدەین، نوقمی خۆشگوزەرانی).

ویستم دڵنیابم لەوەی خۆیەتی و، لەلایەكی ترەوە، با ئەو بەخشینە مفت و درۆیانەی كە بۆ جەنابتی هەڵخستبوون بئەزموونێنم، كە هیچكامێكیان تۆزقاڵێك لە سەراب پتر نییە و دەپووكێنەوە. كێ چوزانێ ، بەشكو پەندی لێوەربگرم. هەلومەرجێكە و سازاوە، چوون لەپاش تەكاندنی تۆزو گەرد لێنیشتووی دۆسیی بچێتەوە، فەرمانبەرێك... با ئەمنیش لۆ ئەو ئەزموونەی پارسەنگی چاوەڕوانییەك بكێشم. خۆ لەوە گوزەراوە ئەز، پێشبینی بڕوام÷ لەبنەماوە بەو دزێوە نییە، سەرەڕای ئەوەش، بابزانم چیی لێهەڵدەوەرێت و، ڕاگوزەرە گەشتێك بەناو بەڵێنەكانیدا بكەم، بۆیە گەنگەشەم لەتەكدا نەكرد، ڕشت و شێلگیر گوتمێ: (چاكە... ڕێككەوتین) بووە پشیلەی ڕام و دەستەمۆ بووژایەوە. (بە دوو مەرج، یەكەم : هاوسەریمان پاش دەخەین. دووەم، دمهەوێ ئەگەرەكو هەمووی نەبێت، ئەوا لە زۆرینەی ئەو بەخششانەتدا بژیم).

وێرای گرژیی تەوێڵی، نیگایەکی سرك و ژیکەڵەی تێخێواندم، بەسەرو چاوو برۆ رەشەکانی. بەگێلاسی نۆشینەگەی لێوەکانی، بەخرپلە قۆخی گۆناکانی پاڵپشتی لەجووت داواکەم کرد، بەزارگۆییش پشت ئەستووری کردم.

(با... لە گەنجینەی قارونەوە تێهەڵچین). گوتی. منیش، ئەو ئاسا پاش ناردنی مژەبایەك بۆ سینەم، بەسەر رەزامەنیم بۆ دەراند. گوتییەوە: (دەچاوانت دابخە.) چاوم نووقاند. لەپاش سێ چرکە پێڵووەکانم هەڵبڕین. چی بدەبینم! لەناو خەرمانی مروار و گەرهەر دامە! لە هەرەتی جەوانیم دامە!! دەوروپشتم کۆپە زلزلی پارەو زیوو ئاڵتوونە! لەنووادا، بەشانازی و خۆشیخۆشی سووڕێکم خواردەوە. دوایش لەجیاتی ئەوەی دڵشادبم، بریق و باقی ئەڵماس و زومرووت و یاقووت، درەوشاوەی تۆپازو ئاقیق و مرواریيەکان بە شەوارەیان خستم. بەردیدەم تاریك لێڵ داهات، رەوانیشم پەرتییەرت. شپرزە بووم لەوەی نەك قاپ و کەلوپەل و پاتاڵەکان، بگەر کەرپووچی دیواری بالاخانەکانیشم بەمەرجان و بەردی رەنگاوڕەنگ هەڵچن رابوون! ئەوەش مایەی وەڕەسی و خەمزەدەییم بوون، کە دەستم بۆ هەر چییەك دەبرد، یان نیگا لە دۆڵکە و سوراحییەك بگرم، ببنە گەوایەر، یان مەی و شەڕابی کۆنینە! خۆم لەناو تراویلکەدا بینی. مەزاقم پێهاتن. بێزار بووم بەگشت واتای بێزاری. خۆ دەزانی چدەڵێم. بەدەنگی بەرز، بەخۆباوەڕی گوتم: (پارەو پوول و ماڵی دونیا کەمەندەگیرم ناکەن. چ شادییەکم پێنابەخشن).

بەژنی لە من قولانجێك بالآتربوو شیفۆنیٚ بەری هیچی ناشاردەوە. هەڵبەت بێباك نەبوو لە وەڕەسیم. دەنگیم ژنەوت.

(هانیٚ... ئەم كڵاوی سەخرەجندەیە، لەسەری خۆتی بنیٚ، ئیتر بەچاوان نابیندرێیت. هیچ دیوارو بەربەستێك نابنە كۆسپت، ناكامت ناكەن).

ویستی بەجۆرێكی دی لەخشتەم بەرێت. بەوشێوە نادیارەمەوە خولامەوە. چوومە ناو دەیان خانوبەرە، پەناگەو ژێرزەمینانەوە. دیمەنی ترسناكم بینی لە جووتبووندا. دایكە دزانم دیت لەتاریكیدا. پیلانم دیت لەژێرزەمنی دەربارادا دەچندران. خیانەتی ژن و مێردان و.. سەرم كاس بوو لە قێزەونیی ئەودیوی دیوارەكان بەبیٚ ئەوەی بتوانم پەنجەیان تێوەربدەم. هەر زوو ناقایلیمی خوێندەوە. سیمای پەشێوی دیم و، دەنگی هاتەوە بەر گوێم. (ئەو جووتە باڵە بگرە. لەكۆڵتی هەڵبكێشەو، بەكامی دڵت بڵند ببەرەوە).

ئەوەی دایمیٚ هزرمەندی بەپێزم جووتیٚ باڵی زل بوو لێچووی ئەو جانتانەی دەكرێنە كۆڵەپشت. لە شەققەی باڵم دا. بەرزبوومەوە، بەرزترو بەرزتر بەو ئاواتەی بگەمە ئەوپەڕی گێتییەكەمان یان هەر نەبێت بگەمە كۆستارەی (ئەندرۆمیدا) لەوێوەش بڕوانمە گۆی زەوییە شین و كەسكەكمان. لەسەر ئەستێراندا وچانم دەداو، تێڕوانینیم بۆدواوە دەگەڕاندەوە هەتا وای لێهات، سەرەڕای چاوی فرە تیژەكانم، گۆی زەوی بنێس و گرگن وەكو پنتك دەبینی، بۆیە هەردوو دەستم كردنە سەیوانۆكەی چاوانم. چاوێكی. تیژتری پێبەخشیم. لەو دوورایییەوە، كە

جەنابت بەساڵی تیشکی وێناتکرد، نەك تەنیا زەوی، بەڵکو ژێر زەمین و قووڵایی ڕووباران و زەریاکانیش ببینم وەکو ئەوەی ئێستێ یەکتری دەبینین. گوێشم لەدادو فیغان، لە پرتەو بۆڵەی زیندەوەرانی خوارەوە بوو، کە شەریعەتی جەنگەڵستانیان پیڕەو دەکرد، کۆشتارگەی راوکەرو نێچیر، تێرو برسی، جەللادو قوربانی. دەروونم لەو ناڕەواییانە پەنگی خوارد بەگوێرەیەك دڵم خوێنی دەلاند. لەدوورترین ئەستێرەوە. کە هێشتا بەتەلیسکۆبیش نەبیندراوە، لە دڵی خۆمدا بەدوای کردگارێك گەڕام کەوا جوانجوان، ڕێکرێك ئەوانەی ئاوێزان کردوون! ! لەشینایی لاژوەردی بەولاوە هیچی دیم پاداشت نەبوو! هەر زوو بە دوودڵیی سەر راوەشاندن. گەڕامەوە نێو حەوشەی خۆمان. ئەو، لەمەبەستم گەیشت. دەستی گرتم. بردمییە. شوێنێکەوە چوون مۆزەخانەی مۆمی مەدام (تۆسو) بەدەیان بەژن و جۆرەها رەنگی پێستی لێبوو. (دەتگەڕێنمەوە تاڤی بەندروستی و هەرەتی گەنجیت). ئەو گوتی و، من چاوەڕوان بووم.

(نە سەرماو سۆڵەی زستان کارت لێبکارت، نە ڕەشەباو گڕڕەی هاوین. نەمێشوولە بدینی، نە مەگەزو دەعبای دیکە. نە بەندەواری دەرمان، نە حەوجەی هەتوان بیت).

سڕوبێدەنگ بووم! . .

(قەد و بالاو رەنگ لەو کەسانەوە بخوازە. بۆت هەیە تێکەلاویشیان لەنێواندا بکەیت).

زۆرینەی قژەسەرو بەژن و پێست و روخسارم کاژگۆرکی کردن. بێ ئۆقرە بەخۆم گوت: ( نرخی شت بەخۆیەوەیە، ئاو لە بیابان و،. کەوڵ

لەکێواندا) ئەو، گوێبستی ناخگۆییەکەم بوو! هەستی بە نائۆقرەیی و بێزەوەریم کرد. بگفت و لفتی نەوا خۆشەوە، بەنازو عیشوە چرپاندییە گوێم.

(ئەمێستێ... شووت پێدەکەم و... هەتا هەتایێ دەست لەملان دەبین).

بەنەختۆکەیەك توورەیی و سرکەی چاوو چریکەی بەرز وەڵامم دایەوە.

(ئەوەیان، وەکو ڕێککەوتین، بهێڵەرەوە بۆ پاشکۆی ئەزموونەکانم).

بەهێوری، دەستە نەرمۆڵەکەیم لەسەر شان و ملم لابرد. خۆی لە گووره نەبرد. روخسارە نموونەییەکەی نەشێواند. سووك و هاسان دزەنیگام تێگرت و لەناخگۆییمدا ئاوهام گوت: (دەشێ لە بەهەشتیشدا مەردم، لەزۆرەیی پەری و. فریشتان بێزار بێت، لە زۆریی حووروغیلمان، لە جۆگەلەی شیرو هەنگوین و، لە جۆباری شەراب و مەی، تەنانەت لە مێوەجاتیش، کە بەچاو تێبڕین بکەونە ناو لەپتەوە! بێزاریش لە هۆکاری فرەیی ناسکۆڵەکانە، لە رەنج نەدانە، لە میوەکانە لە کەشوهەوا هەمیشە بەهارو نەگۆڕرانەکەیەتی. مرۆڤ حەزی لەگۆڕرانە، لە بەراوردکاری و دلێریی رەنجکێشانە. مەگەر هۆشی ساواو کاڵفامان ئەو مفتە رەهاییەیان گەرەك بێت و هۆگری بن).

ئەو، بەدەنگی، گەڕاندمییەوە نێو دۆنی ئاساییم.

(واتێدەگەم بە هەمیشە بەهار و جەوانی و تەندروستی قایلی نیت!!)

باگۆم دایەوە: ( وەکو گوتم، حەزم بەگۆڕرانە. مێوی وەرزێك، بەنموونە، یەکسانی میوەگەلی وەرزەکانی دیکە نییە).

(ئەی چی لەبارەی دەستڕۆییت و قەڕاڵ بوونت؟!) بەبۆزی گرژییەوە. پرسـیاری لێکـردم. مـن، بێـدەنگ بـووم بـەواتای : هێشـتا ئـەزموونم نەکردوون. بەرلەوەی داوای چاو داخسـتنم لێبکـات، بـەخۆم پێڵووەکـانم. دانەوانـدن و کردمنـەوە. دەبیـنم قـەڕاڵێکم، سـنووری قەڵـەمڕەویم لـە چەندینی کیشـوەر و زەریـا و ئۆقیـانووس تـرازاوە ! هەنـدەی مێـرولان و لمی دونیایە ئەرتەشم! کەنیزەك و قەرەواش و بندەستە بەسەتان، بۆیـە بیرم بۆ دەستبەسـەرگرتنی ئەسـتێرانیش چـوو، هەرچـی میروشـای زەوی هەنە لە ڕکێفی خۆمدا بن، وەلێ لەکاتێکدا نیگـام وا زۆر زۆر بـڕی دەکـرد کەچی چوون گۆشەگیری نابینا، بەر کەپووی خۆم نـەدەبینی !! خەڵکـە بێسـەوادو ڕەشـوڕووتەکە، قەلەنـدەر و دافـەتاون!! (ئـیتر... پـاش... ئەوە؟!) بەخۆم گوت. کاسەی سـەرم راوەشـاند و بـەخۆم وەڵامـی خـۆم دایەوە. ( ئەو هەموو تفاق و چەك و شمەکانەم، ئـەو سـەربازو لەشـکرەم دژ بەکێ بجەنگێ!؟ کە سەرانسەری دونیا لە پەنجە توتەمـدا ئەموسـتیلە بێت!! ئەوجا، ئەو ئۆردووانـە بێکـار، بێکـەڵك و سـەرگەردان دەبـن. خـۆ ئەگــەر بڵاوەیــان پێبکــەم، زۆر ناخایــەنێت، ناحــەزێك لــە سووچــێکی دونیاکەمەوە کودەتا دەکات و بە فەتارەتم دەبات).

سەری وەرزبوونم بـە تونـدی لەقانـد. ئـەویش، بەخێسـەوە، لـە هـۆی دوودڵیم وەئاگابوو! گەڕاندمییەوە ڕەوشی پێشـووم. هۆرتکمـان چـاومان بڕییە قووڵایی چاوی یەکدی. بەقەڵسـییەوە دەمـی تێژەنـدم. (ئـەوجا... خەڕەکەکەم بئاژۆ. گەشتی جێیان و سەردەمانێك بکە، هەرگیز نەتدیون و نەتبیستوون).

وەڵامی بەندە بەکلاییکەرەوەبوو.

((خـەڕەك ! !) قاقـام کێشـا و دەسـتەواژەی هەراشـترم بـەکاربرد. (خەڕەکـە شـڕڕە ! ! چـاوو گوێـت بـاش بکـەرەوە. ئـەوڕۆ لەسـایەی تەکنۆلۆژیاوە فریـای دونیـا بەگونـدکراو دەکـەوم، بـەبێ ئـەوەی لـە جێم ببزوێم... دەیبینم).

سەری سووڕمانی لەنگاند. نەئالۆزا، لێ بەتیلی چاوی، بزەیەکی نـاردو، بەدەنگی منگنی تژیی مەکرو نازو شیلەخەندەوە ئاخاوت. هاوکات، پیلـی لەگەردنم ئالاند.

(من و تۆ... مایینەوە).

بـەو سـەبارەتەش دوو ئەنگوسـتیلەی ئەڵماسـی زبـری دەرهێنـا. (دەستت درێژ بکە... با لـە پەنجـەتی بنـێم. تـۆش، ئـەوی دیکـە بکـەرە پەنجەمەوە).

بریسـك و باسـکی ئەڵماسـەکان و، دەنگـە چـێژهێنەکەی ختووکـەیان دام. منـیش بـۆ تـەواوکردنی دوایـین ئـەزموون، روخسـاری گەشـکەییم لێوالاکرد. سرووتی ئەنگوستیلەکان بەسەرچوون. خۆمان لە بالاخانەیەکی قشتیل ورازاوە بینییەوە. دیوارەکانی لە بللور هـەڵنرابوون ! بنمیچـی لـە کریستاڵ ! بۆنی مێخەك و بخوودرو سمڵ مرۆیـان دەورووژانـد، تامـەزرۆی لـەهامێزگرتنی کیـژە کافرۆشـی هەراسـانی کـردم، کەچـی ئـەو چـاوی لـە جامـەکی دەسـتی جیـا نـابۆوە. دیـوی پشـتەوەی جامەکەکـەی بـەدەیان نقـێم، مـرواری، کوژەکـە، یـاقووت و شـەوە رازابـۆوە ! دەمێکـی زۆر بەسەرچـوو. وازی لـەئارایش و مشـتومالکردنی خـۆی نـەهێنا. بـەخۆت

دەزانــی پــەروەرنــدەی دلالم، لــەدۆخی ئاوهالانــەدا کــات رێــەژەیی خــۆی دەنــــوێنێ و، بـــەگوێرەی رەوشـــیناخمان دەگرژێـــت و... دەکشـــێت. چاوەڕوانیم بەلاوە بەگوێرەی سالێك بگرە تەمەنێك بوو. ئاخر قوربان دەمویست لەو شەرابەی لێوە تەنکەکانی بنۆشم. بەخۆت دەزانیت، کە هەرگیزا و هەرگیز مانەندی نەبوو! دیقم کرد. سەبرم سووا لەوەی کوڵمەکانی بلێسمەوە. تەحا... چەند نازك و بێنەزیر بوون! لاچاوەکانی رامووسم کە مەگەر مانی توانیبێتی چاوی تیرئەندازی و بکێشێت! هەستم کرد، کیژە کافرۆشی پێناچێت دەرفەتی ماچ و مووچم بدات هەرگیز، چ جای تێوەگلاندن و تلانەوەم بۆ بلوێنێت نەبادا ماکیاژو خۆ لە تەلدانەکەی هەڵبزرکێت. پەیتا پەیتا قژە چینچینە پەخشانەکەی لە شانە دەدا وەکو. ئەوەی تاڵەکانی دڵم بڕنێتەوە لەگەڵمدا جووت نابێت نەوەکو ئاوسیی دووگیانیبوونی ناوقەدەی قەوی بکات و لەباری خۆی نەمێنێ. لە ژێلّلا هەندەی چاوی لەمن دەبڕی، دەهەندەو پتر مەدهۆشانە چاوانی لە جامەکەکەی دووریبوون. مەحاڵە و پێناچێت بەڕاستی شووی پێکردبم. نەپهێشت لەشولاری بدینم. لەژوورێکی لاچەپدا کراسی و ئاوەڵکراسی دەگۆڕین. بۆم ساغبۆوە، کە تەنیا بە خۆی رادەگات و عاشقی خۆیەتی و... تەواو، بێپەروا لە من. وێڕای ئەو رووالەتانەش، لە بنەڕەتەوە لێم سوور بوو، ئەستەمە دەستم لەگەڵدا تێکەڵ بکات. ئەمە کەشە — داوێکە بۆی ناومەتەوەو، لەدەرنجامدا(.) سفر بە دەستم بکات. لێی چوومە بەرەوە. بەکەلەیی جامەکی دەستیم راپسکاند. بەتوندیش لەسەر

زەوییەکە هوردوخاشم کردو، دڕدۆنگ دەنگم هەڵبڕی (تۆ... خۆپەرستیت هەی دەروون گرێیاوی. ناوی چیت لێبنێم. ! ها؟.)

ئەو، هێشتا دژە هەڵوێستی نەبوو، ئەهوەنتر گوتمەوە:

(لەمێژە گرێی نێر... گزی بەسەر نێرینەدا سەپێندراوە، ئیدی مەگەر خۆت ناوێك بۆ گرێکوێرەکەت بدۆزیتەوە!)

هەناسەیەکی هەڵکێشا ئەز، درێژەم پێدا...

(تۆ هەمیشە کەیل و کاسی خۆتی و، چش لە من و گشت تەماشاوانانی وێنەکەت!)

ویستی دەوی هەڵبێنێ. ئەز. گورج بەدەستێکم دەرکەی گوتنم لێ بەست، بەدەستەکەی دیش، ئەوکییم گەمارۆدا. یەکپشوو بەقسەی بێ لغاو قرچەم لە هەناوی هەستاند.

(ناشێت بەگەمژەم بزانیت! تۆ لە نووکەوە بەم ئاکارو بەم شێوازەت، ژیان و چێژگەمت تاڵ و ترش کرد. تۆ ئالۆشداری ئاوێنەو شێ، مێخەك و عەترەکانی خۆتی، پێبەن خشڵەکانتی !!)

بەڕووی مرچ ومۆن، چەپۆکەکانی راستکردنەوە. قەیناغی نینۆکەکانی لەهەردوو مەچەکم زۆر خراو گیرکرد. خوێنیان لێ چۆڕا. ئازاری زۆرم پێگەیشت. رووناهیی بەچاوم تارو شەوەزەنگ بوو. لێوی هەڵقرچاند و کەمتیارانە ئاوڕی لێدامەوە. چاوەکانی چاوی ماسیی مردوو. سەگلاوێکی تۆپیو بوون. بەسیمای شپرێو، خەوش و خڵتەی ژوورەوەی، بەزوانی بەدگۆ، هەڵەشانە رەهاکرد.

(ها... ها... هۆ... هۆ... هۆ. ناوی بنێ گریی شۆخەژن، هەی نالەبار).

ئەوەی بە تۆنە نەوایەکی چەپەڵ و لاسارەوە گوت. چاوم پەڕییە تەوقی سەرم ئەو چاوەکانی خێل بوون. برژانگەکانی بوونە دەرزیی ژیژك. بۆندڕی. لێوەهات. ها... کا... بوونە درەوشی سیخوڕ لە ئاراستەی چاومدا! زوو خۆم لێبوارد نەبادا بمئەنگێون. وەلاکەوتم تەزوویەك بەلەشمدا گەڕا. بۆئۆقرە لێسەندنی دوایین تیرم تێسرەواند و... لێمخوڕی.

(هەی سیسارکە کەچەڵەی تۆرەمەی ئیبلیس. هەی سازندەی گەندەڵ لاچۆ لێرە. حەوت بەردت بەدواوە).لەم ئانوساتەدا تێکچڕژا. جەنابتان گوتەنی بووە درنجی لەو گۆڕەدا. دەرەتانی نەدام. هەر زوو ئەویش بۆ ئۆقرە لێسەندنی من، بەلێوە لەرزە، بەدەنگی کرخنەوە کردییە دەمەقرەو قیژاندی.

(وەلبەو ملت بشکێنە. ئێرە تەلاری منە).

ئەوەی گوت و خۆم لەنێوەندی حەوشەکەماندا دیت و دەنگی لەگوێمدا زرنگایەوە.

(تۆش، لە کەرەستەی ئەویت).

هەڵبەتە مەبەستی لەتۆی ئافریدەکارم بوو.

(بمێنم... بۆ ئێوە... دەمێنم). قریواندی. هەندەم زانی، واپشیلەیەکی رەش دەتگوت لە شەو جیابۆتەوە، باوێشك دەدات، دەم و لەوسی دەلێسێ و، لەبەریەك خۆی دەکێشێتەوە.

_ خوێنەری دەلالم، تۆومن، لەیەکدی شوناس بین، ئەو ناحـەزە بـا لـە گوپە چرچ و قوپاوەکانی بـدات. ئـەو، نـەماوە هـەتا بـۆ هەڕەشـەی ئێمـە بمـێنیٚ! ! هـا... هـا... هـا. ئـیتر لەمـەو پـاش پەروەرنـدەی ئـازیزم، سەروکارمان بنکۆڵکردنی گەمارۆی نەویستراوەکانە. سـەنگەر لـە پـووچ و خورافــە و هاوچەشــنەکانیان دەگــرین. پاکتاویــان دەکــەین بــەوەش سەروەریمان رادەگرین.

_ بەوەش، خوێنەری دلۆڤانم، رەوانی خانی لەپزێڕین دەسرەوێت.

## _ 16 _

جا... با کەسانێکی ئاساییخواز، بەدگومان بن لە ئەم تێهەڵچوونانەی ئێمە بە ناو ڕێڕەوی ڕووداوەکاندا و، بەلادان و خاوکردنی گێڕانەوەی بزانن و، پێی هەناسەسواربن، چونکی ئەوانی ڕاهاتووی تـەرزە ئاکـاری نۆرمـاڵی نـازانن، کـە ئێمـە سـەرقاڵی بناغـەکوتانی دەقـی پۆسـتمۆدێرنەو ڕۆمـانی نوێبەخشـین. پرسـیار دەخەینـەوە. هـەرگیزیش ئـاوڕ لـە سـوتوویەك نادەینەوە، کە جێماوی بەلەم و کەشتییە بە ڕەژووبووەکانمانـە. بێبـاکین لەوەی گوتراوەو دەگوترێت، وەلێ ئـەوەی ئـەز چـاڕس دەکـات، هەنـدێك دەرکەی قەسابخانە بۆ دەق دەکەنەوە!. لاشەی دەقەکە پارپـار دەکەنـە سەر شوێن، کات، گێڕانەوە، فۆلکلۆر، کەسێتی، وەسف، هێمـاو... نـازانم چی!! لەکاتێکدا هزری ئافریدەکارەکە و جیهاندیدەیی وەلاوە دەنـێن!! چـاکە. لـە ئـەو پێکهێنەرانـەی ڕۆمانـەوە ئـاخۆ چـیی گێڕاوەتـەوە؟! گۆشـەنیگای چـبوو لەمـەڕ ئـاین و ڕەنـگ، لەمـەڕ خـوداو بـەجیهانیکردن، لەمەڕ پەیوەنـدیی ڕۆژهـەڵاتی ڕۆحـانی و ڕۆژئـاوی مـاددی. لـەنێوان ژن و پیاو، لە سێکس و نـامۆیی!! ئـاخر... دەق، مەلەکوتێکـە، مێلۆدییەکـە، شـکۆفەیەکی ئەوتۆیـە، پـەرتکردنی زۆر زۆر گوناحـە. خۆشـیکردنەوەی سـیمبول و خوێندنـەوەی نـەگوتراوەکان دەگمەنـە وەکـی دگـانی مـامر و هێلکەی کەڵەشێر لەکن برێ خامە هەڵگر!!

بەهەرحاڵ، ئەم دەقـەمان لـەبواری فەلسـەفەو جیهـانبینی خۆمانـەوە دابەش کردە سەر: هونەرو داستان، ئەدەب و مێـژوو، ئەفسـانە و زانسـت و،... تاد.

ئەڵبەتـە بـە پۆشـاکی جوانسـازی (ئێسـتێتیکا)و، لەبۆتـەی گەمـەی زماندا.

لەوپازدە پارەدا، وێنەگەلێکمان نمایشکرد بەپێی ئەوەی نووسین لەم سەروبەندەدا وێناندنەو، مرۆڤیش بەوێنـەکراوی پانتاییـەکی دیدگەییـە. بۆ نایەی بیر لەکۆتاییەکی ناباو بکەینەوە بۆ ئەم دەقە ناباوەمان.

ئالێرەدا تووشی ئاستەنگ و دژوارییەك دەبم، رەنگە تۆش بگرێتـەوە، چونکە هەر یەك لـەو چـەمکانەی پەنجـەنۆمامکردن. کۆتاییـەکی جیـاواز لەوانی دی بخوازێ.

بەنموونە: کۆتایی بابـەتێکی شـێوکاری یـان نـاواخنێکی ئـەدەبی، لـە روانگەی مانی و سێسووچکەی کاك سەلیم، ئاپۆ یەشارو مامـە ئەلییـەوە، هەروەسـا لەدیـدی ئێمـەوەش،. ئەڵبەتـە چـوونیەك نـابن. ئەمـە دیـوی یەکەمی. گرێدانی ئەو دوو چەمکەی ئەدەب و هونەر بەداستان و ئەفسانە و هەم مێژوو، بۆ پێکهێنانی جۆرە کۆتاییەك گشتمان قایل بکات و، هەم وابەسـتەیی سـەرپاکی ئەوانـەش بـەلۆژیکی. زانسـتەوە — کـە ژمـارەو ماتماتیکی تێدا سـەرکارە — هـەرگیز مـەودای سازشـکاری ناڕەخسـێنێت. ئەمـــەش دیوەکـــەی دیکەیـــەتی. ئـــەوجا، ئـــابووری و پۆلەتیکاشـــی سەرباربێت! وای... کە کارێکی سەخت و بە گوڵمەزە! ئایـا زانیوتـە ئـەز سەرتۆپی ئەو بابەتگەلەم بەهەنجەتی باسکردن لەبونیادی میتافیکشـن و

ئەدگاری شێوازە تەکنیکەکانی دەقی دژەباوی ئەمڕۆییمانەوەیە. ئافەرین خوێنەری دەلال کە بەگەمەی هونەری ناوی دەبەیت نەك بـە فـێڵ و شـتی تر. ئێمە دەشێت گەمەی چێژدار بکەین، لیّ فێڵ و گزی ناکـەین هـەرگیز. وەکو گوتم: ئەوانەم بۆ دەوڵەمەند کردنی پرۆسەی داهێنانەکـە هێناوەتـە گۆڕێ، دەنا تۆشم لەگەڵ خۆمدا. لەناو پۆلدا دەفڕاند. ئەوسا. نەدژەباوی گێڕانەوەی چەقبەسـتوو دەوەسـتاین، نـە سـنووری چـێژگەی ئاسـاییمان دەبەزاند... با لەوانە بگەڕێین.

ئەمێستا هۆشم لای شـێوە کتاییەکـە، رەنگـە تـۆی هێـژاش پەسـندی بکەیت و، لەلات سەرسووڕمێنەر نەبێت. دەزانـی چـییە؟! ئـا... واز لـە.. کۆتایی... هێنانە وەکو کۆڵەگەیەکی باو... زۆر بەسانایی، سەبارەت بـەم تێبینییانەی سەرەوە، پارەکان بـەگوێرەی خۆیـان کۆتاییـان دەرانـدووە بـەواتای: چـەندین کۆتـایی جـوداوازو جۆراوجـۆر لەئارادانـە، چ رەوایـە چێشتی مجێورانە. تێکیان هەڵبشێلین!! هێنانە کایەی کۆتـایی... نـازانم چـلۆنەکی نـاوی لێبنـێم ! مەگـەر... هـا... هـا... هـا... لـە هەگبـەی خیمیاگەراندا هەبێت، کە دەیانکـاری ملهوڕانـە جیـوە بکەنـە زێـڕ. خـۆ... چاکم تێدەگـەی، بۆیـە دەسـتبەرداری ئـەو کۆتاییـە ناچـیزەیە دەبم و... ناوی دەنێم: ناکۆتایی. , بۆ؟ پرسیارەکەت دانسـقە و زرنگانەیـە، چـونکە ئەم دەقەمان کراوەیە و... بێکۆتایە.

ئەوجا، لەپاش پرسیارەکەی جەنابت، با منیش پرسـیارێکت لێبکـەم: بۆچی ناوێکم لێنەنایت؟ تـەنیا بەخوێنـەر ئامـاژەم بـۆ کـردووی، ئەڵبەتـە بەگۆڕینی ئاوەڵناوەکـانی وەکـو: هێـژا، دەلال، جـەناب، بـەرێز، هاوکـار،

براڵــە. . . تــاد. چــونکە جــەنابتم، بــە نوێنــەری وریــای کــۆی خوینــەرانم دانــاوە، نوینــەرێکی کاکڵــەیی ئــەز بیخــوازم. هەربۆیــەش ســیفەتەکانتم دەگۆڕڕین. براڵەو... هەتا ئەم دەقە مابێت، تۆ من دەگێڕیتەوەو، مـن تـۆ دەگێڕمەوە. یەکتر دەڵێینەوەو... دەژێینەوە. ئەز، پەیام و تۆ پەیامبەر. ئـاخر... خوێنــەری بەئەمــەکم، دەق دوو دیــوی هەیــە، دیــوی دەرەکیــی، رووالەتی، بەچاوی و ڕووکەشی. دیوەکــەی دیکــەی، ریشــاژۆیی، قــووڵایی زەینی و سیمیائیە، کە یەکەمیان: وەهم و توێکڵە... دووەمیان: ماهییەت و کاکڵە.

شەوی رابردوو سەلیم هاتە خەونم. باسی نووسین و خــەونی لەگەڵمـدا کرد. گوتـی:. (زمان، خەون و ئەندێشە چـڕبوونەوەی رەمـز و هێماکانــە). منــیش پێمگــوت: ( توانایــەکی بێکەوشــەنی هەیــە لــە رەخســاندنی خۆشگوزارینی مرۆڤ و، هەم لە ئەفراندن و هەسـت بەبوونــەوەریی خـۆی.) گەشایەوەو، دوا رستەی دەراند. (دەتـوانم بێـژم: گێڕانــەوە، وەلاخسـتنی بێدەنگییە).

دوا رســتەی منــیش ئەمــەبوو (پرسیارخستنەوەشــە لــە پێنــاوی داهاتوودا.) ئافەرین خوێنەری هێژام.

(ناونانی راستەقینەی شت و دیاردەکانە) هەروەها بـەرەنگاریی مەرگـە بەواتای (نووسین، کەولگۆڕین و نوێبوونەوەیـە.) بۆیـە لـە بڕگـەکانی ئـەم دەقەماندا، لـەناو (گـۆمی قـوو)ی (چایکۆفسـکی) دا پێکڤـە مەلـەمانکردو روانیمانە(جوانە نووستووە) کەی.

بەکۆنسێرتی پیانۆی (شۆپان) و کەمانجەکەی (باخ) لە (چوار وەرز)ی (ڤیڤالدی) دا چاومان بڕییە (مانگەشەو)ی (بتهۆڤن) و باوەشی حەزمان بۆ(عایدە)ی ئۆپێرای(ڤیردی) کردەوە. وار.. چ خەونێکی فانتازیا بوو!.

**ناوەندی 2008 فنلاند**

## بەرهەمەکانی نووسەر

### کۆچیرۆکەکان:

1. لاکێشە رووناکەکان، پەرچڤەی فەرەنسی کراوە لە لایەن ئیسماعیل دەروێشەوە لەپاریس.
2. مردوو خەون نابینێ.
3. بارام ناوێك هەبوو.
4. پەڕەنگ.
5. پەیك، لە 1995 دا لەپاریس بڵاوکرایەوە.
6. سەرجەمی کۆچیرۆکەکان لەگەڵ چیرۆککگەلی پاش راپەڕین 1991 دا.

### رۆمانەکان:

1. هەڵکشان بەرەو لوتکە: لەلایەن د. ئەحمەدی مەلاوە پەرچڤەی فەرەنسی کراوە، هەروەهاش پەرچڤەی فارسی کراوە.
2. کاولاش.
3. سۆناتای رۆح. دووجار چاپ کراوە.
4. کۆچڕەو. . . کۆچڕەو.
5. ونگە. دووجار چاپکراوە.
6. ئەژدەر.
7. پەرتەوازەی ئێرەو ئەوێکانی ڕەوان.
8. ناوێ لەم تێکستە بنێ.

9. سلێکووك. . . هۆکلێر.

10. ئەفسانەی رەنگستان، یان رەنگستانی ئەفسانە؟

**تیۆرییەکان:**

1. بەرەو ئاستانەی رۆمانی نوێ و گۆشەنیگاکان.
2. با لە هونەر بگەین.
3. پەیڤستان.
4. دیداربینی وشانۆنامەکان.

# زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی 2010ی

## بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی وچاپ وبڵاوکردنەوە

## بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | بابەت | نرخ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| 439 | شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی-لیکۆڵینەوەیەکی شێوازگەریی پراکتیکییە | هێمن عمر خۆشناو | لێکۆڵینەوە | 3000 | 384 |
| 440 | پەروەردەی جەستەو لەش جوانی | باقی ئاهی | وەرزشی | 5000 | 124 |
| 441 | رۆشنبیریو زانست لە خزمەت کۆمەڵدا | مونا گلیانە مەنسور | کۆمەلایەتی | 2000 | 128 |
| 442 | سنة في الجحيم | جلال زنكابادي | مذكرات | 2000 | 216 |
| 443 | مدن العراقية عبر التأريخ | فؤاد قزانجي | تاريخي | 2000 | 120 |
| 444 | ترنيمة النهر الازلي | نويل جميل | شعر | 1000 | 64 |
| 445 | ئەفسانەی رەنگستان یان رەنگستانی ئەفسانە؟ | عەبدوڵڵا سەڕاج | رۆمان | 2000 | 160 |